# ئیسلام لەبەردەم دووڕیاندا

نووسینی:
لیوبو لدڤایس

ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:
عەبدول حسێن

2008 زایینی

1429 کۆچی

ناوی کتێب: ئیسلام لەبەردەم دووڕیاندا

نووسینی: لیوبو لدڤایس

وەرگێڕانی: عەبدول حسێن

ژمارەی سپاردن: (1298) ساڵی (2008)

شوێنی چاپ: خانەی چاپو بڵاوکردنەوەی چوارچرا

نۆرەی چاپ: یەکەم

ساڵی چاپ: 2008

نەخشەسازی بەرگ: فازل قەرەداغی

نەخشەسازی ناوەوە: ئیدریس سیوەیلی

لە بڵاوکراوەکانی: پرۆژەی (تیشك)، زنجیرە (33)

ناونیشانی پرۆژە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت : www.tishkbooks.com

ئیمەیلی پرۆژە: info@tishkbooks.com

tishkbooks@yahoo.com

مافی لەچاپدانی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ پرۆژەی تیشك

## پێشەکیی

بە دەگمەن سەردەمێکی ئاڵۆزلە ڕووی بیرۆکەوە وەکو ئەم سەردەمەی ئێستا بدۆزرێتەوە، ئێمە نەك هەر ڕوویەڕووی هەمەچەشنە گیروگرفت دەبینەوە کە پێویست دەکات چاسەرەی بکەین‌و لە پێش ئێمەدا پێویستیان پێی نەبووە، بەڵکو ئەم گیروگرفتانە لە زۆر لاوە سەر هەڵدەدەن‌و بە تەواوی جیاوازە لە هەموو ئەو شتانەی پێی ڕاهاتووین، هەتا ئەمڕۆ، کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە هەموو شوێنێکدا لە ژێر فشارێکی گۆڕانگاری بنەڕەتیدایە، ئەم گۆڕانکارییەش جیاوازیی هەیە لە نێوان وڵاتێك‌و وڵاتێکی تردا، بەڵام لە هەموو شوێنێکدا هێزێك بەدیئەکەین کە جڵەوی مرۆڤ بە تونیی رائەکێشێ‌و هیچ بوارێکیش بۆ وەستان یان دوودڵی بۆیان ناهێڵێتەوە، جیهانی ئیسلامیش لەمە دانەبڕاوە، هەروەها لێرەش ئێمە نەریتو بۆچوونی کۆن دەبینین بەرە بەرە نامێنێ، بەڵام جارێکی تر لە شێوەی نوێدا سەر هەڵدەداتەوە، ئەم پەرەسەندنە لە کوێدا کۆتایی دێت؟ وە لە چ سنورێکدا دەوەستێ و تا چەند بەڵامانەوە لەگەڵ پەیامی ڕۆشنبیریی ئیسلامدا دەگونجێ؟

ئەم کتێبە لاقی ئەوە لێنادا کە وەڵامێکی گونجاو بۆ ئەم هەموو پرسیارانە دەخاتە ڕوو، چونکە پانتاییە تەسکەکەی هەر بواری یەکێك لەو گرفتانە ئەدات کە ئەمڕۆ ڕوویەڕووی موسڵمانان دەبێتەوە تا لێی بکۆڵێتەوە، ئەوەش ئەو هەڵوێستەیە کە پێویستە موسڵمانەکان بەرامبەر شارستانییەتی ئەوروپا بیگرنە ئەستۆی خۆیان، بەڵام لەبەر ئەوەی باسەکە لقو پۆپی لێدەبێتەوە، واپێویست دەکات کە باسەکە هەندێ لایەنی بنەڕەتی کە لە ئیسلامدا هەیە، بگرێتە خۆی بە تایبەتی ئەوەی کە پەیوەندیی بە پەیرەوی کردارو فەرموودەکانی پێغەمبەرەوە ﷺ هەیە (سوننەت)، لێرەدا لە کورتەیەك بەولاوە ئەستەم بوو پێشکەشی بکەم بۆ دۆزێك کە چەندەها بەرگە کتێب هێشتا کەمە بۆی، هەرچی چۆنێك بێت لە پێناوی ئەوەدا هەست بە دڵنیایی بکەم کە ئەم پوختە کورتە، وا لە خەڵکی بکات پتر بیر لەم بابەتە گرنگە بکەنەوە، ئێستاش دەبێ باسی خۆم بکەم، چونکە مافی موسڵمانانە کاتێ کە کەسێك ڕێگەی ڕاست بدۆزێتەوە، بزانن چۆن ئەو کەسە موسڵمان بووە؟ بۆ بڕوای پێهێنا؟ لە ساڵی (1922)دا وڵاتەکەی خۆم "نەمسا"م بە جێهێشت بۆ ئەوەی گەڕانێك بە ئەفریقاو ئاسیادا بکەم، چونکە پەیامنێری چەند ڕۆژنامەیەکی ناوداری ئەوروپی بووم، لەو کاتەوە نزیکەی زۆربەی کاتم لە ڕۆژهەڵاتی وڵاتانی ئیسلامدا بەسەر ئەبرد، لەسەرەتاوە وەکو نامۆیەك لە ناو ئەو گەلانەی کە تیا ژیام گرنگیم پێ ئەدان، دەمبینی سیستمێکی کۆمەڵایەتیی‌و تێڕوانینیان بۆ ژیان، جیاوازییەکی بنەڕەتییان هەیە لەگەڵ ئەو شێوەیەی لە ئەوروپادایە.

هەر لە سەرەتاوە یەکەمجار ئارەزوویەك لە دەروونما دروستبوو، کە دەرکم کرد ژیان زۆر هێمنانە بەسەر دەبەن، دەتوانی بڵێیت پتر مرۆڤانەترە ئەگەر لەگەڵ ئەو ژیانە ئامێرئاساو بە پەلەیەی ئەوروپادا بەراورد بکرێ، ئەم ئارەزووەش ڕێنموونی کردم تا لە هۆکاری ئەم جیاوازییە وردبېمەوە، لەمەشەوە وام لێهات زۆر گرنگی بە ڕێنماییە ئاینییەکانی ئیسلام بدەم، بەڵام ئەم ئارەزووەم لەو ماوەیەدا کە باسم کرد بەس نەبوو کە رامبکێشێ بۆ کۆمەڵگەی ئیسلام، بەڵام ئەوەندە بەسبوو کە دیدێکی نوێم نیشان بدات دەبارەی ئەوەی کە دەتوانرێ ژیانی مرۆڤایەتی بە کەمترین ناکۆکی ناوخۆ ڕێکبخرێ لەگەڵ زۆرترین هەستی برایەتی ڕاستەقینە، ژیانی موسڵمانانە لەم ڕۆژگارەدا بە ڕاستی وا دەرئەکەوێ کە زۆر دوورە لەو بەها شیاوو پیرۆزانەی کە رینماییە ئاینییەکانی ئیسلام پێشکەشی مرۆڤی دەکات، هەموو ئەو ڕێنماییانە کە لە ئیسلامدا هانی پێشکەوتن‌و زیندەگی بوو، ئێستا لە ناو موسڵمانانی ئەمڕۆدا پشتگوێ خراوەو وشك وەستاوە، هەموو ئەو شتانەی پێشتر لە ئیسلامدا بەخشندەیی و خۆنەویستی دەبەخشێ، لە ئەمڕۆدا گۆڕاوە بۆ بەرچاوتەنگی‌و خۆشویستنی ژیانێکی بێبایەخ، لە ناو موسڵمانانادا. دەرکەوتنی ئەمە بۆم بووە مایەی هاندانم پتر لە ئیسلام نزیك ببمەوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرسوڕمانم بوو، ئەو دوورکەوتنە ئاشکرایە بوو لە نێوان رابووردوو ئێستای موسڵمانەکاندا هەیە.

لە پێناو ئەمەشدا هەوڵمدا لەم گرفتەی ئاشکرایە لەبەردەممدا، لە لایەنێکی توندو تۆڵترەوە لێی نزیك ببمەوە، لە ناخی خۆمدا وام دانا کە من یەکێکم لەوانەی لە ناو قەوارەی ئیسلامدان، بەڵام ئەوە هەر تاقیکردنەوەیەکی عەقڵی رووت بوو، لە ماوەیەکی کورتدا چارەسەری ڕێك‌و ڕاستی بۆ دەرخستم، ئەو ڕاستییەشم بۆ دەرکەوت کە تەنها هۆکارێك هەیە بۆ

هەڵوەشاندنی لایەنی کۆمەڵایەتی‌و رۆشنبیری لەناو موسڵمانەکاندا، ئەو هۆکارەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەڵگە راستەی کە موسڵمانەکان بەرە بەرە لە پابەندبوون بە ناوەرۆکی رێنماییەکانی ئیسلام دوور دەکەونەوە، خۆ ئیسلام هەر بوونی هەیە، بەڵام وەك لاشەیەکی بێگیانە، ئینجا ئەو توخمەی پێشتر هێزی بەجیهانی ئیسلام بەخشی بوو، هەر ئەو ئێستا بەرپرسە لە لاوازیی موسڵمانەکان.

لە سەرەتادا کۆمەڵگای ئیسلام لەسەر بنەمایەکی ئایینی دامەزرا، لاوازبوونی ئەو بنەمایە بناغەی رۆشنبیری بەرەو لاوازی پەلکێش کردو لەوانەشە کە هۆکارێك بێت بۆ پووچبوونەوەی بە تەواوەتی.

من تا پتر لە رێنماییەکانی ئیسلام لە لایەنە تایبەتمەندییەکەیەوەو مەزنی لایەنی جێبەجێکردنەیەوە تێدەگەیشتم، ئارەزووم پتر دەبوو بۆ پرسیارکردن لەوەی کەچی پاڵی بە موسڵمانەکانەوەنا، تا بەتەواوی واز لەکارپێکردنی لە ژیانیاندا بهێنن، ئەم گیروگرفتەم لەگەڵ زۆر بیرمەندی موسڵماندا لە گەلێ وڵاتدا باس کرد لە تەرابلوسی رۆژئاواوە هەتا گردۆلکەکانی بامیر لە هندستان، لە بۆ سفۆرەوە تا دەریای عەرەب ئەمەش بوو بە خەمێك لە دەرونما، لە دواییدا گرنگی دان بە هەموو رووەکانی رۆشنبیری جیهانی ئیسلامی داپۆشی.

دوای ئەوە ئارەزووم بۆ ناسینی ئیسلام زۆر زیادی کرد، هەتا گەیشتە ئەو رادەیەی کە من موسڵمان نیمو قسەم لەگەڵ موسڵمانەکان دەکردو بەزەییم دەهاتەوە پێیاندا کە ئایینی ئیسلامیان پشتگوێ خستووەو لێی دابراون، ئەم گۆڕانەش لە دەروونما دەرنەکەوت هەتا ئەو رۆژەی کە لە پایزی ساڵی (1925)ی زاینیدا بوو ئەوکاتە من لە چیاکانی ئەفغانستاندا بووم، کاربەدەستێکی لاوم بینی‌و پێی وتم: "بەڵام تۆ موسڵمانیت، بەس تۆ خۆت پێی نازانی"، ئەم وشانەی کاریتێکردم، بەڵام بە بێدەنگی مامەوە، بۆ جاری دووەم کە گەڕامەوە بۆ ئەوروپا لە ساڵی (1926)دا، بۆم دەرکەوت کە تەنها ئەنجامی لۆژیکی بۆ ئەم ئارەزوومە ئەوەیە بڕوابە ئایینی ئیسلام بهێنمو ببم بە موسڵمان.

لێرەدا ئەمەندە بەسە بۆ باسکردنی چۆنێتیی ئەو بارەی وای لێکردم ببم بە موسڵمان هەر لەوکاتەوە جار لەدوای جار ئەو پرسیارەم لێدەکرێ بۆ بووم بە موسڵمان؟ بە تایبەتی چی رایکێشای بۆ لای ئیسلام؟ لێرەدا دەبێ دان بەوەدا بنێم کە وەڵامێکی قایلکەرم پێ نەبوو، ئەوەی رایکێشام رێنماییەکی تایبەتی لە رێنماییەکانی ئیسلام نەبوو، بەڵکو هەموو ئەوبینا پێکەوەلکاوە سەرسوڕهێنەرە بوو، کە بەو رێنماییە رەوشتدارانە لێك نەئەدرایەوە، ئەمە جگە لە پرۆگرامە کردارەکانی ژیان، ئەمڕۆ ناتوانم بڵێم چ رووییەکم پتر بەلاوە چاکتربوو لەوی تر، چونکە ئیسلام وەکو بۆم دەرکەوت بینایەکی تەواو دروستکراو بوو، هەر پارچەیەکی وا داڕێژرابوو کە تەواوکەری یەکتر بێ‌و هەریەکەیان ئەوی تری بەلای خۆیدا رادەکێشێ، لەبەر ئەوە هیچ شتێکی تیا نییە کە پێویست نەبێ‌و هیچ کەموکوڕییەکیشی تیا نییە، بەمەش هاوپێکییەکی ریزداری هاوسەنگی لێ دەرچووە، هەستکردنیشم بەوەی، کە هەموو ئەو رێنماییانەو واجباتانەی لە ئیسلامدا هەیە لە شوێنی خۆیدایەتی، ئەمەش کاریگەرییەکی بەهێزی لە دەروونمدا دروست کرد، لەوانەشە لەگەڵ ئەمەشدا کاریگەری تریش هەبێ کە ئێستا گران بێت لە لام، شیکاری بکەم، ئیسلام دزەی کردە ناو دەروونمەوە بەڵام بۆ ئەوەی تا هەتاهەتایە تیا بمێنێتەوە.

هەر لەوکاتەوە هەوڵمدا ئەوەی لە تواناما هەبێ بەکار بهێنم بۆ فێربوونی ناوەڕۆکی ئیسلام قورئانی پیرۆزو فەرموودەکانی پێغەمبەرم ﷺ خوێند، هەروەها زمانی ئیسلام کە عەرەبییەو مێژووی ئیسلامم خوێند لەگەڵ زۆر لەوەی کە دەربارەی نووسراوە یان دژی نووسراوە.

پتر لە پێنج ساڵ لە حیجازو نەجددا مامەوەو زۆر لەو ماوەیەش لە شاری (مەدینە)دا مامەوە، بۆ ئەوەی دڵم دڵنیابێ بە هۆی ئەو ژینگە رەسەنەی ئەو ئایینەی کە پێغەمبەری عەرەبی ﷺ بانگەوازی پەیامەکەی تیا بڵاوکردەوە، لەبەر ئەوەی (حیجاز) شوێنی بەیەکگەیشتنی موسڵمانانی هەموو وڵاتانە، توانیم بەراوردی دیدیان لە ڕووی ئایینی‌و کۆمەڵایەتیی زۆربەیان کە لەم رۆژەدا باوی لە جیهانی ئیسلامیدا هەیە، بکەم. ئەو تێڕوانینو بەراوردکردنە بڕوایەکی پتەوی تیا دروست

کردم که ئیسلام له رووی رۆحیو کۆمەڵایەتییەوە لەگەڵ هەموو ئەو کۆسپانەی کە دواکەوتوویی موسڵمانەکان بەجێی هێشتووە، هەتا ئێستا مەزنترین هێزی پاڵنەرە بۆ خۆڕاگرتنو هەوڵدان کە مرۆڤ ناسیبێتی.

ئەم کتێبەش هەنگاوێکی خاکییە بەرەو ئەو ئامانجە مەزنەو بانگەوازی پێڕاناگەیەنرێ؛ بەڵکو وەکو من دەیبینم خستنە رووی باری ئیسلامە لە بەرەنگاریەتی شارستانیەتی رۆژئاوادا، ئەم کتێبە بۆ ئەوانە نەنووسراوە کە هەر لایەنگری ئیسلامن، بەڵکو بۆ ئەوانە نووسراوە کە تا ئێستا پریشکی ئەو گڕەی کە لە دڵی هاوڕێکای پێغەمبەردا ﷺ هەڵگیرسابوون لە دڵنیاندا زیندووە، ئەو گڕەی لە ڕابردوودا مەزنی بەخشی بە ئیسلام بە هۆی ئەو رژێمە کۆمەڵایەتییەو ڕۆشنبیرییە پایە بڵندەیەوە.

## ڕێبازی ئیسلام

جوانترین وتەیەکی تایبەتمەند بەم سەردەمەی ئێستادا "زاڵبوونە بەسەر نێوان دوورێکاندا"، هۆکاری گواستنەوە بە شێوەیەکی وا پێشکەوت پتر لەوەی نەوەکانی پێشوو خەونیان پێوە دەبینی، بزووتنەوەی گواستنەوەی بازرگانی، بەرفراوانیو خێراییەکی وای وروژاند، کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا نەزانرابوو.

لە ئەنجامی ئەم پێشکەوتنەدا، گەلان لە ژیانی ئابوورییاندا متمانەیان دەخستە سەریەك، هیچ گەلێکو کۆمەڵێك ئەمڕۆ ناتوانی بە کەنارگیری لە جیهاندا بژی. بزووتنەوە ئابورییەکان هەر لەناو خۆیدا نەمانەوە، بەڵکو سیفەتێکی جیهانیی وەرگرتو ئاراستەیەکی وای وەرگرت، کە سنووری سیاسیو پانتایی جوگراف پشتگوێ خست.

ئەمەش لەگەڵ خۆیدا نەك هەر کەلوپەلی گواستەوە، بەڵکو دیدو بواری رۆشنبیریشی گواستەوە، بەڵام لە کاتێکدا ئەم دوو هێزە، ئابووریو رۆشنبیری لە پاڵ یەکدا دەڕۆیشتن، جیاوازی لە کردارە بنەڕەتییەکەیاندا دەبینران بە گوێرەی زانستی ئابووری واپێویست دەکات، ئاڵوگۆڕی شتومەك لە نێوان گەلاندا دەبێ بەرامبەرو وەکویەك بێت، ئەمەش ئەوە دەگەێنێ کە نابێ میللەتێك هەموو دەم هەر کڕیار بێتو ئەوەی تریان هەر فرۆشیار بێت، ئەبێ هەردوولایان هەردوو جۆرەکە یەك بەدوای یەکدا ئاڵوگۆڕ بکەن.

سروشتی مرۆڤ وایە ئەو گەلو شارستانییەتەی لە ڕووی سیاسیو ئابوورییەوە بە تواناترن لەو گەلانەی لەوان لاوازترن، کاریگەرییان لەسەریان دەبیٚو شوێن دەستیان لە لایەنی ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتییەوە تیا بەجێدەهێڵن، بەبێ ئەوەی خۆیان کاریگەری ئەوان کاریان تێبکات، رۆژگاری ئەمڕۆش باری پەیوەندیی لە نێوان رۆژئاواو جیهانی ئیسلامیدا بەو چەشنەیە، بەڵام لە گۆشەنیگای مێژوونووسە رەخنەگرەکانەوە، پێشکەوتوویی ئەوروپا خۆی دەسەپێنێ بەسەر جیهانی ئیسلامدا، ئەمەش بە هیچ شێوەیەك شوێنی سەرسوڕمان نییەو هاوشێوەی هەیەو لە ئەنجامی پەرەسەندنێکی مێژووییەوەیە.

ئێمە خۆمان وا داناوە کە شوێنکەوتی (موحەممەد)ی پێغەمبەرین ﷺ، بڕواشمان وایە کە ئیسلام جیا لە هەموو ئاینەکانی تر ئاڕاستگەی عەقڵی ئاڕاستگەی رۆحی نییە کە بتوانرێ لەگەڵ باری رۆشنبیری جیاجیادا نزیکی بکەیتەوە، بەڵکو خولگەیەکی رۆشنبیری سەربەخۆیەو رژێمێکی کۆمەڵایەتییە کە سنووری ئاشکرایە ئەگەر شارستانییەتێکی بیانی تیشکەکەی درێژ بێتەوە بۆ لای ئێمەو ببێتە هۆی گۆڕانکاریی لە ئامێری رۆشنبیریماندا، وەکو ئێستاوایە، پێویستە ئاگاداربین کە ئەو کاریگەرییە بیانییە بەرێرەوی دەسەڵاتی رۆشنبیریماندا دەڕوا یان دژیەتی، کاریگەرییەکەی لە لاشەی رۆشنبیریی ئیسلامدا وەکو دە رمانێك وایە کە تین بدات بە تواناکان یان وەکو ژەهرێك وایە.

وەڵامی ئەو پرسیارەش تەنها لە ڕێی توێژینەوە دەبێت، ئەبێ ئێمە هێزی بزوێنەر لە هەردوو شارستانییەکەدا بدۆزینەوە، لە شارستانی ئیسلامو لە شارستانی رۆژئاوای نوێدا.

ئینجا هەڵسین بە پشکنین بۆ ئەوەی ئەو سنوورە بزانین کە پێویستە هاوکاریی لە نێوانیاندا هەبێ، لەبەر ئەوەی رۆشنبیریی ئیسلام لە بنەڕەتدا رۆشنبیرییەکی ئاینییە، پێویستە ئەو رۆڵەمان بۆ دەرکەوێ کە ئایین لە ژیانی مرۆڤایەتیدا پێی هەڵدەستێ.

ئەوەی کە ناومان ناوە ئاڕاستگەی ئایینی لە مرۆڤدا، ئەوە بەرهەمی سروشتی باری عەقڵیو چالاکییە، مرۆڤ ناتوانێ نهێنییەکانی ژیانو لە دایکبوونو مردنو بێپەری (اللانهائي)وهەتا هەتایی بۆ خۆی بدۆزێتەوە، بیرکردنەوەکەی لەولنە خۆی دەکێشێ بە دیوارێکدا کە نابڕێت، بەڵام مرۆڤ هەرچی چۆنێك بێت دەتوانێت دووشت بکات:

یەکەم: خۆی دوور بخاتەوە لە هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی ژیان بە هەموو لایەنەکانیەوە.

لەم حاڵەدا مرۆڤ تەنها متمانە دەخاتە سەر بەڵگە تاقیکراوە دیارەکان، هەموو دەرەنجامەکانیش لەو چوارچێوەدا کۆدەکاتەوە، بەمشێوەیە دەتوانێ لە پرۆڵەی پەرشوبلاو دەربارەی ژیان تێبگات، چونك پەیبردن بە تەواوی لێی دەکەوێتە پشت توانای عەقڵی مرۆڤەوە، ئەمەش هەر ئەو رێگایەیە کە زانستە سروشتییەکان پیادە رۆن.

دووەم: دەشێ لە پاڵ توانای زانستدا هەبێ، ئەویش بە هۆی رێبازی ئایینەوەیە کە رێنموونی مرۆڤ دەکات لە رێی تاقیکردنەوەی ویژدانەوە یا پەیبردن بۆ قایلبوون بە لێکدانەوەیەکی هەمە لایەنە بۆ ژیان کە دامەزرابێ لەسەر ئەوەی هێزێکی داهێنەری پیرۆز کاروباری ئەم جیهانە دەبا بەڕێوە، وەکو خۆی پێشتر بریاری بۆ داوە، بەڵام ناسینی دەکەوێتە پشت توانای تێگەیشتنی مرۆڤ، وەکو پێشتر وتمان ئەم دیدە گەڕان بەدوای حەقیقەتەکانی ژیانو لقوپۆپەکانی قەدەغە ناکات، ئەولنەی بە ئاشکرا دەبینرێن چونکە هیچ دوژمنایەتییەکی بنەڕەتی لە نێوان دیدی ئاشکرا (زانستی)و دیدی ویژدانی (ئایینی)دا نییە، بەڵام لە راستیدا دووهەمیان تەنها ئەگەری گۆشەنیگای عەقڵە بوده رککردنی ژیان بە گشتیی، مرۆڤی دیندار دەزانێ تووشی هەرچییەك دەبێ یا گۆڕانێك لە دەروونیان دا رووئەدا ناکرێ کوێرانە بێ و هەستدارو حیکمەتی تیا نەبێ، ئەو بڕوای هەیە کە تەنها لە ئەنجامی ویستی خودای مەزنەوەیە، بەم شێوەیە توانا دراوە بە مرۆڤ کە ئەو ناکۆکییەی لە نێوان (خود)ی وەك مرۆڤو جیهانی واقیعی کە پێی دەوترێ سروشت، حەل بکا.

مرۆڤ بە هەموو ئەو پێکهاتە ئاڵۆزانەیەوە و بە هەموو ئەو ئارەزوو ترسو هەستو گومان کردنی لە بیرکردنەوەیدا، خۆی بەرامبەر جیهانی سروشتی دەبینێ کە بەزەییو دڵڕەقیو ترسناکیو ئاسایشی تیا تێکەڵ بووە بە شێوازێکی سەیری وا کە لێکدانەوەی بۆ ئێمە گرانە.

وەك ئەوەی لە رووکەشا لەسەر بنەڕەتێکی نارێکی بیرکردنەوەی مرۆڤو شێوازەکانی کار بکات، هەرگیز نەبواری فەلسەفەی عەقڵی رووتو نە زانستە تاقیکراوەکان نەبووە کە ئەم ئاڵۆزییە حەل بکات، لێرەدا ئایین دێتە ناوە وە بۆ حەلکردنی، ئێمە دەبینین خودی مرۆڤی هۆشمەندو سروشتی لاڵ هەرچەند جیاوازن لە یەك بەڵام دوو دیمەنی تەواون بۆ ویستی داهێنەری تاكو تەنها، مرۆڤ بەشێکی سنووردارە لە سستمێکی بێ سنوور لەم جیهانەدا، گرنگی دەرك کردن لە رووی دەروونییەوە، هەست کردنێکی قووڵە بە دڵنیایی و هاوڕێکیەکیشە لە نێوان تکاو ترسدا، ئەمە ئەو هاسەنگییەیە کە ئایینی حەقیقی لە بێبڕوایی جیا دەکاتەوە.

ئەمەش لە گشت ئایینە گەورەکاندا لایەنێکی بنەڕەتییە با جیاوازیش لە ناوەکانیاندا هەبێت، هەروەها پشت بەستنی مرۆڤیش بە ویستی خودای مەزنەوە، هەموو ئایینەکان هانمان ئەدا بۆی، بەڵام ئیسلام تەنها هەر ئیسلام پێش ئەم لێکدانەوە رووکەشەو ئامۆژگارییانە دەکەویێ جێیان دەهێڵێو هەر رێنموونی مرۆڤ بۆ ئەو ناکات کە هەر ژیان لە بنەڕەتدایە، چونکە لە تاکو تەنیایی خوداوە هەڵدەقوڵێ، بەڵکو هەروەها رێنموونیمان دەکات بۆ رێگایەك کە هەموو کەسێك دەتوانێ بە کردارو لە چوارچێوەی ژیانی دنیادا بگا بە یەکبوونی بیروکرداری لە وجودیو لە هۆشمەندیشیدا، بۆ گەیشتنیش بەم ئامانجە پیرۆزە لە ژیاندا مرۆڤ لە ئیسلامدا بەسەریا نە سەپێنراوە، دنیای نەویێ پێویستیشی بە زوهد نییە تا دەرگایەکی نهێنیی بۆ پاککردنەوەی رۆحی پێ بکاتەوە، ئەوە کارێکی زۆر نامۆیە لە ئیسلامدا، ئیسلام بیروباوەری سۆفیێتی نییەو فەلسەفەش نییە.

بەڵکو رێبازێکە بۆ ژیان بە گوێرەی ئەو یاسا سروشتیانەی کە (خودا)ی مەزن بۆ مرۆڤی داڕشتووە، ئەوکارە پیرۆزەشی بۆ تەواو گونجاندنی هەردوو رووی رۆحیو مادییە لە ژیانی مرۆڤایەتیداو تۆش هەردوو رووەکە لە رێنموونەکانی ئیسلامدا

دەبینی، هەردووکیان ڕێگەش نادەن کە نارێکیی بنەڕەتی لە نێوان ژیانی لاشەی مرۆڤو ژیانی ئەدەبیدا هەبیٚو ئیسلام سووره لەسەریووای داناوه کە بناغەیەکی سروشتییە بۆ ژیان، وای بۆدەچم کە ئەوە هۆکارە بۆ شێوەی نوێژی ئیسلام کە ملکەچی تێکەڵ بە هەندێ جوڵانەوەی لاشە دەبێت.

هەندێ لەو ڕەخنەگرانەی کە دوژمنایەتی کردنی ئیسلام بە ئاشکرا دەکەن، ئەم جۆرە نوێژە دەکەن بە بەڵگە بۆ ئەو پاگەندەییەی دەیکەن کە ئیسلام ئاییني خۆنواندنو رووکەشیە، لە ڕاستیدا خەڵکی ئایینەکانی تر ئەوانەی وا ڕاهاتوون کە بە تەواوی لایەنی رۆحیو لاشە جیا بکەنەوە، هەروەکو چۆن شیر فرۆش شیرەکەی دەژەنێ بۆ ئەوەی چەورییەکەی لێدەر بهێنێ، ئەوانە بە ئاسانی تێناگەن کە لە شیری رووتی ئیسلامدا بە ئاشکرا ئەم دوو توخمە یەکیان گرتووە لەگەڵ ئەوەشدا کە جیاوازن لەیەك، بەیەکەوەو بە ڕێکی دەژینو بە چاکترین شێوە خۆیان دەرئەخەن.

هەر لەم ڕووەوە نموونەیەکی تر هەیە، ئەویش پێویستکردنی سوڕانەوەیە بە دەوری کەعبە لە مەککەدا، لەبەر ئەوەی سوڕاندنەوە واجبە لەسەر هەموو حاجییەك کە دەچێ بۆ ئەم وڵاتە پیرۆزە بۆ حەج کردن، ئەویش دەبێ حەوت جار بە دەوری کەعەبدا بسوڕێتەوە.

لەبەر ئەوەی ئەم واجبە یەکێکە لە سێ گرنگترین بنەماکانی حەجی ئیسلام، مافی خۆمانە بپرسینو بڵێین: ئەمە مانای چییە؟ ئایا پێویستە ئێمە خواپەرستیمان بەم شێوەیە دەربڕین؟ وەڵامەکەی بە ئاشکرا دیارە، ئێمە کە بەدوری شتێکدا سوڕاینەوە، ئەوا ئێمە بڕیاری ئەدەین کە ئەو شتە خاڵی چەقی کارەکەمانە، کەعبە کە موسڵمانان رووی تێدەکەن لە نوێژدا، هێمایە بۆ تاکو تەنهایی خودا، بەم شێوەیە دەبینین کە سووڕاندنەوە ( طواف) هەر مانای ئەوەیە نییە کە ملکەچییە لە ناخماندا، بەڵکو لە کردارو هەوڵدان لە ژیانیشماندا، هەموو ئەمانە دەبێ دەربڕین بێت بۆ خواناسیو تاکوتەنهاییەکەی، هەروەکو قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: (وماخلقت الجن والانس الا ليعبدونِ ). واتە: بێگومان من پەریو ئادەمیزادم دروست نەکردووە تەنها بۆ ئەوە نەبێت کە من بپەرستنو فەرمانبەردارم بن[1].

هەستی خواپەرستی لە ئیسلامدا جیاوازە لەوەی کە هەیە لە ئایینەکانی تردا، خواپەرستی لە ئیسلامدا هەر ملکەچی بە تەنها نییە، بۆ نموونە وەکو نوێژەکانو ڕۆژوو، بەڵکو هەموو هەڵسوکەوتەکان لە ژیاندا دەگرێتەوە، ئەگەر ئامانجی گشتیی لە ژیانماندا خواپەرستی بێت، ئەمە پێویستی دەکات بەسەرمانا کە سەیری هەموو کردارەکانمان لە ژیانماندا بکەین، چەند ئەو کارە گرنگیش نەبێ کە عیبادەتەو بە هۆشمەندییەوە بیکەین وای دانێین کە بەشێکە لەو بەرنامە جیهانییەی (خودا) دایناوە.

ئیسلام فێرمان دەکات کە خواپەرستی بەردەوام، مانایە بۆ ژیان خۆشیو دەبێ ژیانامان بەش نەکەین بە دوو بەشەوە، ژیانی رۆحیو ژیانی ماددی، بەڵکو دەبێ ئەو دووچەشنە لە هۆشو لە کردارەکانماندا بەیەکەوە بلکێ، دەبێ بڕوابوونمان بە تاکو تەنهایی (خودا) لە هەموو لایەنەکانی ژیانماندا بدرەوشێتەوە.

جیاوازییەکی تر هەیە لە نێوان ئیسلامو ئایینەکانی تردا، ئەویش جگە لە ڕۆشنکردنەوەی پەیوەندی مرۆڤ بە دروستکارییەوە، پەیوەندیشی بە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەشیەوە بۆ روون دەکاتەوە بە شێوەیەك، کە سەیری ژیانی دنیا ناکات، وەکو سێبەری خەیاڵێكو بۆ ڕۆژی دوایی کە بێگومان هەر دێتو خواپەرستی لە ئیسلامدا بە مانا گشتییەکەی مانای ژیانی مرۆڤایەتی دەگەیێنێ، دەرککردن بەمە مرۆڤ فێر دەکات، کە دەتوانی لە ژیانی دنیادا بگا بە بڵنترین پایەی پیرۆز بێ ئەوەی ئارەزووە ڕێپێدەرەکانی لەشی بمرێنێ، مەبەستیشمان پایەیەکی ڕەها (مطلق) نییە، چونکە هەرچی ڕەهابێ دەگەڕێتەوە بۆ سیفەتی خوای مەزن، بەڵکو مرۆڤ دەتوانێ بە چاکسازیی لە ڕەوشتدا بگاتە ئەو پایە بڵندە، هەروەها لە ڕێگەی بە ئاگاهاتنەوەی ئەو هێزە خۆرسکە شاراوانەیکە تیایەتیو ڕێنموونی دەکات بۆ کاری چاك.

ئەو سیفەتە خۆرسکانەش لە مرۆڤێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێو وەك یەك نییە، چونکە ئەستەمە هەموو مرۆڤ بتوانن بگەنە یەك جۆر لە پایە بڵندی (کمال)، هەروەکو چۆن ئەستەمە سەیری ئەسپێك کە هەر بۆ سواریی بەکار بێتو ئەسپێکیش

---

[1] تەفسیری ئاسان ـ چاپی سێیەم.

هەر بۆ بارگواستنەوە بەکار بێت، هەردووکیان سیفەتەکانیان وەك یەك بێت، ئەشێ هەردووکیان لە ڕووی ڕەگەزییەوە تەواو شیاو بێت، بەڵام هەر بە جیاوازیی دەمێننەوە، هەمان شێوەشە بۆ هەڵسەنگاندنی مرۆڤ، خۆ ئەگەر پێوەرێکی دیاریکراو بۆ پایەی تەواو (کەماڵ) دابنرایە، دەبوو خەڵکی دەستی لە جیاوازییە تایبەتییەکانیان هەڵبگرتایە، یان بیانگۆڕیایە بە هیتر یا بیانمراندایە.

بەڵام ئەمە لەوانەبوو ببێ بە دەستتێوەردان لە یاساکانی (خودا) کە لەسەر بوونی جیاوازیی لە نێوان تاکەکانی مرۆڤدا، دامەزراوەو دەستی گرتووە بەسەر ژیاندا لەم جیهانەدا.

لە پێناوی ئەمەدا دەبینین ئیسلام ئاینێك نییە دەروون کپ بکات، بەڵکو بوارێکی فراوانی بۆ ژیانی تایبەتو کۆمەڵایەتی مرۆڤ داناوە تا ئەو سیفاتە هەمەجۆرە سۆزو ئارەزوی دەروونییە بتوانێ ڕێگای خۆی بدۆزێتەوە بۆ پەرەسەندی چاك بەمشێوەیە دەشێ مرۆڤ دنیا نەویستبێ یا تا ئەوپەڕی سنوور چێژ لە شتە خۆشەکانی دنیا وەرگرێ لە ناو چوارچێوەی ڕێنماییەکانی ئایینداا.

ئەمەش دەشێ کەسێکی دەشتەکی بێ و بە بیاباندا بگەڕێو هیچ خۆراکێك بۆ سبەینێ پاشەکەوت نەکات یا بازرگانێکی دەوڵەمەند بێتو چواردەوری بە کەلوپەل تەنرابێ، مادام مرۆڤ بە پاکیی و دڵسۆزیی ملکەچی فەرمانەکانی (خودا) بێت، ئیتر دوای ئەوە سەربەستە چۆن ژیانی تایبەتی خۆی دەگونجێنێ بەو شێوەیە سروشتی خۆی دەیبا بەرێوە، پێویستە لەسەریشی کە چاکترین لەو شتانەی لە دەروونیدایە دەریبهێنێ، بۆ ئەوەی ئەو ژیانەی کە (خودا) پێیبەخشیوە بە پیرۆزی بەسەری بەرێو یارمەتی برا مرۆڤەکانی بدات لە ڕووی ماددیو کۆمەڵایەتییو پاککردنەوەی دەروونەوە بنەمای سەربەستی ئالۆویل لە ئیسلامدا وا دانراوە کە خێرو چاکە خۆرسکە لە سروشتی مرۆڤدا، ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە کە گاورەکان دەیلێن کە مرۆڤ لە دروستبوونیەوە خراپەکاری تیایە، هەروەها بە پێچەوانەی ڕێنماییەکانی (هندۆکیە)کانە کە دەڵێن مرۆڤ هەر لە سەرەتای بوونییەوە پۆخڵ بووە، لەبەر ئەوە دەبێ بەزنجیرەیەك لە خۆپاککردنەوەدا بڕوات تا دەگاتە پایەیەکی بڵند لە پاکیی، بەڵام دەبینین ئیسلام بڕیاری لەسەر دروستبوونی مرۆڤ بە پاکی داوە لە جوانترینو چاکترین شێوەدا لە هەموو ڕوویەکەوە وەکو لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ( لقدخلقنا الانسان فی احسن تقویم) (التین: 4)، هەر دولبەدوایدا دەفەرموێت: (ثم رددناه أسفل سافلین *الا الذین امنوا و عملوا الصالحات فلهم أجر غیر ممنون )(التین: 5 ـ 6). واتە: ئەگەر ڕێبازی خواناسی نەگرێت، سەرەنجام دەیخەینە نزمترین شوێنە نزمەکانەوە (لە دۆزەخدا)[1].

ئەم ئایەتە پیرۆزە جگە لەوەی ڕوونی دەکاتەوە کە مرۆڤ لەگەڵ دروستبوونیدا سیفەتی چاکەخوازییو دەروونپاکی تیایە، ئەوەشی تێدایە ڕوونکراوەتەوە کە خراپەکارییو وازهێنان لە کرداری چاکەکردن ئەم کەماڵە بنەڕەتییە دەڕوخێنێ، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ پارێزگاری لەو پایە بڵندە پیرۆزە بکات یان ئەگەر لە کیسی دا، بیگێڕێتەوە کاتێ بە هۆشمەندی تەواوی خۆی دەرکی بە تاکوتەنهایی (خودا) کردو پابەندبوو بە یاساکانی خوداوە، بە گوێرەی ئەم بنەمایە، خراپەکاری وەکو ئیسلام دایناوە هەرگیز بنەڕەتیو خۆرسك نییە، بەڵکو مرۆڤ لە ماوەی ژیانیدا بەدەستی دەهێنێ.

لەناو هەموو ئایینەکاندا، دەبینین هەر تەنها ئیسلام ڕێ بە مرۆڤ ئەدا کە چێژ لە ژیانی دنیا تا ئەوپەڕی بۆی دانراوە وەربگرێ بەبێ ئەوەی لایەنی ڕوحی لە دەست بدات ئەمەش زۆر جیاوازە لەگەڵ گۆشەنیگای گاورەکان مرۆڤ بە گوێرەی بڕواو بۆچوونی مەسیحییەت، بەو هەڵەیەوە ئەتلێتەوە کە ئادەمو حەوا کردیان ژیان بەلای ئەوانەوە دۆڵێکی تاریکی خەمو خەفەتەو ئەو گۆڕەپانەیە کە دوو هێز زۆرانبازی تێدا دەکەن، خراپەکاری کە شەیتان سەرکردەیەتی، چاکەو خێریش (مەسیح) نوێنەرێتی، شەیتان هەوڵ ئەدات بە هۆی کرداری لاشەوە، ڕێگە لە دەروونی مرۆڤ بگرێت کە دەیەوێ بەرەو نووری ئەزەلی بچێ، دەروون موڵکی مەسیحە، بەڵام لاشە یاریگایەکە بۆ کارتێکردنی شەیتان، دەشکرێ ئەمە بە شێوەیەکی تر دەربڕێ: جیهانی ماددە بناغەکەی شەیتانییە، بەڵام جیهانی ڕۆح خێرخوازەو لە (خودا)وەیە، مەسیحییەکان بڕوایان وایە

[1] تەفسیری ئاسان ـ چاپی سێیەم.

کە تاوانەکانی مرۆڤ بە خۆقوربانی مەسیح لادەبرێ، واتە: بە خۆبەخشینی مەسیح، بەڵام لە ئیسلامدا هیچ شتێك دەربارەی تاوانی بنەڕەتی کە بە ڕەچەڵەك هاتبێ نییە، لەبەر ئەوە لێخۆشبوونی گشتیی بۆ هەموو مرڤایەتی نییە، بەڵکو هەموو موسڵمانێك بە هەوڵ و کۆششی بۆ خۆپاراستن لە تاوان لە ئەنجامدا بەر لێخۆشبوونی (خوا) دەکەوێت بە پێچەوانەوە کرداری خراپ تووشی سزای دەکات لە دواڕۆژدا، قورئانی پیرۆز دەربارەی دەروونی مرۆڤ فەرموویەتی: (لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَبَتْ). واتە: هەر کارێکی چاك ئەنجام بدات قازانجی تەنها بۆ خۆیەتیو هەر خراپەیەکی کردبێت تەنها لەسەر خۆیەتی[1].

لە شوێنێکی تردا دەفەرموێت: (وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَانِ إِلَّا مَا سَعَى) (النجم: 39). واتە: بە ڕاستی ئادەمیزاد خاوەنی هیچ شتێك نییە تەنها ئەوە نەبێت کە خۆی کردوویەتی[2].

ئیسلام فێرمان دەکات کە زیادەڕەوی لە گرنگیدان بە دنیاوە نەکەین، وەکو ئەوەی شارستانییەتی ڕۆژئاوای ئەم سەردەمە جێبەجێ دەکات، ڕۆژئاوای نوێ بەدەر لە مەسیحییەتی، ژیان دەپەرستێ، بەڵام ئیسلام هێمنانە سەیری دنیا دەکاتو ڕێزی لێدەگرێتو ژیان ناپەرستێ، بەڵکو وەکو ڕێبوارێك بە دنیادا تێدەپەڕێ بەرەو بوونێکی پیرۆزو دەبێ بە چاوێکی بێنرخ سەیری دنیا نەکات، بە جێهێشتنی ئەم دنیایە هەموو کەسێك دەگرێتەوەو یاسایەکی (خودا)یەو ژیانی مرۆڤ لە دنیادا زۆر بەنرخەو پێچەوانەی ڕۆژئاوای نوێیە کە بەشێکیان ئەم دنیایە بەتەنها مەملەکەتی خۆی دەزانیو بەشەکەی تریش کە بۆچوونی مەسیحییەکانەو دەڵێن: مەملەکەتی من لە جیهاندا نییە، بەڵام ئیسلام ڕێیەکی ناوەندی هەڵبژاردووە، لەبەر ئەوە قورئانی پیرۆز فێرمان دەکات کە نزا بکەینو بڵێین: (رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الآخِرَةِ حَسَنَةً) (البقره: 201). واتە: پەروەردگار لە دنیادا خێرو چاکەو نازو نیعمەتمان پێ ببەخشەو لە قیامەتیشدا لە نازو نیعمەتەکانی بەهەشت بەهرەمەندمان بکە[3].

بەم شێوەیە دەبینین ڕێزگرتنی ئەم جیهانەو ئەو خۆشییەی تیایدایە ڕێگە ناگرێ لە هەوڵدان بۆ ڕۆژی دوایی، پێشکەوتنی ماددی شتێکی چاکە، بەڵام خۆی لە خۆیدا ئامانج نییە، دەبێ ئامانج لە هەموو چالاکییەکانماندا بۆ بەرزڕاگرتنی ڕەوشتە چاکەکان بێ لە مرۆڤدا، لەسەر بنەمای ئەم بیروبۆچوونە دەبینین ئیسلام سەرەکردەی مرۆڤ لە هەموو کارێکدا دەکات، بەرزو بەنرخ بێ یا زۆر گرنگیش نەبێ، تەنها ڕێگا بەیەك ئارەزوومەندیش ئەدا ئەویش جیاوازی کردنە لە نێوان کاری ڕەواو ناڕەواداو لە نێوانیاندا پلەی تیا نییەو لەسەر هەموو موسڵمانێك پێویستە کە هەوڵبدات هەق بەرقەرار بێتو ناڕەوایی نەمێنێ، لە هەموو شوێنێكو زەمانێکدا ئەمەش بە ڕاستیی لەم ئایەتەی قورئانی پیرۆزدا دەردەکەوێ: (كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ) (آل عمران: 110). واتە: بە ڕاستی ئێوە چاکترین ئوممەتێکن کە (بۆ سوودی) خەڵکی هێنراونەتە مەیدانەوە، چونکە فەرمان بە چاکە دەدەنو قەدەغە لە خراپە دەکەن[4].

ئەمەش پاساوی جەنگی بڵاوکردنەوەی ئیسلام دەگەیەنێ، کە دوژمنانی ئیسلام پێی دەڵێن فراوانکردنی خاکی ئیسلام بە هێزو بەزۆرداریی، بەڵام ئەمجۆرە فراوانکردنە داگیرکردن بۆ دەست بەسەراگرتن نییەو هیچ جۆرە خۆپەرستییەکی ئابووری یا نەتەوەیی تیا نییە تا بیێ بە خۆشگوزەرانی لەسەر حسابی نەتەوەیەکی تر وە یا بە زۆر ناچارکردنی ئەولەی بڕوایان بە ئیسلام نییە، تا ببن بە موسڵمان، بەڵکو هەمیشە مەبەست ئەوەبووە کە ئەمڕۆ مەبەستە لە بنیاتنانی چوارچێوەیەکی جیهانی بۆ چاکترین ئەوەی لە توانادایە بکرێ بۆ پەرەسەندنی لایەنی ڕۆحی مرۆڤ بە گوێرەی ڕێنماییەکانی ئیسلام شارەزابوون لە ڕەوشتە چاکەکاندا وا لە مرۆڤ دەکات کە لە خۆیەوە دوای کاری چاك بکەوێ، لە ئیشوکاریدا بەڵام

---

[1] تەفسیری ئاسان چاپی سێیەم.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[4] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

جیاکردنەوەی (ئیفلاتون) نێوان خێرو خراپە بەبێ ئەوەی هانی زیاترکردنی خێرو لەناویردنی خراپە بدا، ئەوە خۆی لە خۆیدا خراپەیەکی گەورەیە، رەوشت لە ئیسلامدا، ئەژیو ئەمرێ لەگەڵ هەوڵدانی مرۆڤایەتی بۆ سەرکەوتن لەسەر زەوی.

## کرۆکی رۆژئاوا

ئێمە بە ئاسانی تێدەگەین کە شارستانییەتی ئیسلام تەواوترین شێوەی دەوڵەتی (خوا)یە کە مێژوو بە خۆیەوە دیوێتی، گرنگیدان بە ئاین یان تێروانین بۆ ئاین لە بنەمای هەموو شتێکدا دەردەکەوێ، ئەگەر ئێمە بەراوردێك لە نێوان ئەم ئاڕاستگەیەو ئاراستەگەی شارستانییەتی رۆژئاوادا بکەین، سەرمان لەو جیاوازییە گەورەیە سوڕدەمێنێ کە لە سەرپەرشتی ئیشوکارەکاندا هەیە.

سوودوەرگرتن لە ئیشوکارو فراوانکردنی بە شێوەیەکی کاریگەر باڵی بەسەر هەموو چالاکیو هەوڵدانی وڵاتانی رۆژئاوای نوێدا گرتووە، ئامانجیشیان لەوەدا چارەسەرکردنو دۆزینەوەی نهێنییەکانی ژیانەو دەستگرتنە بەسەر سروشتدا ئەگەر بتوانن.

خودای مەزن لە قورئانی پیرۆزدا دەربارەی حەزرەتی ئادەمو نەوەکەی دەفەرموێ: (إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً) (البقرە: 30). واتە: پەروەردگار بە فریشتەکانی فەرموو: بە ڕاستی من دەمەوێت لە زەویدا جێنشینێك دابنێم[1]. ئەمەش مانای ئەوەیە کە مرۆڤ دانراوە کە لە زەویدا بڵاوبێتەوەو پایەبڵند بێ تیایدا، بەڵام جیاوازیی لە نێوان تێڕوانینی ئیسلامو رۆژئاوادا، لە جۆری پایە بڵندیی مرۆڤ دایە، وڵاتانی رۆژئاوای ئەم سەردەمە بڕوایان وایە کە دەتوانرێ چاکسازیی لە لایەنی رۆحیدا، بەردەوام لە هەموو مرۆڤایەتیدا بکرێ، ئەویش لە رێی پێشکەوتنی کارسازییو پەرەسەندنی هزری زانستی، بەڵام تێڕوانینی ئیسلام لە هەموو بارێکدا دژی ئەم تێڕوانینە ئامێرئاساییەیە، ئیسلام شێوەکانی توانای رۆحی بۆ هەموو مرۆڤ بە سیفەتێکی شاراوەی دائەنێ، واتە شتێیەکی دانراوە هەر لە دروستبوونی سروشتی مرۆڤەوە، ئیسلام هەرگیز بڕوای نییە وەکو رۆژئاوا پێیەتی، کە سروشت بە مانا گشتییەکەیەوە ملکەچە بۆ کرداری گۆڕان، بەرەو بڵندیو چاکسازیی، هەروەکو بۆ نموونە لە گەشەکردنی درەختدا رێدەکەوێ، چونکە بنەمای ئەو سروشتە واتە دەروونی مرۆڤ، کە ئەویش هەر هەندێك ئەندامی زیندوو نییە، هەڵەی بنەڕەتی لە هزری ئەوروپای نوێدا، ئەوەیە کە زۆریی زانیاری ماددیو خۆشگوزەرانی بە هاوتای بڵندبوونەوەی رۆحیو ئەدەبی لە مرۆڤدا دائەنێو نکولیی لە بوونی دەروون کە جیاوازە لە ماددەو دابڕاویشە لێیو ناکۆکە لەگەڵیدا دەکات، بەڵام ئیسلام بوونی دەروون بە حەقیقەتێك دائەنێ کە مشتومڕی لەسەر هەڵناگرێ، لەگەڵ ئەوەشدا بڵندی ماددیو رۆحی لە راستیدا دژایەتی یەکتر ناکەن، هەروەکو ئیسلام وەهای دەبینێ، ئەو دووانە دوو رووی ژیانی مرۆڤنو تەواو لەیەکتریش جیاوازنو هیچ پەیوەندییان نە بە چاکو نە بە خراپ بەیەکترەوە نییە، لەوانەیە کە هەردووکیان بەیەکەوە هەبنو دەشێ بەیەکیشەوە نەبن.

ئیسلام بە ئاشکرا قایلە بە بوونی بڵندی ماددی بۆ گشت مرۆڤایەتی، بەڵام دەبینین بەروونی نکولیی لە چاکسازیی گشت مرۆڤایەتی دەکات لە رێی بڵندی بە کۆمەڵەوە، بەڵکو دەبێ ئەو بڵندە روحییە هەر مرۆڤێك بە تەنها دەتوانی بیگاتێ، تەنها هێڵی (بەیانی) کە دەتوانرێ بڵندبوونەوەی رۆحیو ئەدەبی تیا پەرە بسێنێ ئەوەیە کە درێژبۆتەوە لە نێوان لە دایکبوونی ئەو تاکە کەسەوە هەتا مردنی، ئێمە ناتوانین بە کۆمەڵ بەرەوپێش بڕۆین بەرەو (کەمال)، بەڵکو دەبێ هەموو کەسێك رەنج بکێشێ لە دەروونیدا بۆ گەیشتن بەو ئامانجە رۆحییە، هەر ئەمەشە هۆکاری ئەوەی کە شەرعی ئیسلام گرنگی ئەدا بە ژیانی مرۆڤ لە لایەنی رۆحیو ماددییەوە وەك یەك بۆ تاکەکەسو بۆ کۆمەڵیش.

بەڵام مرۆڤی ئەوروپی ئەم سەردەمە لە بەر ئەوەی راهاتووە لەسەر نکولی کردنو پشتگوێ خستنی بوونی دەروون کە حەقیقەتێکی ئاشکرایە هیچ گرنگییەکی بۆ ئامانجی ژیان دانانێ، شارستانییەتی رۆژئاوای نوێ تەنها ملکەچی

---

1 هەمان سەرچاوەی پێشوو.

پێویستییەکانی ئابووری یا کۆمەڵایەتی یا نەتەوەیەیو خۆشگوزەرانی دەپەرستیو لایەنی ڕۆحی پشتگوێ خستووە، فەلسەفەی نوێی ئەوان ئارەزووی بەکارهێنانی هێزە بۆ سەپاندنی بەرژەوەندییەکانیان کە ئەمەش لە شارستانییەتی ڕۆمانی کۆنەوە بۆیان ماوەتەوەو خزمایەتی لە نێوان شارستانییەتی ڕۆمانیو ئەوروپای ماددی نوێدا هەیە.

لەوانەیە ئەم بۆچوونە لەرینەوەیەکی نامۆ لە گوێی ئەوانەدا دەنگ بداتەوە کە زۆر هاوشێوەیی لە نێوان ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیو ئیمپراتۆریەتی سەرەتای ئیسلامدا دەکەن، وەڵامی ئەمەش ئاسانە ئەو دوو شارستانییەتە لەیەك نەچوونو ئەمەیان کە کردووە بە باو لە ئەورووپاو بەڵگەی لەسەر دەهێننەوە تەنها بۆچوونێکی بێنرخەو مێشکی نەوەی نوێی پێ پڕدەکەن، چونکە هیچ شتێکی هاوبەش لە نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆریەتە، ئیسلامیو ڕۆمانی نییە جگە لەوەی کە هەردووکیان دەستیان کێشا بەسەر زەوییەکی فراوانو هەمەجۆر نەتەوەدا.

بەڵام هەردوو ئیمپراتۆریەکە لەو ماوە درێژەی مانەوەیاندا ملکەچی ئەو هێزانە بوون، کە بە ئاڕاستەیەکی تایبەت دەیانبردن بەڕێوەو پێویست بوو لەسەریان ئامانجی مێژووی جیاواز لە یەك جێبەجێ بکەن، ئینجا ئێمە جیاوازییەکی گەورە لە ڕووی دروستبوونی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامییو ڕۆمانی دەبینین، ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی هەزارساڵی پێچوو هەتا لە ڕووی جوگرافییەوە فراوانییەکەی گەشەی کردوە هەتا لە ڕووی سیاسییەوە پێگەیی، بەڵام ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی کە هەڵهات، لە ماوەیەکی کەمدا گەیشتە ئەوپەڕی توانای کە نزیکەی هەشتا ساڵ بوون هەروەها دەبینین لە ناوچوونی هەردوو ئیمپراتۆریەکدا جیاوازییەکی زۆرتر هەیە کە ڕۆشنایمان ئەداتێ دەربارەی لەناوچوونی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی کە کۆتاییەکەی بە کۆچکردنی (هون)و (قوط) هاتو لە یەك سەدەدا بە تەواوی لەناوچوو، لەو ئیمپراتۆریەتە هەر هەندێ شوێنەواری ئەدەبو بینا مایەوە، ئیمپراتۆریەتی بەیزەنتیش کە هەندێ وا دەزانی میراتگری ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانییە، ماناکەی ئەوەیە کە ئەو ئیمپراتۆریەتە درێژەی بە حکوم کردن دا لەسەر هەندێ لەو خاکەی کە ڕۆژانێك لەوەوەو پێش پارچەیەك بوو لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، بەڵام ئیمپراتۆریەتی ئیسلامیی لە سەردەمی خەلافەتدا تەنها هەر ناچاری هەندێ گۆڕانکاریی بوو لە سنوورەکەیدا ئەویش بە هۆی جیاوازیی ئەو بنەماڵە زۆرانەی کە یەك لەدوای یەك لە ژیانی ئەو ئیمپراتۆریەتە درێژخایەنەدا فەرمانڕەواییان کردووە، بەڵام بینا بنەڕەتییەکەی هەروەکو خۆی مایەوە.

ئەوەی کە پەیوندیی بەو هێرشانەوەشەوە هەیە کەکراوەتە سەر ئیمپراتۆریەتی ئیسلامیی هەتا دەگاتە سەر هێرشی (مەغۆلەکان) کە دڕندەترین هێرشبوو لە چاو ئەو هێرشانەی کراوەتە سەر ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، نەیتوانی نە سیستمی کۆمەڵایەتیو نە شێوازی سیاسیی بەردەوامی ئیمپراتۆریەتی خەلیفەکان بلەرزێنێ، بەڵام بێگومان بوو بە هۆکار بۆ کزبوونی باری ئابووریو بیرمەندیش لەو سەدانەی کە دواتر هات ئەمە بەرامبەر تەنها یەك سەدە کە بەسبوو بۆ هەڵوەشاندنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، بەڵام ئیمپراتۆریەتی ئیسلامیی هەزارو دووسەد ساڵی خایاند هەتا بە هێواشیو بە تەواوی باری سیاسی هەرەسی هێنا، ئەو هەرەسەی کە لە لابردنی خەلافەتی عوسمانیدا خۆی دەنوێنێ، کە هەر بە تەنها بە دوای ئەم لابردنەدا نیشانە سەرەتاییەکانی لێکترازانی بینای کۆمەڵایەتی ئیسلامیی دەرکەوت، ئەوەی کە ئەمڕۆ ئێمە دەیبینین، ئەمەش بۆمان دەردەخات، کە هێزی شاراوەو پتەوی کۆمەڵایەتی لە جیهانی ئیسلامدا بڵندتر بوو لە هەموو ڕێبازێکی ڕێکخستی کۆمەڵایەتی ترکە جیهان تاقیکردۆتەوە، هەتا شارستانییەتی (چین) کە هەمان هێزی بەرگری بە درێژایی چەندین سەدە هەبووە، ناکرێ لەگەڵ شارستانییەتی ئیسلامدا بەراورد بکرێ چونکە چین کە دەکەوێتە کەناری کیشوەریکەوە، تەنانەت جەنگەکانی (تەتەر) لە سەردەمی جەنگیزخانو جێگرەکانی دوای ئەویشدا، نەدەگەیشتە لێواری ئیمپراتۆریەتی چینەوە، بەڵام ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی پانتاییەکەی گەیشتە ناو سێ کیشوەرەوە لە هەمان کاتدا چواردەوری درابوو بە چەند دەوڵەتێکی دوژمنییەوە کە زۆر بەهێز بوون.

هەر لە سپێدەی مێژووەوە ڕۆژهەڵاتی نزیك وەکو وای ناودەبەن، کانگایەکی گرکانی هێزە کۆمەڵایەتییەکانو هزرە ناکۆکەکان بووە، بەڵام پتەوی سیستمی کۆمەڵایەتی ئیسلامی بە لایەنی کەمەوە هەتا سەردەمێکی نزیکیش هەر بە پتەوی

ماوەتەوە، ڕێنماییەکانی قورئانی پیرۆز ئەم بناغە پتەوەی دروست کردو سوننەتەکانی پێغەمبەریش ﷺ بوو بە چوارچێوەیەکی ئاسن بە دوری بینا کۆمەڵایەتییە مەزنەکەی ئیسلامدا، بەڵام ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی ئەم توخمە ڕۆحییەی نەبوو تا قەوارەکەی بپارێزێ، لەبەر ئەوە زۆر بە خێرایی هەرەسی هێنا.

جیاوازییەکی تریش لە نێوان ئەو دوو ئیمپراتۆریەتەدا هەیە، لە کاتێکدا کە نەتەوەکانی ناو ئیمپراتۆریەتی ئیسلامیی سەریان دانەوان بۆ هەڵگرانی ئەو پەیامە ئایینیە پیرۆزە، ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی باوەڕی بە بەکارهێنانی هێزو چەوسانەوەی ئەو نەتەوانەی کە وڵاتەکانیان داگیر دەکرا ئەمەشیان بە زۆرداریو خراپەکاریی دانەئەنا، بەڵکو بە سوود بۆ وڵاتەکەی خۆیان دائەناو لە پێناوی خۆشگوزەرانی دەسەڵاتداراندا بوو.

ئەو دادوەریەی کە ڕۆمانییەکان ناوبانگیان پێ دەرکربوو، هەر بۆ خۆیان دادوەری بوو، زۆر دووربوو لە هەموو بەهایەکی ڕۆحی، لە ڕاستیدا ڕۆمانییەکان ئاینیان نەناسیوە، ئەفسانەی یۆنانییان داناوە بە خواکانیان، لەسەر ئەم خاکە شارستانییەتی نوێی ڕۆژئاوا گەشەی کرد.

بێگومان لە ماوەی پەرەسەندنی ئەو شارستانییەتەدا ئاڵوگۆڕو گۆڕانکاری لەو میراتییە ڕۆشنبیرییەی ڕۆمانییەکاندا لە زۆر لایەنەوە تیا کراوە، ئەوەی ئەمڕۆ ڕۆژئاوا شانازی پێوە دەکات لە ژیانداو لە ڕەوشتدا دەگەڕێتەوە بۆ شارستانییەتی ڕۆمانی و چۆن کەشی هزرو کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانی کۆندا بریتیبوو لە خۆپەرستی رووتو ئاینیشیان نەبوو، هەروەها کەشی ڕۆژئاوای نوێش وەکو ئەو وایە، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوروپاییەکان لێبوردەن بەرامبەر ئاین، بەڵام پێدائەگرن لەسەر ئەوەی کە ئاین نەرتیکی کۆمەڵایەتییەو بە گشتی واز لە ڕەوشتی ڕەها دەهێنن، شارستانییەتی ڕۆژئاوا نکولی لە بوونی (خودا) ناکات، بەڵام هیچ بوارێك بۆ سوودی خواناسی لە سیستمی هزری ئێستادا نابینێو هاتوون بەهایەکی دەستکردیان لە بێتوانایی خۆیان دەربارەی دەرك نەکردنیان بە نهێنی ژیان، دروست کردووە، بەم شێوەیە ئەوروپایی ئەم سەردەمە ئەوەی بەلایەوە گرنگە ئەیداتە پاڵ ئەو هزرانەی دەکەونە ناو چوارچێوەی زانستە تاقیکراوەکان، لەبەر ئەوەی دۆزی بوونی (خودا) ناچێتە ناو ئەو چوارچێوەوە، عەقلی ئەوروپایی (خودا) لە بازنەی گرنگی دەردەهێنێ.

لێرەدا پرسیارێك سەردەردەهێنێ، چۆن ئەم بۆچوونە لەگەڵ ڕێبازی بیری مەسیحیدا دەگونجێ؟ وە ئایا ئاینی مەسیحییەت کە پێویستە قەوارەی ڕۆحی شارستانیەتی ڕۆژئاوابێ باوەڕێکە لەسەر ڕەوشتی ڕەها دامەزراوە هەروەکو چۆن لە ئیسلامدا وەهایە؟ زۆر بە هەڵەدا ئەچین ئەگەر وای دابنێین کە شارستانییەتی نوێی ڕۆژئاوا بەرهەمی مەسیحییەتە، چونکە ئەوروپاییەکان بۆچوونیان وەهایە، کە لەبەر ئەوەی لە ڕێگای تاقیکردنەوەی زانستییەوە هیچ شتێکمان دەربارەی بنەمای دروستبوونی ژیانو چارەنووسمان لە دوای مردنی لاشە بۆ دەرناکەوێ، چاکتر وایە هەموو بیروهێزو توانامان بۆ سوودوەرگرتنی ماددی لە ژیاندا بەکار بهێنینو خۆمان بە ڕەوشتی ڕەهاو ئەو بۆچوونانەی ڕکەبەرایەتی زانست دەکات، نەبەستینەوە ئەم بۆچوونانە بەو ئاراستەیەی هەیە نە لە گەڵ ئاینی مەسیحییەتو نە لەگەل ئاینی ئیسلامو هیچ ئاینێکی تردا ناگونجێو ڕەتدەکرێتەوە، لەبەر ئەوە مەسیحییەت هاوبەشیەکی زۆر کەمی لە پێشکەوتنی زانستی ئەوروپای سەردەمدا کرد.

کرۆکی ئەوروپا چەندەها سەدە لە ژێر قورسایی ڕژێمی ئاینیدا دەینالاند، ئەو ڕژێمەی بە چاوی سووك سەیری ژیانو سەیری سروشتیشی دەکرد، ئاشکراشە ئەم جۆرە سیستمە ئاینییە هانی ئەو چالاکیانە نادات کە پەیوەندیی بە زانیاریی دنیاوە هەیە، هەروەها چاککردنی باری ژیان لەسەر زەوی، لە ڕاستیدا هزری ئەوروپایی زەمەنێکی دوورودرێژ ملکەچی شێوەیەکی ناشیرین بۆ بوونی مرۆڤ کرا، لەسەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا (کەنیسە) توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەبوو، لەبەر ئەوە هیچ توێژینەوەیەکی زانستی بواری بۆ نەدەڕەخسا، هەتا تەنانەت هەموو پەیوەندییەکی حەقیقی بە بەرهەمی فەلسەفەی لاتینیو ئیغریقی لەدەست دابوو، ئەوبەرهەمەی کە پێشتر لە ڕۆشنبیری ئەوروپاوە هەڵقوڵی بوو، هزری

ئەوروپایی پتر لە جارێك راپەڕی، بەڵام کەنیسە جار لەدوای جار زاڵدەبوو بەسەریا، مێژووی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا پڕە لەو خەباتە تاڵە لە نێوان بلیمەتی ئەوروپاییەکانو کرۆکی کەنیسەدا.

رزگاربوونی عەقڵی ئەوروپایی لەو پێوەندانەی کەنیسەی مەسیحییەت سەپاندبووی بە سەریا لە سەردەمی راپەڕیندا هاورێکبوو لەگەڵ ئەو رۆشنبیریەی عەرەب دەیانگواستەوە بۆ رۆژئاوا، هەموو ئەو شتانەی کە چاك بوون لە رۆشنبیری ئیغریقی کۆندا، ئینجا دواتر لە سەدەی (هیلانی)شدا، عەرەبەکان لەناو زانستەکانیاندا زیندوویان کردەوە، لێشیان زیاد کرد لەو سەدانەی کە بەدوای دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی یەکەمدا هات، لە سەدەکانی ناوەراستدا، زانستەکان جموجولیان وەستابوو، ئەفسانە باوی هەبوو، ژیانی کۆمەڵایەتیش سادەو زبر بوو تا ئەو سنوورەی کە گرانە ئەمڕۆ رەچاوی بکەین، ئەوکاتە دەسەڵاتی رۆشنبیری ئیسلامیی لە جیهاندا سەری هەڵدابوو، بە هۆی پەیدابوونی زانکۆ ئیسلامییە پێشکەوتووەکان لە ئیسپانیا کە ئەوسا لەژێر حوکمی ئیسلامدا بوو، دەکەوتە ئەوروپاوە، هەروەها بە هۆی پەیوەندیی بازرگانی لەگەڵ کۆماری (جەنەوەو بوندوقیە)، بەرامبەر دەرکەوتنی ئەم شارستانییەتە ئیسلامییە چاوانی زانایانو بیرمەندە ئەوروپاییەکان ئەبڵەق بوویوون، شارستانییەك بوو بە رەوشتو ژیان تیایدا بەنرخو خاوەنی گەنجینەیەکی رۆشنبیری، گەیشتە ئەوروپا، عەرەبەکان هەر تەنها زانستە کۆنەکانی یۆنانیان زیندوو نەکردەوە، بەڵکو بۆخۆیان جیهانێکی زانستی نوێیان دروست کردوریگای نوێیان بۆ توێژینەوەی دۆزییەوەو چاکسازییان تیا کرد، ئینجا هەموو ئەمانەیان بەرێی جۆراوجۆردا گواستەوە بۆ ئەوروپا، زیادەرەوی ناڵێین گەر وتمان سەدەی زانستی نوێ کە ئێمە تیایدا دەژین، لە شارە مەسیحییەکانی ئەوروپادا، دانەمەزرا، بەڵکو لە مەڵبەندە زانستییە ئیسلامیەکانی دیمەشقو بەغداو قاهیرەو قورتوبەدا دامەزرا، کاریگەری ئەمەش لە ئەوروپادا زۆرمەزن بوو، لەگەل نزیکبوونەوەیدا لە شارستانییەتی ئیسلامیی نورێکی عەقڵانی ئاسمانی ئەوروپای داپۆشیو ژیانێکی نوێی پێبەخشی لەگەڵ تینوێتی بۆ گەیشتن بە پێشکەوتنێکی پایە بڵند، مێژووی ئەوروپا دادوەرانە دانی نا بە بەنرخی شارستانییەتی ئیسلامی، کاتێ کە سەدەی نوێبوونەوەی ناونا سەدەی زیندوبوونەوە، واتە لەدایکبوونێکی نوێ ئەویش بەهۆی کاریگەری رۆشنبیری ئیسلامییەوە پەیدا بوو، لە راستیشدا لە دایکبوونێك بوو بۆ ئەوروپا، ئەو سەرچاوە زانستییەی کە لە جیهانی ئیسلامەوە هەڵدەقولا، وای لە کەسانی عاقڵ کرد لە ئەوروپا کە جەسوورانە تێبکۆشن دژی دەسەڵاتی فراوانی کەنیسەی مەسیحی، ئەم تێکۆشانە لە سەرەتادا دیمەنی دەرەوەی خۆی لە بزووتنەوەکانی چاکسازیی ئاییندا دەبینییەوە کە لەیەك کاتدا لە وڵاتە ئەوروپاییە جۆراوجۆرەکاندا سەری هەڵدا، ئامانجیش لەمەدا گونجاندنی رێرەوی بیرکرنەوەی مەسیحی بوو لەگەڵ پێویستییەکانی ژیانی نوێدا.

ئەو بزووتنەوە چاکسازییە عاقلانەو دانایانە بەو رێگایانەی گرتبوویانە بەر، دەڕۆیشتن ئەگەر سەرکەوتنیکی رۆحی راستەقینەی بەدەست بهێنایە، دەیتوانی رێککەوتنێك لە نێوان زانستو بیری ئایینی ئەوروپایی رێك بخات، بەڵام ئەو کۆسپانەی کەنیسەی سەدەکانی ناوەراست دەیخستە بەردەمی ئەوەندە کاریگەربوو، کە چاکسازیی ئایینی نەیئەتوانی لایبەرێ، بەڵکو ئەو چاکسازییە ئەوەندەی نەبرد گۆڕا بۆ ناکۆکییەکی سیاسیی لە نێوان ئەو نەتەوانەی مەبەستیان بەدیهێنانی دەستکەوتی دنیایی بوو.

بە تێپەڕبوونی دەیانو سەدان ساڵ دەسەڵاتی رۆحی ئایینی مەسیحی وردە وردە لاواز دەبوون لە سەدەی هەژدەهەمیندا بە هۆکاری شۆڕشی فەرەنسییەوە دەسەڵاتی کەنیسە بە تەواوی لە فەرەنسادا لابرا، ئینجا بە کاریگەری ئەو شۆرشە لە وڵاتانی تریشدا ئەو دەسەڵاتەی پێشووی کەنیسە نەما، هەر لەوکاتەدا شارستانییەتێکی رۆحی نوێ کە لە زۆرداری کەنیسەی سەدەکانی ناوەڕاستدا دەربازی بوو، هۆکاری نەشونمای بۆ رەخسا، لە راستیدا لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەمینو سەرەتای سەدەی نۆزدەی زاییندا، ژمارەیەك لە چاکترین کەسایەتی ئەوروپیو بەهێزترینیش لە لایەنی رۆحییەوە لە جیهانی فەلسەفەو ئەدەبو مۆسیقادا، دەرکەوتن، بەڵام ئەم هەستکردنە ئاینییە نوێیە هەر خۆی لە چەند کەسێکدا کۆببوەوە، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەوروپا نەیاندەتوانی رێبینی رێرەوی ئایینی رەسەن بەخێرایی بکەن، لەبەر

ئەوەی سەردەمێکی دووروودرێژ لە ناو باوەڕێکی ئایینی وادا بەند کرابوون، کە پەیوەندیی بە چالاکیی سروشتی مرۆڤەوە نەبوو، لەبەر ئەوە ئەم چاکسازییە نوێیەو دواتر لەگەڵیشیدا ئایین بە گشتی رەتی دەکردەوە، ئینجا هاتنی سەرەتای سەدەی پیشەسازیی‌و ئەو هاشوهوشەی پێشکەوتنی ماددی دروستی کردو بووە مایەی سەرسوڕمان، مرۆڤی ئاڕاستەکرد بەرەو سوودوەرگرتنێکی ماددی نوێ، ئەمانە هەموو بەشداریی پەیدابوونی بۆشاییەکی ئایینی کرد، کە لەدوای ئەم سەردەمەوە هات، کاتێکیش عەقڵی ئەورووپاییەکان بۆ یەکەمجار لە بەندایەتی کەنیسە رزگاری بوو، بەرە بەرە سووربوو لەسەر دوژمنایەتی کردنی هەموو شێوازێکی دەسەڵاتی رۆحی بەسەر مرۆڤەوە، لەناو ئەو ترسە شاراوەیە لەوەی دەسەڵاتی رۆحی جارێکی تر بگەڕێتەوە، ئەورووپا خۆی کرد بەسەرکردەی هەموو ئەو بیروبۆچوونانەی دژی ئایینن، بە بیروباوەڕو بەکردەوەش بەمەش ئەورووپا گەڕایەوە سەر کەلەپووری رۆمانی کۆن، دوو هۆکاری سەرەکی هەبوو بۆ دژایەتی کردنی شارستانییەتی نوێی ئەورووپا بۆ ئایینی مەسیحی:

یەکەم: وەکو پێشتر باسمانکرد ئەورووپای نوێ بوو بە میراتگری شارستانییەتی رۆمانی کۆن.

دووەم: رکەبەرایەتی کردنی سروشتی مرۆڤ لەگەڵ بۆچوونی مەسیحییەتدا دەربارەی تێروانینی بە چاوی سووک بۆ ژیانی دنیاو خەفەکردنی ئارەزووە سروشتییەکانی مرۆڤو هەوڵدانی رەوای مرۆڤ لە ژیاندا، ئەم شۆرشە نوێکارییەی ئەورووپا بە تەواوی سەرکەوت بە شێوەیەك گروپو کەنیسە جۆراوجۆرەکان ملیان کەچ کرد بۆی‌و ناچاربوون خۆیان بگونجێنن لەگەڵ ئەو گۆرانکارییەی لە بارەی کۆمەڵایەتی‌و عەقڵی ئەورووپادا روویداو لە بری ئەوەی مەسیحییەت کاریگەری هەبێ لە ژیانی کۆمەڵایەتیی شوێنکەوتووەکانیدا گۆڕانکارییان تیا بکا، هەروەکو ئایین فەرمانی ئەدا، کەچی بێدەنگ بووە لەوەی نەریتی نوێ دایناو ئەمەش بوو بە پەردەیەك بۆ پرۆژە سیاسییەکان مەسیحییەتی ئەمڕۆ بە بۆچوونی زۆربەی خەڵکی تەنها هەر رێورەسمێکەو ناوەڕۆکە رەسەنەکەی لەدەستداوە، بێگومان هەتا ئێستا کەسانێك هەن کە دەیانەوێ گونجاندنێك لە نێوان باوەڕە ئاینییەکەیان‌و شارستانییەتی نوێدا بکەن، بەڵام زۆر کەمن.

ئەورووپایی ئاسایی ئەگەر دیموکراتیخواز یا فاشستی یا سەرمایەدار یا کۆمەنیست بێ، جا خاوەن پیشە یا بیرمەند بێ، یەك ئایینی بەلاوە دروستە ئەویش پەرستنی شکۆداریی ماددییەو تاکە ئامانج لای ئەوان ئاسان‌و ئاسانترکردنی ژیانی دنیایە.

قەوارەی ئەم ئاینە نوێیەی ئەورووپای ئەمڕۆ، کارگەمەزنەکان‌و سینەماکان‌و تاقیگەکانی کیمیایی‌و گۆڕەپانەکانی سەماو وێستگەکانی کارەبایە، قەشەکانی ئەم ئایینەش پارەگۆڕەکان (صیارفة)و ئەندازیارەکان‌و ئەکتەرەکانی سینەماو بەرێوەبەرانی پیشەسازییەکان و فرۆکەوانەکان بوو، ئەو ئەنجامەی کە دەبوو هەر لەم بارە بکەوێتەوە هەوڵدان بۆ دروستکردنی هێزو بۆ خۆشگوزەرانی ژیان بوو، ئەویش بە دروستکردنی کۆمەڵو دەستەی ناکۆك لە نێوان یەکداو پڕچەککردنیان‌و ئامادەو سووربوونیشیان بۆ لەناوبردنی یەکتری لەوکاتەدا کە بەرژەوەندییەکانیان بەر یەکتر دەکەوت، لە لایەنی رۆشنبیریشەوە، جۆرە مرۆڤێك هاتە کایەوە کە فەلسەفەی رەوشتیان تەنها سوودوەرگرتن بوو لە ئیشوکاری دنیایی، پیرۆزترین جیاوازیش لە لایان لە نێوان چاکەو خراپەدا هەر پێشکەوتنی ماددی بوو، لەبەر ئەوە گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتی رۆژئاوادا روویداو رەوشتی نوێیان لەسەر سوودوەرگرتنی ماددی بنیات نا ئەوەی کە پەیوەندیی بە خۆشگوزەرانی کۆمەڵگای ماددیەوە هەیە وەکو توانای هونەری‌و نیشتمانپەروەری‌و هەستی نەتەوایەتی ئەمانە لە مرۆڤدا بۆتە شوێنی پیاهەڵدان‌و بەرزراگرتنی بە شێوەیەك کە سەرو ئەوەی شایانێتی، کەچی ئەو بەها پیرۆزانەی کە تا ئێستا بە رەوشتی رەسەن دائەنرێن وەکو خۆشەویستی باوکو دایكو پاکیزەیی ئەمڕۆ بە خێرایی نرخیان نامێنێ، چونکە سوودێکی ماددیی هەست پێکراو، بە کۆمەڵگا نابەخشێ.

ئەو سەردەمەی کە خەڵکی ئەورووپا پارێزگاری پەیوەندییە بەهێزەکانی خێزانی دەکرد، لە ئەورووپای نوێدا گۆرا بە سیستمێکی کۆمەڵایەتی نوێ، باوکو دایکی ئەورووپایی دەسەڵاتی بەسەر منداڵەکەیدا لەدەست داوە، هەروەها منداڵەکانیش

ئەو ڕێزەی جارانی بۆ باوکو دایکی نەماوە، لە ژێر ناوی سەربەستی تاکەوەو لابردنی دەستڕۆیی کەس بەسەر کەسێکی ترەوە، لە پاڵ ئەمەشدا پاکیزەیی لە سێکس دا لە چوارچێوەی ژنو مێرددا نەماوەو ئەم لایەنە بە تەواوی بەری بۆ بەرەڵا کراوەو بە نەریتێکی کۆن سەیر دەکرێ، بەم شێوەیە دەبینین ئەو ڕەوشتە چاکانەی کە ئایین بانگەوازی بۆ دەکرد بەرەبەرە لە ناوچوونو ئەو بیروباوەڕانەی بانگەوازی بۆ سەربەستی بێسنوور بۆ پەیوەندیی سێکسو پەیوەندیی نێوان خێزان دەکرد شوێنی گرتەوە.

ئەگەر سەرنج لەو دوو پەیوەندییە بدەین، پەیوەندی منداڵان بە باوکو دایکیانەوەو پەیوەندی لە نێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا، نێرو مێ، ئەوا دەبینین لە پێناوی سوودو دەستکەوتی ماددیدا، ڕەوشتو بەهای پیرۆز کە پێشتر لە ناو کۆمەڵدا باوی هەبوو، وازی لێ هێنرا، بەڵکو لایەنی ڕۆحی مرۆڤیش ئێستا گرنگی پێنادرێو مرۆڤ لە ڕۆژئاوادا وەکو ئامێرێك هەڵسوکەوت دەکاتو لە بەها پیرۆزەکانی ئایین دوورکەوتۆتەوە، لەبەر ئەوە هەرگیز ناکرێ موسڵمان هەولبدات خۆی بگونجێنێ لەگەڵ شێوازی بیرکردنەوەو ژیانی ئەوروپادا.

یەکەم ئامانجی ئیسلام گەیاندنی دەروونی مرۆڤە بە پایەیەکی بەرزو ڕەوشتی پیرۆز لە ڕێی جێبەجێکردنی ئامۆژگارییەکانی ئیسلامەوە، ئەمەش بە تەواوی پێچەوانەی ئەوەیە کە لە ڕۆژئاوادا هەیە.- هەوڵدان بۆ دەستکەوتی ماددی لەناو هەموو چالاکییەکانی کەسی ئەوروپاییدا، ڕەنگ ئەداتەوە، بێگومان ئەمەش لەگەڵ ڕێڕەوی ئاییندا ناگونجێ لەبەر ئەوە بنەمای شارستانییەتی نوێی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئیسلامدا ناگونجێ، بەڵام ئەمە نابێ هەرگیز ببێ بەڕێگر، کە موسڵمانان سوود لە خودی زانستو زانستی تاقیکراو وەرگرن، دەبێ پەیوەندیی ڕۆشنبیری لەم سنوورە دەرنەچێ، بەڵام ئەگەر موسڵمانەکان هەنگاو پتر لەم سنوورە بنێن، یا لاسایی کرۆکی شارستانییەتی نوێی ڕۆژئاواو شێوازی ژیانیانو چۆنیەتی پێکهاتەی کۆمەڵاتییان بکەنەوە، ئەوا ستەم لە خۆیان دەکەنو گورزێکی کوشندەش لە ئایینی ئیسلام دەدەن.

## سێبەری جەنگەکانی خاچداران

جگە لە نەبوونی پێکەوە گونجاندنی ڕۆحی، هوکارێکی تریش وا لە موسڵمانەکان دەکات، کە لاسایی شارستانییەتی ڕۆژئاوا نەکەنەوە، ئەوەش ڕووداوە مێژوویەکانە کە ڕەنگ کراوە بە دوژمنایەتییەکی سەیر دژی ئیسلام، ئەمەش لە یۆنانییەکانو ڕۆمانەکانەوە بە میرات بۆ ئەوروپا ماوەتەوە، یۆنانییەکانو ڕۆمانییەکان، خۆیان وا دائەنا کە تەنها ئەوان شارستانین کەسانی بیانی تر هەموویان بە تایبەتی ئەوانەی لە ڕۆژهەلاتی دەریاری سپیدا دەژین، دڕندەن (بەربەرین)، هەر لەو کاتەوە ئەوروپاییەکان باوەڕیان وایە کە ڕەگەزی ئەوان بڵندە بەسەر هەموو مرۆڤێکی تردا ئەمەش بەلایانەوە شێتییەکی دروستەو بە سووك سەیرکردنی ئەوانەی ئەوروپایی نین لە هەموو ڕەگەزێکو گەلێك یەکێکە لە دیاردە ئاشکراکانی شارستانییەتی ڕۆژئاوا.

جگە لەمەش ئەوروپاییەکان ڕقو کینەیەکیان لەناو ناخیانەوە هەیە بەرامبەر ئیسلامو ئەوەش کە پەیوەندی بە ئیسلامەوە هەیە، ئەم ڕقو کینەیەش وەها نییە کە گوێی پێنەدرێ وەکو بەرامبەر هەموو ئایینەکانو لایەنە ڕۆشنبیرەکانی گەلانی تر هەیانە، بەڵکو ڕقو کینەیان بەرامبەر ئیسلام ڕەگی قووڵی هەیەو زۆرجار دەمارگیرییەکی توندڕەوی لێوە پەیدا دەبێو هەر بە تەنها لە عەقڵیشەوە نییە، بەڵکو بۆیە کراوە بە سۆزێکی بەهێز، لەوانەیە ئەوروپا بە ئامۆژگارییەکانی فەلسەفەی (بوزی) یا (هندۆکی) قایل نەبن، بەڵام هەرگیز خۆیان دەپارێزن لەو شتانەی پەیوەندییان هەیە بەم دوو مەزهەبەوەو هەڵوێستی ژیرانەو هێمنانە کە لەسەر بیرلێکردنەوە دامەزراوە، وەردەگرن بەرامبەریان، بەڵام هەر کە بەرەو لای ئیسلام بچیت ئەم هەڵوێستە دەگۆڕێ، تەنانەت ناودارترین ڕۆژهەلاتناسە ئەوروپاییەکان کەوتنە داوی دەمارگیرییەکی دوور لە زانستەوە، لەو نووسینانەی دەربارەی ئیسلام نووسیویانەو لە توێژینەوەکانیاندا وایان دەرخستووە کە ناتوانرێ،

وەکو بابەتێکی زانستی باس لە ئیسلام بکرێ، بەڵکو وەکو تاوانبارێك کە بەرامبەر دادوەر دەوەستێ، هەندێ ڕۆژهەڵاتناس ڕۆڵی داواکاریی گشتیی بەرامبەر ئیسلام دەبینێ کە دەیەوێ تاوانەکە بسەلمێنێ، هەندێکیشیان هەڵئەسن بە ڕۆڵی پارێزەری بەرگری لەگەڵ ئەوەشدا کە خۆی دڵنیایە کە ئەوەی بەرگری لێدەکات تاوانبارە بەلای خۆیەوە، لەبەر ئەوە تەنها بە ساردو سڕیەکەوە داوای سوککردنی حوکمی تاوانبارەکە دەکات کە ئایینی ئیسلامە، ئەمە شێوازی هەندێ ڕۆژهەڵاتناسەکانە بەرامبەر ئیسلام کە گوایە وەکو پارێزەرێکی بێلایەن باس لە ئیسلام دەکەن، بەڵام لە ناخیاندا ئیسلام بە تاوانبار دائەنێن، بە گشتیی ئەو شێوازەی کە زۆربەی ڕۆژهەڵاتناسەکان دەیگرنە بەر بەرامبەر ئیسلام، یاسا تۆمارکراوەکانی دادگاکانی پشکنەرەکانمان بیردەخاتەوە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کەنیسەی کاسۆلیکی دژی دوژمنەکانی جێبەجێیان دەکرد، کە گوێیان بە بەڵگەو شایەتەکانی تاوانبارەکە نە ئەدا‌و دەمارگیرییەکەیان وای لێکردبوون کە پێشەکی بڕیاریان لەسەر ئەو حوکمە دابوو، کە بیسەپێنن بەسەر ئەو کەسەی بەلایانەوە تاوانباربوو، هەرچەندە بەڵگەو شایەتیشی لەسەر بێتاوانی هەبولیە، لە هەموو ئەو نووسینانەی ڕۆژهەڵاتناسەکانی ئەوروپا نووسیویانە، ئەو شێوازە بۆ شێواندنی وێنەی ئیسلام دەبینرێ، ئەمەش تەنها لەیەك وڵاتی ئەوروپادا بەکار نەهاتووە، بەڵکو لە ئینگلتەرەو ئەڵمانیا و رووسیاو فەرەنساو ئیتالیاو هۆڵەندەو شوێنەکانی تریش، هەر وابووە. کاتێ ڕۆژهەڵاتناسەکان لە هەر شوێنێك چاو دەبڕنە ئیسلام بۆ ئەم مەبەستە بە دڵخۆشییەکی پۆخڵانەوە کە هەلیان بۆ هەڵدەکەوێ ڕەخنەیەکی پڕ هێرشی ناڕەوا دەکەنە سەر ئیسلام، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژگارەی کە جیهانیان دابەشکربوو بۆ دوو بەشەوە (ئەوروپی)و (بەربەری)، هۆکارێکی تریش کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ئیسلامەوە هەیە، یەکەم بەگژاچوونی ئەوروپاو ئیسلام بوو، لە جەنگەکانی خاچدارەکاندا، کە هاوڕێك بوو لەگەڵ هەڵهاتنی سپێدەی شارستانیەتی ئەوروپادا، کە ئەو کاتە هێشتا پەیوەندی بە کەنیسەوە مابوو.

لە دوای ئەو سەدە تاریکانەی دوای ڕووخانی ڕۆما، ئەدەبو ڕۆشنبیری ئەوروپا بەرەو بەهارێکی ڕۆشنی نوێ دەچوون هونەرە جوانەکان لەسەر خۆ بوژایەوە دوای ئەو متبوونەی کە بەهۆی پاشماوە هێرشەکانی (قوط)و (هون)و (ئافار)یەکانەوە دروست بوو بوو، ئەوروپا توانی خۆی دەرباز بکات لەو بارە توندوتیژییەی لەسەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا هەبوو، دواتر هوشیارییەکی ڕۆشنبیری نوێی تیا ڕوودا لەو بارودۆخەدا جەنگی خاچدارەکان‌و ئەو بەیەکدادانە دوژمنکارییە لەگەڵ جیهانی ئیسلامدا ڕوویدا، پێش سەردەمی جەنگی خاچدارەکان، چەند جەنگێك لە نێوان موسڵمانەکان‌و ئەوروپاییەکان ڕوویدابوو، وەکو داگیرکردنی (سقلیە)و (ئەندەلوس) لە لایەن عەرەبەوە هەروەها هێرشکردنیان بۆ سەر خاورووی فەرەنسا، بەڵام ئەم جەنگانە پێش بوژانەوەی ئەوروپا لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە بوو، لەبەر ئەوە دەرئەنجامێکی ناوچەیی هەبوو جەنگی خاچدارەکان بە پلەی یەکەم‌و گرنگ هەڵوێستی ئەوروپای بەرامبەر بە ئیسلام بۆ چەند سەدەیەکی دواتر دەستنیشان کرد، جەنگی خاچدارەکان یەکلاکەرەوەبوو لەگەڵ ئیسلامدا، چونکە لە کاتی منداڵیی ئەوروپادا ڕوویدا، ئەو دەمەی تایبەتمەندییەکانی ڕۆشنبیری خەریك بوو، دەردەکەوت‌و لەسەرەتای دروستبوونیا بوو، گەلیش وەکو تاکە کەس لە ڕووی کاریگەری ئەو ڕووداوە قورسانەی لە سەردەمی منداڵیدا تووشی دەبێ‌و شوێنەواری ئەو ڕووداوانە بە ئاشکراو بە نهێنی لە ماوەی ژیاندا، دەردەکەوێ‌و تەنانەت لەو تەمەنەدا کە عەقڵ زیاتر ڕۆڵ دەبینێ لە سۆز، شوێنەوارەکەی زۆر بەگران دەسڕێتەوە، شوینەواری جەنگی خاچدارەکانیش هەر بەو شێوەیە بوو، شوێنەوارێکی قووڵ‌و ماوەیەکی دوورو درێژیش لە دەروونی گەلەکانی ئەوروپادا مایەوە، ئەو دەمارگیرییە نەزانیە گشتگیرییە کە ئەو جەنگانە لەسەردەمی خۆیدا بەرپای کرد ناتوانرێ لەگەڵ هیچ بارێکدا کە بەسەر ئەوروپادا هاتبێ بەراورد بکرێ، هەموو کیشوەری ئەوروپا شەپۆلێك خۆشحاڵی بەو جەنگە گرتێوە، سنوورەکانی نێو گەلەکان‌و وڵاتان‌و چین‌و توێژەکانی بڕی، بۆ یەکەمجار لە مێژوودا ئەوروپا یەکێتی بە خۆیەوە بینی، بەڵام یەکێتییەك بۆ بەرامبەری جیهانی ئیسلامیی.

ئەگەر بڵێین ئەوروپا لە كرۆكی جەنگەكانی خاچدارانەوە لەدایكبوو، پێش ئەم سەردەمە ناوی (ئەنكلوسەكسون)و (جەرمان)و (فەرەنسیەكان)و (نۆرمان)و (ئیتالیەكان)و (دانیماركییەكان) لەناواندا بوو، بەڵام لە كاتی جەنگەكانی خاچدارانددا بیرۆكەی شارستانییەتی رۆژئاوا لە دایكبوو كە بوو بە یەك ئامانج هەموو گەلانی ئەوروپا پێكەوە هەوڵیان بۆ ئەدا، بوو بە دەسكەلای دەستیان بۆ دوژمنایەتی كردنی ئیسلام، یەكی لە راستییە مێژوویەكانی ئەو سەردەمە دەستووری رۆشنبیریی جیهانی رۆژئاوا بوو، كە كەنیسەی مەسیحی پشتی دەگرت بەبێ هیچ رەخنەیەك لێی یا لێلابردنی، ئەمەش بوو بەكارەسات بۆ كەنیسە خۆیشی، چونكە دەسەڵاتی بەسەر عەقڵی كەسی ئەوروپیدا لەدەستدا، هەروەها كارەساتیش بوو بۆ ئیسلام، چونكە ناچاربوو كە بەجۆرەها شێوەو لە ژێر چەندین دەمامك دا ساڵانێكی زۆر بەرگەی ئاگری جەنگەكانی خاچداران بگرێ.

ئەو كردەوە ترسناكو ریسوایانەی سوارەكانی خاچدارەكان كە خۆیان بە خوانناسێكی بێگەرد دانابوو، ئەو هەموو وێرانكاری‌وكوشتن و برینەی لە داگیركردنی وڵاتانی ئیسلامدا كردیان كەدوایش شتكستیان هێناو بە جێیان هێشت، تۆوێكی ژەهراوی بوو چاندیان، كەرواو گەشی كردن دوژمنایەتیەكی درێژخایان‌و پەیوەندییەكی ناجۆری لە نێوان رۆژهەڵاتو رۆژئاوادا، لێپەیدا بوو، ئەگەر ئەو جەنگە رووی نەدایە ئەو كینەیە سەری هەڵنەئەدا، ئینجا ئەو دوو شارستانییەتە (ئیسلامو رۆژئاوا) لە كرۆكی بنەماو سیستمی كۆمەڵایەتیدا بە تەواوی جیاوازن، بەڵام دەكرا لە پاڵ یەكدا بژینایەو لێبوردن‌و پەیوەندی رێزگرتنی یەكتری لە نێوانیاندا هەبوایە.

لە لایەنی ئیسلامەوە هەموو كاتێ ئارەزووی دڵسۆزانە هەبووە بۆ لێبوردن‌و رێزگرتنی یەكتر، كاتێ خەلیفە (هارونە رەشید) نوێنەری خۆی بۆ ئیمپراتۆر (شارلمان) نارد ئەو هەستی دۆستایەتی‌و رێزگرتنە بوو، پاڵی پێوەنا، مەبەستی سوودی مادی نەبوو لەو دۆستایەتییەی لەگەڵ (فرەنجە)دا، بەڵام ئەوروپا ئەوكاتە لە رووی رۆشنبیرییەوە ساوا بوو تا ئەو سنوورەی گرنگی بەم دەست پێشخەرییە نەدا هەرچەند لە لای ناخۆش نەبوو، دواتر خاچدارەكان كوتوپڕ پەیدابوون، ئەم پەیوەندییانەیان لە نێوان ئیسلامو رۆژئاوادا پچڕاند، چونكە ئەو خراپەكارییانەی خاچدارەكان كردیان تەنها هەر بەچەك نەبوو، بەڵكو لە پێش هەموو شتێكدا شەڕی رۆشنبیری بوو، سەركردە ئەوروپییەكان عەقڵی گەلانی ئەوروپایان ژەهراویی كرد، رێنماییەكانی ئیسلامو بەها پیرۆزەكانی، لەبەرچاوی خەڵكە نەزانەكانی ئەوروپادا شێواندو ناشیرینیان كرد.

ئەو سەردەمە ئەو بیرۆكە گاڵتەجاری‌و پێكەنیناوییەیان بەناو خەڵكانی ئەوروپادا بڵاو كردبۆوە، عەقڵی ئەوروپاییەكانیان پێ هەڵخەڵەتاندبوو، كە ئایینی ئیسلام ئایینێكی ئارەزووبازی لاشەیە (شهوانی)و توندڕەوی درندانەیەو خۆی بەستۆتەوە بە (خوا) پەرستییەكی رووكەشو دڵو دەروون پاك ناكاتەوە، ئەم بیرۆكەیە بەم شێوە ناشیرینەی جێگیریان كردو نازناوێكی ناشیرینیشیان بۆ پێغەمبەرﷺ داهێنابوو، بەمەش تۆوی كینەو قینیان بەرامبەر ئیسلام چاندو بەری گرت، دەمارگیرییە نەزانینەكەی خاچدارەكان لق‌و پۆپی زۆر شوێنی ئەوروپای گرتەوە، هانی گاورەكانی ئەندەلوسیدا بۆ رزگاركردنی وڵاتەكەیان لە (خوا) نەناسەكان، بەڵام وێران كردنی ئیسپانیای موسڵمان (ئەندەلوس) چەند سەدەیەكی پێچوو تا تەواو بوو درێژخایەندنی ئەم جەنگە دژایەتی كردنی ئیسلامی لە هەستی ئەوروپاییەكاندا چەسپاند، كە كۆتاییەكەی لە رەگ هەڵكێشانی دەسەڵاتی ئیسلام بوو، لە ئیسپانیادا، بەڵام بە شێوەیەكی درندانەو بەكارهێنانی ئەو پەڕی دڵرەقی‌و توندوتیژی دژی موسڵمانەكان، كە جیهان بە خۆیەوە نەیدیبوو، كەچی بوو بە مایەی خۆشی بۆ ئەوروپاییەكان لەگەڵ ئەوەشدا كە ئەمە بووە گۆڕین‌و لەناوبردنی رۆشنبیری زانستەكانی ئیسلامی‌و نەزانینی سەدەكانی ناوەڕاست شوێنی گرتەوە، بەڵام پێش ئەوەی دەنگدانەوەی ئەم رووداوانە لە ئیسپانیا كپ بێت، رووداوی سێهەم كە مەزنییەكی گرنگی هەبوو روویدا، ئەمە پتر پەیوەندیی نێوان جیهانی رۆژئاواو ئیسلامی خراپ كرد كە ئەویش داگیركردنی (قوستەنتنیە)بوو، لە لایەن توركەكانەوە، ئەوروپا پاشماوەی شانازی كۆنی یۆنان‌و رۆمانی لە (قوستەنتنیە)دا دەبینیءو وەكو قەڵایەكی سەختی ئەورووپی دژی گەلە دڕەندەكانی! ئاسیا سەیریان دەكرد.

به داگیرکردنی (قوستەنتنیە) دەرگای ئەوروپا بۆ لێشاوی ئیسلامیی خرایە سەر پشت، ئەو سەدانەی لە دوای ئەو داگیرکردنەوەدا هاتن دوژمنایەتی بەهێزی خستە نێوان ئەوروپاو ئیسلامەوە لەگەل ئەوەشدا کە ئەوروپا سوودی لە ئیسلام وەرگرت لە لایەنی هونەرو زانستەوە کە لە سەرچاوە ئیسلامییەکانەوە وەریان گرت، بەڵام دانیان بەو سوودوەرگرتنەدا نەناو لە هەمانکاتیشدا لە رق و کینەیان بەرامبەر ئیسلام کەم نەکردەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو رق و کینەیە پەرەی سەند لەگەڵ رۆژگاردا ئینجا بوو بە نەریتێك، لە لایان هەتا شوێنی خۆی لەناو دڵی ئەوروپاییەکاندا، پیاوو بێ یان ژن کردەوە، لە هەمووش سەیر تر مانەوەی ئەم کینەیە لە دوای هەموو ئەو گۆڕانکارییە رۆشنبیرییە کە روویدا.

ئینجا سەردەمی چاکسازیی ئایینی هات، ئەوکاتە ئەوروپا دابەشبوو بوو بە چەند دەستەیەك (شیعی)یەکی ئایینی کە هەر دەستەیەکیان بە چەکەوە بەرامبەر دەستەیەکی تر وەستابوو، بەڵام لەگەڵ ئەو بارەشدا، دوژمنایەتی کردنی ئیسلام لەناو هەموویاندا هەبوو، لە دوای ئەمە سەردەمێك هات هەستی ئایینی کزبوو، بەڵام دوژمنایەتی کردنی ئیسلام هەر درێژەی کێشا، یەکێك لەو نموونانە فەیلەسوف و شاعیری فەرەنسی (ڤۆلتێر) بوو، کە یەکێك بوو لە سەرسەخترین دوژمنی مەسیحییەت و کەنیسە لە سەدەی هەژدەدا، لە هەمان کاتدا رق و کینەیەکی توندڕەوانەی بەرامبەر ئیسلام و پێغەمبەر ﷺ هەبوو، لە پاش ئەم سەردەمە زەمەنێك هات، زاناکانی رۆژئاوا لێکۆڵینەوەیان لەسەر رۆشنبیری بیانی دەکردو بە سۆزەوە تێیان دەڕوانی، بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە ئیسلامەوە هەبوو بە چاوێکی سوکەوە سەیریان دەکردو لە لێکۆڵینەوەکانیاندا بەو شێوە ناشیرینە باسیان لێدەکرد.

بەمشێوەیە بە سووك سەیرکردنی ئیسلام بوو بە بەشێکی بنەڕەتی لە هزری ئەوروپاییەکاندا، لە راستیدا رۆژهەڵاتناسەکانی سەرەتای سەردەمی نوێ، خۆیان مژدەدەرانی مەسیحییەت بوون، کە لە وڵاتانی ئیسلامدا ئیشیان دەکرد بەسەر زاری بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی، بەڵام بەژێرەکی هەوڵی شێواندنی رێنماییەکانی ئیسلامیان ئەداو ئەمەشیان لە نووسینی ئەو کتێبانەی دەربارەی جیهانی ئیسلام دەیانتووسی، لە ئەوروپادا بڵاویان دەکردەوە، ئەمە هەر بەردەوام بوو لەگەڵ ئەوەشدا، کە زانستی رۆژهەڵاتناسی لە ژێر دەسەڵاتی مژدەدەرە مەسیحییەکان رزگاری بوو ئیتر هیچ پاساوێك بۆ ئەو دەمارگیرییە ئاینییە نەفامیانەیە نەما تا هەر بەو شێوە ناشیرینە ئاڕاستە بکرێ، بەڵام رەخنەگرتنی ناڕەوا لە ئیسلام لە لایەن رۆژهەڵاتناسەکانەوە، وەك ئارەزوویەك، (غریزە) وەکو میرات هەر مایەوە لە سروشتی ئەوروپاییەکاندا لە ئەنجامی ئەو کاریگەرییەی جەنگەکانی خاچداران بەجێی هێشتبوو.

ئەگەر ئەو سەردەمە بە هۆی دەسەڵاتی کەنیسەی مەسیحییەوە ئەو رق و کینەیە لە ئیسلام شیاو بووبێ، نەدەبوو دواتر ئەو هەستە بمایە دوای ئەوەی هەستی ئایینی لە ئەوروپادا کپبوو، سەردەمێك هات کە هەستی ئایینی بوو بە دۆزێکی رابووردوو، هیچ گرنگییەکی لای ئەوروپاییەکان نەما، ئەم هەستو بۆچوونانە شوێنی سەرسوڕمان نییە بە گوێرەی ئەوەی کەوا بەناویانگە لە زانستی دەروونناسیدا، وتراوە کە مرۆڤ دەشێ هەموو باوەڕو بۆچوونە ئاینییەکەی کە لە منداڵیدا وەری گرتووە، لەدەست بدات، بەڵام هەندێ ئەفسانەی تایبەتی لە لای بمێنێتەوە کە پێشتر باوویووەو خەڵکی ئێستا وازی لێهێناوە، ئەوەندەش پتەو چەسپاوە لە لای کە بەرامبەریی لەگەل هەموو لێکدانەوەیەکی عەقڵی دەکات، لە هەموو پلەکانی ژیانی ئەو مرۆڤەدا، هەر بەم شێوەیەش ئەوروپاییەکان لە ئیسلام دەڕوانن، لەگەڵ ئەوەشدا کە سوودی ماددی بەسەر ژیانی ئەوروپاییەکاندا زاڵ بوو، کەچی دوورەپەرێزی ئەوروپاییەکان لە ئیسلام وەکو بەشێك لە ناخی عەقڵی ئەوروپاییەکاندا هەرمایەوە، هەرچەندە پلەی ئەو بێزارییە لە ئیسلام لە کەسێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، بەڵام بوونی گومانی تیا نییەو گیانی جەنگەکانی خاچداران بە شێوەیەکی بچووك تا ئێستا باڵی بەسەر ئەوروپادا کێشاوە، شارستانییەتەکەیان بەرامبەر جیهانی ئیسلام لە ژێر کاریگەری شوێنەواری ئەو جەنگانەدان بە شاراوەیی هەڵوێستی دوژمنانەیان هەیە.

ئێمە هەندێجار لە کۆڕو کۆمەڵە ئیسلامییەکاندا، گوێمان لە جەختکردن لەسەر بەرە بەرە کەمبوونەوەی دوژمنایەتی ئەوروپابۆ ئیسلام دەبیسیت، ئەو دوژمنایەتییەی بە هۆی جەنگو بەکارهێنانی توندتیژییەوە لە کۆندا روویدا، زۆرێك لە

موسڵمانان بڕوایان وایە کە ئەم وەرگەڕانە لە کۆمەڵەی ئەورووپا نزیك بۆتەوە، ئەم بۆچوونە بەلای ئێمەوە نەشیاو نییە، چونکە ئێمەی موسڵمان بڕوامان وایە کە تەنها ئیسلام لە ناو هەموو ئایینەکاندا دەتوانێ بچەسپێ‌و سەرکەوێ بەسەر ئەو رەخنانەی لێیدەگیرێ چونکە کاری تێناکاو لەسەروو ئەمەشەوە پێغەمبەرمان موحەممەد ﷺ پێشبینی ئەوەی کردووە، کە ئیسلام دەبێتە ئایینی گشت مرۆڤایەتی، هەرچەند ئێستا بە لێگەمان بەدەستەوە نییە کە ئەمە لە دوا رۆژێکی نزیکدا رووبدا، بەڵام دەشێ دوای زنجیرەیەك گۆڕانکاریی لە عەقڵیەتو کۆمەڵگای ئەورووپادا، ئەمە بێتە دی، دەبێ عەقڵیەتی ئەورووپا بە شێوەیەك بگۆڕێت کە بوونی ژیانی لەسەر بنەمای ئایین لێکبداتەوەو واز لەو لوتبەرزییە رۆشنبیرییەی ئێستا بهێنێ، جیهانی رۆژئاوا هەتا ئێستا سەرگەردانە بە هۆی مەزن ڕاگرتنی کۆنو بڕوابوون بەوەی کە تەنها خۆشگوزەرانی ئەو ئامانجەیە کە مرۆڤ دەبێ هەوڵی بۆ بدات، هزری ماددییەتی ئەورووپاو نکوڵی کردنی لە ئاین رۆژ بەرۆژ بەهێز دەبێ نەك کەمبێتەوە، وەکو هەندێ لە موسڵمانەگەشتبینەکان وای تێدەگەن دەوترێ کە زانستی نوێ دانی بە بوونی هێزێکی داهێنەر لەپشتی هەیکەلی سروشتی لەبەرچاودا هەیە، گەشبینەکان بڕوایان وایە ئاسۆیەکی تێگەیشتنی نوێ لە ئایین لە جیهانی رۆژئاوادا هەڵهاتووە، بەڵام ئەم بۆچوونە تێنەگەیشتنی موسڵمانە گەشبینەکان لە هزری زانستی ئەورووپا دەردەخات، هیچ زانایەکی خاوەن ویژدان نە ئێستە ئەتوانێ یا پێشتر توانیوێتی کە نکولیی لە دروستکارێك بۆ ئەم جیهانە بکات.

بەڵام مشتومڕ لەم سەردەمەو لە کۆنیشدا لەسەر ئەو سیفاتانەیە کە دەدرێتە پاڵ ئەو دروستکارە، هەموو رێنماییە ئاینییەکان سوورن لەسەر ئەوەی هێزێکی زیندووی زانای ڕەها ئەم جیهانەی دروست کردووەو فەرمانەکانی بە گوێرەی یاساو ویستی خۆی جێبەجێ دەکرێ بەبێ ئەوەی خۆی پابەندبێ بە هیچ یاسایەکەوە، ئەو هێزەش (خودا)یە، بەڵام زانستی نوێ ئامادە نییە بە راشکاوی دان بەم راستییەدا بنێ: ((بێگومان ئەم باسە گرنگە لە دەرەوەی چوارچێوەی زانستدایە))، بە کورتی مەسەلەی (خودا)و ئەو سیفەتانەی هەیەتی لە زانایی‌و توانایی‌و بەهێزیی‌و داهێنانی بەجێدەهێڵێ بۆ وتوێژ لەسەری‌و بڕیاری لەسەر نادات لەبەر ئەوەی بە ئیشی خۆی نازانێ.

لە راستیدا ئەورووپا هیچ سەردەمێك ئەوەندەی ئەمڕۆ لە ئیسلامەوە دوور نەبووە، دوژمنایەتییەکی چالاکی هەیە دژی ئایینەکەمان، لەوانەیە ئاستی ئەو دوژمنایەتییە بەرزی‌و نزمی تیا رووبدا، بەڵام ئەمە ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە رێز لە رێنماییەکانی ئیسلام دەگرن وەکو پێویست، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ لاوازییەکی زۆری رۆشنبیری‌و هەڵوەشاوەیی جیهانی ئیسلام، جاران ئەورووپا لە ئیسلام دەترسا، ئەمەش وایلێکردبوو کە هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی هەبێ بەرامبەر هەر شێتێك، کە پەیوەندیی بە ئیسلامەوە هەبێ هەتا تەنانەت ئەو شتانەش کە پەیوەندیی بە تایبەتمەندی لایەنی رۆحی‌و کۆمەڵایەتییەوە هەیە، کاتێکیش ئیسلام ئەو پلە گرنگەی خۆی دۆڕاند کە هۆکارێك بێ‌و بووەستێ بەرامبەر بەرژەوەندییەکانی ئەورووپا، سورشتییەکە ئەو ترسەی ئەورووپا هەیبوو لە ئیسلام بەرەو کەمبوونەوە بڕواو هەندێك لەو توندییەی لە بنەڕەتدا هەیەتی بۆ دوژمنایەتی کردنی ئیسلام کەمبێتەوە، ئەگەر وا بێتەبەرچاومان کە دوژمنایەتییەکەی کەمترەو سستە، ئەمە نابێ وامان لێبکات کە وا تێبگەین رۆژئاوا لە ئیسلام نزیك بۆتەوە، بەڵکو بێبایەخ سەیری ئیسلام دەکات.

شارستانییەتی رۆژئاوا بۆچوونە عەقڵیەکەی بەرامبەر ئیسلام نەگۆڕاوە، لە مڕۆدا زۆر بەتوندی بەرەنگاری هزری ئایینی دەکات، هەروەکو پێشتر کردویتی، هیچ بەڵگەیەکی قایلکەریش نییە کە گۆڕانێك بەرەو باشتر لە دوارۆژێکی نزیکدا رووبدات، بوونی هەندێ بانگەوازکاری موسڵمان لە رۆژئاواداو ئیسلامبوونی هەندێ خەڵکی ئەورووپاو ئەمەریکا کە هەندێ جار بە تەواوی لە رێنماییەکانی ئیسلام تێنەگەیشتوون، بە هیچ جۆرێك بەڵگە نییە لە نزیکبوونەوەی ئەورووپا لە ئیسلام.

لەم سەردەمەی کە گیانی ماددییەت باڵی کێشاوە بەسەر هەموولایەکدا، ئاساییە کە هەندێ کەس لێرەو لەوێ، ئەوانەی هەتا ئێستا تامەزرۆی زیندووبوونەوەی لایەنی رۆحین لە کۆمەڵگادا، بە پەرۆش بن بۆ هەموو بڕوایەك کە لەسەر بیرۆکەی ئایینی دامەزرابێ، لەم رووەوە هەر بە تەنها بانگەوازکردن بۆ ئیسلام لە رۆژئاوادا نییە، بەڵکو چەندەها دەستەو کۆمەڵی

سۆفیگەریی مەسیحیی هەیە، کە لە ژمارە نایەنو ئارەزویان لە زیندوو کردنەوەی ئایین هەیە، هەروەها بزووتنەوەی رۆشنگەریش هەیە، کە هێزی خۆی هەیە، هەر لە ئەوروپادا پەرستگاو نێراوانی (بوزی) هەیەو شوێنکەوتوانیشیان لە شارەکانی ئەوروپادا هەیە، ئەمەش بەڵگە نییە کە ئەوروپا لە ئایینی (بوزی) نزیك بۆتەوە، هەمان بەلگەش بۆ نزیکبوونەوە لە ئیسلام دەشێ، ئینجا موسڵمانبوونی کەمێك لە ئەوروپاییەکان، یان بوونیان بە (بوزی) هەرگیز بەلگە نییە لەسەر ئەوەی ئەو دوو ئاینە بە شێوەیەکی فراوان کاریان کردۆتە سەر ژیان لە رۆژئاوادا، بەڵکو هەموو توانای بانگەواز بۆ ئەو دوو ئاینە هەر ئەوەندە بووە کە حەزی کەمێك ئەوروپایی بووروژێنێ لەوانەی ئایینەکانی بیانی بەلایانەوە جوانەو خۆشیان خەیاڵاوینو لەوانەشە هەندێ لەوانەی بروا دێنن هەولبدەن بە دڵسۆزییەوە بۆ ئەوەی بگەنە راستیی، بەڵام ئەمجۆرە مەیلە بەلای ئایینی ئیسلامو بوزیو هی تریش ناتوانێ رووی شارستانییەتی ئەوروپا بگۆڕێ، جا ئەگەر ئێمە بتوانین بەراوردێك لە نێوان ئەو ئەوروپاییانەی ئایینی بیانی وەرئەگرنو ئەو هەموو کەسانەی دەچنە ناو کۆمەلە مادیانەی وەکو مارکسیو فاشییەوە، بە تەواوی بۆمان دەرئەکەوێ حەزو ئارەزووەکان شارستانیەتی رۆژئاوابەرەو کوێ دەڕوا، لەوانەیە تێکچوونی باری کۆمەلایەتییو ئابووریو بەرپابوونی جەنگێکی جیهانی نوێ کە پانتاییەکی فراوان بگرێتەوە، بە بەکارهێنانی چەکی کوشندە، کە بە هۆی سوودوەرگرتن لە زانستی نوێوە داهێنراوە، ئەمانە ببێتە هۆی لەخۆبایی بوونێکی مادیو شارستانییەتی رۆژئاوا بەرەو کارەساتو مەترسی ببات، ئەوکاتە عەقڵی ئەوروپی جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ لای لایەنی رۆحی دوای شکستخواردنی هزری مادییەت، دوای ئەوە دەشێ بانگەواز بۆ ئیسلام لە رۆژئاوادا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ، بەڵام ئەم گۆرانکارییە هەتا ئێستا لە ئاسۆی دوارۆژەوە دیار نییەو نابێ موسڵمانەکان گەشبین بن بەوەی کە دەسەڵاتی ئایینی ئیسلام لە ئەوروپادا بە شێوەیەك زیادی کردووە کە لەوانەیە زاڵ بێ بەسەر هزری ئەوروپاییەکاندا، ئەم بڕوابوونە بەم شێوەیە ترسناکەو هەڵەیەو دەمانخەڵەتێنێو وامان لێدەکات حەقیقەت نەبینین بە تایبەتی کە دەسەڵاتی رۆژئاوا لە جیهانی ئیسلامدا لە ئەوپەڕی بەهێزیایەتیو موسڵمانانیش خەوتوون کەچی دەسەڵاتی ئەوروپا کۆمەلگای ئیسلام دەلەرزێنێو دەیەوێ لە هەموو شوێنێکدا هەڵیوەشێنێ، کەواتە حەزکردن بە بڵاوبوونەوەی ئیسلام شتێکەو بیناکرنی هیوای درۆزنانە لەسەر ئەو حەزکردنە شتێکی ترە.

ئێمە خەو بەبڵاوبوونەوەی تیشکی ئیسلام بەسەر وڵاتانێکی بەرفراواندا دەبینین، کەچی لاوەکانمان کە لە نزیکمانەوەن، دانیشتوونو گوێ بەم دۆزە نادەنو ئەو ئاواتەی ئێمە هەمانە ئەوان لێی رادەکەن.

## پەروەردەکردن

لەبەر ئەوەی موسڵمانەکان هەر سوورن لەسەر تێڕوانین لە شارستانییەتی رۆژئاوا کە تەنها هێزە بۆ زیندووکردنەوەی شارستانییەتە مەنگ وەستاوەکەی ئیسلام، بەمە پشت بەستن بە خۆیان لاواز دەکەنو بە ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆ پشتی ئەو پاگەندە رۆژئاواییە دەگرن کە دەڵێ ئیسلام چالاکییەکە بە فیڕۆ دەچێ.

لە بەشەکانی پێشوودا هەندێ هۆکاری ئەو دیدەمان روون کردەوە کە دەڵێ ئیسلامو شارستانییەتی رۆژئاوا لەسەر دوو بیرۆکەی بە تەواوی دژبەیەکن لە ژیانداو ناکرێ رێك بکەون، جا ئەگەر ئەمە وابێ، چۆن دەتوانین نەوەی نوێ لەسەر رێچکەی رۆژئاوا، پەروەردە بکەینو هەموو ئەو پەروەردەکردنەش لەسەر رۆشنبیرییە تاقیکراوەکانی ئەوروپاو بە گوێرەی پێویستییەکانی ئەوان بێو لە هەموو خەوشێکی دوژمنایەتی کردنی ئیسلام پاککرابێتەوە؟ هیچ پاساوێك بۆ چاوەڕوانکردنی ئەمە نییە.

تەنها چەند بارێکی دەگمەن نەبێ کە رێئەدا بە عەقلێکی رۆشنی بەتوانا، زاڵ بێ بەسەر ماددەی خوێندندا، پەروەردەکردنی منداڵانی موسڵمان لەسەر شێوازی ئەوروپا، بێگومان ئیرادەیان لاواز دەکات،کە خۆیان بە نوێنەری شارستانییەتێکی پوختی (خوا) کرد، بزانن، کە ئیسلام بۆی هێناون، بێگومان بڕوای ئایینی لای ئەوانەی خۆیان بە

رووناکبیر دەزانن‌و لەسەر ڕێچکەی ئەوروپا پەروەردە کراون، بەرەو لەناوچوون دەچێ، بەڵام سۆزێکی خۆڕسك بۆ ئیسلام لەناو توێژە نا ڕۆشنبیرەکاندا هەیە پتر لە توێژی ئەو ڕۆشنبیریانەی بۆیەی ڕۆژئاوایان لە خۆیان داوە، ئەم جیاوازاییەش لەبەر ئەوە نییە کە زانستەکانی ڕۆژئاوا بە لگەی قایلکەری لەسەر خراپیی ڕێنماییە ڕاستەکانی ئایین هەبێ، بەڵکو کەشو هەوای هزری شارستانییەتی نوێی ڕۆژئاوا دژایەتی ئایین دەکات تا ئەو سنوورەی کە بارێکی قورسە بەسەر ئەو هێزە ئایینیە شاراوەیەی لە نەوەی نوێی ئیسلامدا هەیە.

زۆر بە کەمی مشتومڕ لەسەر خواناسیی‌و بێبڕوایی دەکرێ بەڵام وەکو وتراوە لادان بە لای خواناسی یا بێبڕوایدا لە ڕێگەی هەستو دەروونەوە دەبێت، بەڵکو لە زۆر کاتدا مرۆڤ لەو ژینگە ڕۆشنبیرییەوە کە تیا دەژی وەریدەگرێ، هەر لەبەر ئەمەشە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: "هەموو کەسێك کە لەدایك دەبێت لەسەر خۆڕسك (فطرة) لەدایك دەبێت، بەڵام باوك‌و دایکی ئەیکەن بە جوولەکە یان گاور یا مەجووسی".

وشەی باوك‌و دایك بە شێوەیەکی لۆژیکی ئەو ژینگە گشتییە دەگرێتەوە کە دەسەڵاتدارە بەسەر پەروەردەکردنی منداڵەوە، دەبێ دان بەوە دابنێین کە باری ئێستا لە ڕووی کەشو هەوای ئایینیەوە لە زۆرێك لە ماڵانی موسڵماناندا هەڵوەشاوە بە شێوەیەك کە هانی منداڵان‌و تازەپێگەیشتووان ئەدا پشت بکەنە ئایین‌و ئەگەر لەسەر بنەمای ڕۆژئاوا فێری خوێندەواری بێن ئەوا بێگومان هەڵوێستێکی دوژمنکارییان بەرامبەر ئایین دەبێ، ئینجا لێرەدا پرسیارێکی گرنگ بەرەو ڕوومان دەبێتەوە، هەڵوێستمان بەرامبەر زانستی نوێ دەبێ چۆن بێت؟ ناڕەزایی لەسەر فێرکردنی خوێندەواری بۆ موسڵمانان لە سەر شێوازی ڕۆژئاوا، هەرگیز ئەوە ناگەیەنێ کە ئایینی ئیسلام دژی خوێندەوارییە، ئەمە پاگەندەیەکە دوژمنانی ئیسلام دەیکەن، هیچ پاڵپشتێکی خواناسی (لاهوتی)و ئایینی نییە، قورئانی پیرۆز پڕە لەم ئایەتە پیرۆزانەی کە دەفەرموێ: (لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ، لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ). ئینجا لە سەرەتای قورئانی پیرۆزەوە خوای مەزن دەفەرموێ:(وعلم آدَمَ الأَسْمَاء كُلَّهَا) (البقرة: 31)، واتە: ئینجا کە ئادەمی دروست کرد، ویستی توانایی‌و لێهاتوویی بۆ فریشتەکان ڕوون بکاتەوە، ناوی هەرچی پێویستی دەورویەر هەیە فێری کرد.

دوای ئەوە لە هەندێ ئایەتی پیرۆزدا تێمان ئەگەیێنێ، کە مرۆڤ دوای ئەوەی کە ئەو ناوانە فێربوو لە هەندێ لایەنەوە پلەیان لە فریشتە بەرزترە ئەم ناوانە هێمایەك دەردەبڕێ بۆ ئەو توانای بیرکردنەوەی کە بەتایبەتی بە مرۆڤ بەخشراوە، کە بە هۆی ئەوەوە، دەبێ بە جێگری (خودا)ی مەزن لەسەر زەوی، وەکو قورئانی پیرۆز فەرمویەتی، لەبەر ئەوەی مرۆڤ سوودێکی چاك لە توانای بیرکردنەوەی وەربگرێ دەبێ خوێندەواری هەبێ، هەرلەم ڕووەوە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: "من سلك طريقا يلتمس فيه، علما سهل الله له طريقا الى الجنة"[] . واتە: "هەرکەسێ ڕێگەیەك بگرێ بۆ چوون بەدوای فێربوونی زانستێکدا، (خودا) ڕێگەیەکی بۆ ئاسان دەکات بۆ بەهەشت".

هەروەها فەرمویەتی: "ان فضل العالم على العابد كفضل القمر ليلة البدر على سائر الكواكب"[] . واتە: بەهای زانای خواپەرست بەسەر خواپەرستی باوەڕ پتەودا، وەکو بەهای مانگی چواردەیە بەسەر هەموو ئەستێرەکاندا.

پێویست ناکات ئاماژە بۆ ئایەتی قورئانی پیرۆزو فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ بکەین، بۆ بەرگریی لە هەڵوێستی ئیسلام بەرامبەر زانست، مێژوو دەیسەلمێنێ‌و گومانی تیا نییە، کە هیچ ئایینێك ئەوەندەی ئیسلام هانی پێشکەوتنی زانستی نەداوە.

ئەو هاندانەی زانستو توێژینەوەی زانستیش لە لایەن ئایینی ئیسلامەوە ئەنجامەکەی ئەو بەرهەمە ڕۆشنبیرییە ڕۆشندارەیە کە سەردەمی ئەمەوییەکان‌و عەباسییەکان‌و دەوڵەتی عەرەبی لە ئەندەلوسدا بەدەستی هێنا، ئەورووپاش چاك ئەوە دەزانێ، چونکە هەتا ڕۆشنبیرییەکەشی قەرزاری ئیسلامە کە گەیشتە ئەو پێشکەوتنە لە دوای چەند سەدەیەك کە لە

---

[] مسند احمد بن حنبل وجامع ترمذي وسنن ابي داود وابن ماجة.

[8] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

تاریکیدا ژیاوه، ئێمه ئەمه نالێین وەکو شانازییەك بەو رابووردووە شکۆدارەوه، لەم سەردەمەی کە جیهانی ئیسلامی وازی لە نەریتە تایبەتییەکانی خۆی هێناوەو لای داوه بەلای کوێریو هەژاریی لە هزردا، لەم بارە نالەبارەی ئەمڕۆماندا، مافی ئەوەمان نییە شانازیی بەو رابوردووە شکۆدارەوه بکەین، چونکه دەبێ ئەوەمان لا روون بێت، کە پشتگوێ خستنی موسڵمانەکان بۆ رێنماییەکانی ئایینەکەیان هۆکاری ئەم دارمانەی ئێستایانه نەك کەموکورتی لە رێنماییەکانی ئیسلامدا.

ئیسلام هیچ کاتێك بەربەست نەبووه لە رووی پێشکەوتنی زانستداو رێز لە چالاکی هزری مرۆڤ دەگرێ تا ئەو پلەیەی بەرزی دەکاتەوه بۆ سەروی فریشته، هیچ ئایینێك ئەوەندەی ئیسلام سوور نەبووه لەسەر سەرداریەتی عەقڵ، کە ئەمەش سەرداریەتی زانست بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیاندا دەگەیێنێ.

ئەگەر ئێمه بە گوێرەی پایەکانی ئەم ئایینە هەڵسوکەوت بکەین، ناتوانین واز لە زانستی نوێ لە ژیانماندا بهێنین، ئێمه حەز دەکەین خوێندەوار بین و پێشبکەوین و لە لایەنی زانستی و ئابوورییەوه وەکو گەلانی ئەوروپا بە توانا بین، بەڵام تەنها شتێك، کە موسڵمانان خوازیاری نین ئەوەیە کە بە چاوی رۆژئاواو دیدی ئەوان ببینن، ئەوان ئەگەر دەیانەوێ وەکو موسڵمان بمێننەوه، خوازیار نین شارستانییەتیە رۆحییەکەی ئیسلام بە تاقیکراوه مادییەکەی ئەوروپا بگۆڕنەوه.

خودی زانیاری نە تایبەتە بە رۆژئاواو نە رۆژهەڵاتەوه، بەڵکو بۆ گشت کەسەو بە گوێرەی ئارەزووی رۆشنبیری گەلانی جیاواز دەبێ، زانستی ژیان و زانستی سروشت و زانستی رووەك، هەمووی لەو مەبەستەی دەتەوێ، ماددی نییە، هەروەها رۆحیش نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە چاودێری راستیەکانی و کۆکردنەوەیان و دەستنیشانکردنەوەیانەوه هەیە، ئینجا دەرهێنانی لایەنە رێکو چاکەکەیان لێیانەوه، بەڵام فەلسەفەی زانستەکان لەسەر راستییەکان و بینین بە تەنها دانانرێن، بەڵکو تا سنوورێکی دوور بە کاریگەری ئارەزووەکانمانەوەیە، کە خۆڕسکە تیاماندا و بە هەڵوێستمان بەرامبەر پەی بردن بە ژیان و گیروگرفتەکانی.

فەیلەسوف ئەڵمانی (کانت) ئەڵێ: "هەرچەند نامۆ دەردەکەوێ، بەڵام گومانی تیا نییە کە عەقڵمان دەرئەنجامەکان لە سروشتەوه هەڵناهێنجێ، بەڵکو دەیخاتە پاڵی".

ئەوروپا ئەگەر چاوپۆشی لە عەقڵیەتە رۆشنبیرییە پایەبڵندەکەشی بکەین، ئەوان هەر ئامادەییان بۆ ماددیەت تێدایە، لەبەر ئەوە دوژمنایەتی ئایین دەکات، هەروەها سیستمی پەروەردەش بە گشتیی، ئایین پشتگوێ دەخات.

فێربوونی زانستی تاقیکراوەی نوێی ئەوروپا زیان بە راستییە رۆشنبیرییەکانی ئیسلام نابەخشێ، بەڵکو ناوەڕۆکی شارستانییەتی ئەوروپا کە موسڵمانان بە هۆی ئەو زانستانەوه لێی نزیك دەبێتەوه زیان بەخشە، لە ئەنجامی گرنگی نەدانمان بە تویژینەوە زانستییەکان بە داخەوە هەموو کاتێ متمانە دەخەینە سەر شێوازی ئەوروپی لە پیشکەشکردنی زانستدا، ئێمه گەر پەیڕەوی بنەمای ئیسلاممان بکردایه کە فێربوونی خوێندەواری پیویست کردووه لەسەر هەموو موسڵمانێکی پیاووژن، لە مرۆدا چاومان نەدەبڕییە ئەوروپا بۆ فێربوونی زانست، هەروەکو چۆن مرۆڤێکی تینو چاو دەبڕێتە تراویلکە (سراب) کە لە ئاسۆیەکی دووردا بەدی دەکرێ لەبەر ئەوەی گوێنەدانی موسڵمانان بۆ ئەم لایەنە زۆری خایاند، لە نەزانین و هەژاری ماددیدا نقوم بوون بەڵام ئەوروپا توانی هەنگاوی گەورە بەرەوپێشکەوتن بنێ، لەبەر ئەوە پێویستمان بە کاتێکی درێژخایەن هەیە تا ئەم کەموکورتییە پڕ بکەینەوه، تا ئەو سەردەمە ناچارین کە لەسەر شێوازی فێربوونی ئەوروپاوە زانستی نوێ وەربگرین، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە ئێمە بەستراوینەتەوه بە ماددە زانستییەکان و شێوازەکەی ئەوانەوه، بەواتەیەکی تر پێویستە ئێمە دوودڵ نەبین لە خوێندنی زانستە بیرکارییە سروشتییەکان بە گوێرەی بنەمای رۆژئاوا، بەڵام دەبێ ملکەچ نەکەین بۆ فەلسەفەی رۆژئاوا لە هیچ پلەیەکی خوێندندا لە پەروەردەکردنی نەوەی نوێدا، بێگومان هەندێ لە زانستە بیرکارییە سروشتییەکان گەیشتونەتە دوورتر لە توێژینەوەی تاقیکردنەوەی تۆکمەو زۆرجار گرانە کە سنورێکی جیاکراوه لە نێوان زانستی تاقیکراوەو فەلسەفەی رووکەش (نظري) دابنرێ، بەڵام لە لایەکی ترەوه دەبێ رۆشنبیریی ئیسلامیی لەم خاڵەدا دەسەڵاتی خۆی تیا بچەسپێنێ.

دەبی زانایانی موسڵمان لەو فرسەتانەدا، کە بۆیان هەڵدەکەوێ، کە گەیشتنە سنووری توێژینەوەی زانستی، گۆشەنیگای ژیریی سەر بەخۆی خۆیان بەکار بهێنن‌و خۆیان لە تیۆرە فەلسەفییەکانی رۆژئاوا جیا بکەنەوەو بە گوێرەی ئاراستەی عەقڵی تایبەتی خۆیان واتە ئیسلامی دەتوانن بگەنە دەرئەنجامێکی باوەڕپێکراو کە لەوانەیە هەندێ جیاوازیی هەبێ لەگەڵ ئەوانەی زانا نوێیە رۆژئاواییەکان پێیگەیشتوون، بەڵام هەرچییەك کە دوا رۆژ ئاشکرای دەکات، دەکرێ ئێمە ئەو زانستانە بە شێوەیەك بخوێنین کە ملکەچ نەبین وەکو بەندەیەك بۆ عەقڵیەتی رۆژئاوا، ئەوەی ئەمڕۆ جیهانی ئیسلامیی پێویستی پێیەتی سەرپەرشتییەکی فەلسەفەی نوێ نییە، بەڵکو وەرگرتنی زانستی نوێی سەردەمە، ئەگەر داوام لێبکرێ کە پێشنیارێك بۆ لیژنەیەکی زانستی بکەم کە بە تەنها رێنماییە ئیسلامییەکان بە هەند وەرئەگرن من هانیان ئەدەم کە لە هەموو بەرهەمە عەقڵییەکانی رۆژئاوا هەڵبژێرن لە زانستە سروشتییەکان‌و بیرکاریی تا لە قوتابخانەکانی وڵاتانی ئیسلامیدا بخوێنرێن بەمەرجێك ئەو هەڵوێستەی باسمان کرد دەبێ بپارێزرێ، بەڵام خوێندنی فەلسەفەو ئەدەبو مێژووی گشتیی ئەورووپی لە گۆشە نیگای رۆژئاواوە دەبێ پلەیەکی گرنگی لە پرۆگرامەکانی خوێندندا پێنەدرێ.

هەڵوێست بەرامبەر فەلسەفەی ئەورووپی ئەبێ هەر لە سەرەتاوە روونو ئاشکرا بێ، بەڵام ئەدەب بە دڵنیاییەوە ئەبێ خوێندنی قەدەغە نەکرێ‌و تا سنووری نرخە رەسەنەکەی، واتە لە رووی زمانەوە بخوێنرێ‌و ئەو شێوازەی کە ئەدەبی ئەورووپی لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا دەخوێنرێ بە راشکاوی دەڵێن بە گوێرەی ئارەزووەو دانانی نرخی بێ سنوور بۆی وا لە عەقڵە تازە پێگەیشتووە ناسکەکاندا دەکات کە کوێرانە گیانی شارستانییەتی ئەورووپا وەربگرێ‌و خۆی بۆ بوکتێ، پێش ئەوەی مۆڵەتی بدرێتێ لایەنە نادروستەکانی بە تەواوی بزانێ.

بەمشێوەیە بە کردەوە لاسایی شارستانییەتی رۆژئاوا دەکات کە هەرگیز لەگەڵ کرۆکی ئیسلامدا رێك ناکەوێ، ئەو رۆڵەی کە دراوە بە ئەدەبی ئەورووپی لە قوتابخانەکانی موسڵماندا، دەبێ بیگۆڕین بە خوێندنێکی ژیرانە کە فراوانی‌و دەوڵەمەندی ئەدەبی ئیسلامی تیا بدرەوشێتەوە، بەمە هیوایەکی نوێ دەربارەی دواڕۆژێکی چاك لە دەرونیا دروست دەبێ.

خوێندنی ئەدەبی ئەورووپی بەم شێوەیەی ئەمڕۆ کە زۆر دامەزراوی ئیسلامی گرتۆتەوە دەبێتە هۆی ئەوەی، کە ئیسلام لەبەرچاوی نەوجەوانانی موسڵمان نامۆ بکات.

لێکدانەوەی ئەورووپا بۆ مێژووی گشتیی هەتا ئێستا هەر شێوازە کۆنەکەیە کە بە ئاشکرا مانای "رۆمانیەکان‌و بەربەرییەکان" دەگەیەنێ، پێشکەشکردنی مێژوو بەم شێوەیە ئامانجێکی شاراوەی تێدایە کە ئەویش بەڵگەهێنانەوەیە لەسەر ئەوەی گەلانی رۆژئاواو شارستانییەکەیان پلەیان بەرزترە لە هەموو شتێك کە هەبووە یان لەوانەیە لە مەودوا پەیدا ببێ، ئەمەش جۆرێك لە پاساو دروست ئەکات، بۆ هەوڵدانی ئەورووپاییەکان بۆ دەست بەسەراگرتنی وڵاتان‌و بەهێزکردنی توانای ماددییان، ئەورووپاییەکان هەر لە سەردەمی رۆمانییەکانەوە وا راهاتبوو، کە جیاوازیی لە نێوان گەلانی رۆژهەڵات‌و رۆژئاوادا بکەنن بەڵگەش دەهێننەوە، کە پێشکەوتنی جیهان هەر لەسەر بنەما تاقیکراوەکانی رۆشنبیری ئەورووپا دەکرێ بەم جۆرە تێڕوانینە کورت بینییە، مێژووکەیان هەر بۆ پیاهەڵدانی خۆیان کردووەو هیچ حسابێکیان بۆ ئەو گەلانە نەکردووە کە ئەورووپی نین.

مەگەر بوونیان، وە پێشکەوتوو بوونیان کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر چارەنووسی ئەروورپادا هەبێ، بەڵام ئەگەر مێژووی ئەورووپا بە باسکردنێکی دوورو درێژو رەنگاورەنگ نیشانی فێرخوازی موسڵمان بدەی‌و مێژووی تری جیهان هەر بە کورتی بەسەریا بڕۆی ئەوا خوێنەر بەهەڵە واتێدەگا مەزنی ئەو پلەیەی ئەورووپا لە لایەنی کۆمەڵایەتی‌و عەقڵییەوە گەیشتویەتێ بەراورد ناکرێ لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی لە جیهاندا روویداوە، ئەمەش وا دێتە بەرچاو هەروەکو جیهان لەبەرخاتری ئەورووپاو شارستانییەتییەکەی بوونی هەیەو هەموو گەلانی ترو شارستانییەکان تەنها وەکو پەراوێز بۆ بڵندی ئەورووپا بوونیان هەیە، تەنها کاریگەریش کە دەشێ ئەم خوێندنی مێژووە لە عەقڵی نەجەواندا شوێنەوار بەجێ بهێڵێ جگە

له گەلانی ئەورووپا، هەستکردنی ئەو گەلانەیە بە خۆکەمدانان لە رووی رۆشنبیریی‌و مێژووی رابووردوویان، وە بەو فرسەتانەی لە دوا رۆژدا بۆیان هەڵدەکەوێ‌و ناتوانن سوودی لێوەربگرن.

بەمشێوەیە پەروەردە دەکرێن بە گوێرەی بەرنامەڕێژکراوێك لەسەر بێزکردنەوە لە رابووردوو دواڕۆژیشیان، مەگەر دواڕۆژێك بێت لەسەر شێوەی نموونە بە هاکانی رۆژئاوا بۆ ئەوەی بتوانین بەرەنگاری ئەم کاریگەرە خراپانە بکەین، پێویستە لەسەر سەرکردە ژیرەکانی هزری ئیسلامی هەموو توانایەك بەکار بهێنن بۆ گۆڕینی یا راستکردنەوەی خوێندنی مێژوو لە دەزگا ئیسلامییەکاندا، بێگومان ئەمە کارێکی سەختە، پێویستی بە پاکژکردنی بنەڕەتی توێژینەوە مێژووییەکان هەیە، پێش ئەوەی لە توانادا هەبێت مێژووی نویٚ بۆ جیهان لە گۆشەنیگای ئیسلامەوە بنووسرێت، ئەمە ئەگەر کارێکی گرانیش بێت، بەڵام لە توانادا هەیە کە بکریٚ جگە لەوەی ئەرکێکی پێویستیشە ئەگەرنا ئەوا نەوەی نوێی موسڵمان بەردەوام لەبەر کاریگەری تەوژمە نهێنییەکاندان.

کە بەسووك سەیرکردنی ئیسلامیان فێر دەکەن، ئەنجامیش زیادبوونی هەست بەخۆ کەمدانانە رۆژ لەدوای رۆژ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی لە پاش زەمەنێك ئەم هەستە نەمێنیٚ ئەگەر موسڵمانەکان ئامادەبن رابێن لەگەڵ شارستانییەتی رۆژئاوا بە گشتیی‌و لە ژیانیاندا واز لە رێنماییەکانی ئیسلام بهێنن، ئێمە بڕوامان وایە، پێشکەوتنی نوێی رۆژئاوا ئەم بۆچوونەمان دەسەلمێنیٚ، کە لایەنی رەوشت لە ئیسلامدا بەتایبەتی لە رووی کۆمەڵایەتی‌و کەسایەتی‌و دادوەری‌و سەربەستییەوە زۆر بڵندترو پیرۆزترو تەواو ترە لە شارستانییەتی ئەورووپا.

ئیسلام دەرمارگیریی رەگەزی نەهێشتو رێگای خۆش کرد بۆ برایەتی‌و یەکسانی لە نێوان مرۆڤدا، بەڵام شارستانییەتی رۆژئاوا هەتا ئێستا نەیتوانیوە خۆی رزگار بکات، لە دوژمنکاری نەتەوەیی‌و رەگەزیی، ئیسلام جەنگی جینایەتی کۆمەڵگای بە خۆیەوە نەدیوە، بەڵام هەموو مێژووی ئەورووپا هەر لە سەردەمی یۆنان‌و رۆمانەوە، پڕە لە ململانیٚ‌و دژمنایەتی لە نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکاندا، دەشیٚ وەکو پێشتر وتمان موسڵمانەکان سوود لە ئەورووپا لە لایەنی زانستەوە، وەربگرن وەکو زانستە سروشتییەکان‌و بیرکاری لە شێوەی رەسەن‌و تاقیکراوەکانیاندا، بەڵام دەبیٚ پیویست بوون بۆ وەرگرتنی زانست لە دەرەوەی وڵاتدا وا لە موسڵمان نەکات، شارستانییەتی ئەورووپا بە پلە بەرزتر لە شارستانییەتی خۆی بزانیٚ، چونکە ئەگەر وا تێبگا نرخی ئیسلام نازانیٚ، بڵندیی‌و رۆشنبیری یا شارستانییەك بەسەر هیتردا هەر لە رووی زانیاریی ماددییەوە سەرکەوتوو نییە ئەگەر چالاکیی لە رووی رەوشتەوەو توانایی لەسەر رێکخستنی لایەنەکانی ژیانی مرۆڤی نەبیٚ.

لەم رووەشەوە ئیسلام بە هاى لە هەموو رۆشنبیرییەکی تر بەرزترە، پیویستە فەرمانەکانی ئیسلام جێبەجیٚ بکەین، هەتا بتوانین بگەینە ئەوپەڕی ئەو توانایەی کە مرۆڤ دەتوانیٚ بیگاتیٚ، ناشیٚ لاسایی شارستانییەتی رۆژئاوا بکەینەوە، هەرگیز نابی ئەوە بکەین ئەگەر بمانەویٚ نرخی ئیسلام بپارێزین‌و هەوڵبدەین بۆ زیندووکردنەوەی ئەو کاریگەرە خراپەی کە شارستانییەتی رۆژئاوا لە عەقڵی هەموو موسڵماناندا دەیکات زۆر زۆرترە لەو سوودە ماددییەی کە ئەو شارستانییەتە منەتمان بەسەردا دەکات.

ئەگەر موسڵمانەکان لەمەو پێش توێژینەوەی زانستییان پشتگویٚ خستبیٚ، نابیٚ بۆ راستکردنەوەی ئەو هەڵەیە، هەر چاوەڕوان بن‌و بەبیٚ بەربەست لەهەر رێگایەکەوە بیٚ زانست وەربگرن.

دواکەوتویمان‌و هەژاریمان لە رووی زانستەوە، هاوڕێك نییە لەگەل ئەو کاریگەرییەی کە بە لاسایی کوێرانەی سیستمی خوێندنی رۆژئاوا لە توانا شاراوەکەی ئایینی ئیسلامدا ئەیکات، ئەگەر بمانەویٚ پارێزگاریی حەقیقەتی ئیسلام لە رووی رۆشنبیرییەوە بکەین، دەبیٚ لە کەشی هزری شارستانییەتی رۆوژئاوا خۆمان بپارێزین، ئەو کەشەی خەریکە زاڵ بیٚ بەسەر کۆمەڵگاکەمان‌و ئارەزووەکانماندا، بە لاسایی کردنەوەی نەریتو جلوبەرگیان لە ژیانی رۆژانەماندا، موسڵمانان ناچار دەبن بەرە بەرە گۆشە نیگای رۆژ ئاوا وەربگرن، لاساییی کردنەوەی دیمەنی دەرەوە، وردە وردە راتئەکێشیٚ بۆ قایلبوون بەو ئارەزووە عەقڵییەی هاوتایەتی.

# لاساییكردنەوە

لاساییكردنەوەی موسڵمانەكان جا ئەگەر بە تاكە كەس یان بە كۆمەڵ بێت هی شێوەی ژیانی ڕۆژئاوا، بێگومان گەورەترین مەترسییەكە تووشی شارستانییەتی ئیسلام دەبێت، ئەو نەخۆشییە (كە هەر ئەبێ بەو ناوەوە ناوی بەرین) دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە نیو سەدەو پەیوەندیی بە بێهیوایی موسڵمانەكانەوە هەیە، ئەوانەی سەیری هێزو توانای ماددیو پێشكەوتنی ڕۆژئاوایان كردو بەراوردیان لەگەڵ باری ناهەمواری ژینگەی خۆیان كرد، نەزانی موسڵمانەكان بۆ ڕێنماییەكانی ئایینی ئیسلام كە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ بیرتەسكی ئەو كەسانەی كە ناومان ناون شارەزایانی ئاین (فقهاء) ئەو هزرە دروست بوو كە دەڵێ: موسڵمانەكان ناتوانن لەگەڵ ئەو پێشكەوتنەدا برۆن كە لە هەموو جیهان بەرچاو دەكەوێ، ئەگەر قایل نەبن بەو بنەما كۆمەڵایەتییو ئابوورییانەی كە وڵاتانی ڕۆژئاوا پێی قایلبوون لە سەردەمێكدا جیهانی ئیسلامی مەنگ وەستابوو، زۆرێك لە موسڵمانان بڕوایان بەدەرئەنجامێكی سادەو رووكەش پەیدا كربوو كە دەیانوت ڕژێمی ئیسلامی لە رووی كۆمەڵایەتیو ئابوورییەوە لەگەڵ پێویستییەكانی پێشكەوتنی نوێدا ناگونجێ، لەبەر ئەوە پێویستە بە گوێرەی شێوازی ڕۆژئاوا بگۆڕێن، ئەو كەسانەی كە بە ڕووناكبیر دائەنران هیچ خۆیان خەریك نەكرد بە لێكۆڵینەوەی ئەوەی تا چ رادەیەك ئەو شوێنكەوتنە بە دوای ڕۆژئاوادا لەسەر ئیسلام دەكەوێ وەكو ئایینێكو دەبێتە هۆی دواكەوتوویی موسڵمانەكان، ئینجا ئەو كەسانە بواریان بە خۆیان نەدا تا هەڵوێستی ڕاستەقینەی ئیسلام ببینن، هەروەكو لە قورئانی پیرۆزو فەرموودەكانی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە.

بەڵكو ئەوانە هەر وایان دەزانی كە ڕێنماییەكانی شارەزایانو زانایانی ئاایینی سەردەم بەربەستێكی تۆكمەیە لەبەرامبەر بەگەیشتن بە پایەیەكی بڵندو پیشكەوتن لە رووی ماددییەوە، ئینجا ئەوانە لە بری ئەوەی سەیری سەرچاوە رەسەنەكانی ئیسلام بكەن وایان دانا كە (شەریعەت)، لەگەڵ ئەو لێكدانەوانەدا كە بۆ شەریعەت كراوە (فقه)، مەنگ وەستاوەو یەك شتیشن، بە تایبەتی (فقه)یان بە كەموكورت دائەنا لەبەر ئەوەی گرنگیان بە (شەریعەت)یش نەئەدا، هەروایان دەزانی لاسایی كردنەوەی شارستانییەتی ڕۆژئاوا تەنها بوارە بۆ ڕزگاركردنی ئیسلام لەو دواكەوتوویییەی تووشی بووە.

چاكترین كتێبی دانراو لە رووی هزرەوە لەم سەردەمەدا ئەو كتێبانەن كە باس لەوە دەكەن شەریعەتی ئیسلام ڕێی لەم پێشكەوتنە نوێیە ناگرێ وەكو هەندێ تێگەیشتوون هەرچەند ئەم كتێبانە نەیتوانی ئەو تەوژمە كوێرانەیە بوەستێنی كە باوی سەندووە لە ناو وڵاتانی ئیسلامدا بۆ دواكەوتن بە دوای شارستانییەتی ڕۆژئاوادا، زۆر كتێبیش لەسەر ئەم بیروبۆچوونە دانراو وایان دەزانی بەرگریی لە ڕێنماییەكانی ئیسلام دەكەن، بەڵام بە شێوەیەك سەیری ڕێنماییەكانی ئیسلامیان دەكرد كە دەتوانرێ بە ئاسانی لەگەڵ دیدی شارستانییەتی ڕۆژئاوادا لە رووی كۆمەڵایەتییو ئابوورییەوە بگونجێو پاساویان بۆ لاسایی كردنەوەی ڕۆژئاوا دەهێنایەوە، تا ڕێگایان خۆشكرد بەرەبەرە لە ڕێنماییە كۆمەڵایەتییەكانی ئیسلام دوور بكەونەوە لە ژێر ناوی پێشخستنی ئیسلامدا، بەو دەوڵەتانەی ئەو ڕێبازەیان هەڵبژارد، ئێستا پێیان دەوترێ دەوڵەتە ئیسلامییە پێشكەوتنخوازەكان!!

پێویست ناكات مشتومڕ لەم ڕووەوە بكەین وەكو هەندێ ڕووناكبیری موسڵمان دەیكات، كە دەڵێن موسڵمان تووشی تەنگژەو دەرئەنجامێكی ڕۆحی نەگەتیف نابێ ئەگەر لاسایی نەریتە كۆمەڵایەتییەكانی ئەوروپا بكەن، یا جلوبەرگی ئەوروپی یا ئاسیاوی لەبەر بكەن، یا پارێزگار بین لە ژیانماندا یا نەبین، هەروەكو لە بەشی یەكەمدا باسمان كرد كورتبینی لە ئیسلامدا نییە، ئیسلام پانتاییەكی فراوانی لە هەموو لایەنەكانی ژیاندا بە مرۆڤ بەخشیوە، بە مەرجێ دژی ڕێنماییەكانی ئایین نەبێت، ناكرێ چاوپۆشی لە گەلێ شت بكرێ كە لە جەوهەردا بەشێكە لە قەوارەی كۆمەڵایەتی ئەوروپا وەكو سەربەستیو بەرەڵڵاییەكی رەها لە كاری سێكسدا، هەروەها سوو خواردن كە بنەمای چالاكیی ئابوورییانە، ئەمانە دژ بە ڕێنماییەكانی ئیسلامە، كە چەندو چۆونی لەگەڵدا ناكرێ، ئینجا یەكێ لە سیفەتە بنەڕەتییەكانی شارستنایەتی ڕۆژئاوا، قەدەغە كردنو ئاراستەكردنی ئاینە لە مرۆڤدا.

هەر ئەو کەسانە سادەن لە بیرکردنەوەیاندا، بڕوایان وایە کە دەتوانرێ لاسایی هەر شارستانییەك بکەیتەوە لە رووی دیمەنی دەرەوەیدا بەبێ ئەوەی لە هەمان کاتدا، کرۆکی ئەو شارسنابیە کاریگەری لەسەر ئەو کەسانە هەبێ، شارستانییەت قەبارەیەکی بەتاڵ نییە، بەڵکو چالاکییەکی زیندووە، هەر لەو ساتەوەی بە شێوازەکەی قایل دەبین ڕێڕەوە بنەرەتییەکەی و چالاکییە کاریگەرەکەی کارمان تێدەکاتو شێوازە تایبەتییەکەی بەسەر عەقڵماندا دەپۆشێ بەبێ ئەوەی سەرنجمان بۆی بچێ.

پێغەمبەر موحەممەد ﷺ زۆر بە چاکیی ئەم کارتێکرنەی هەڵسەنگاندووە کە فەرمویەتی: (من تشبه بقوم فهو منهم)[1]. واتە: "هەرکەسێك لاسایی نەتەوەیەکی کردەوە، ئەوە لەوان دەژمێرێ".

ئەم فەرموودە بەناوبانگە تەنها دەربڕینێکی ئەدەبی نییە، بەڵکو ئامۆژگارییەکی بەنرخەو ئەو مانایە دەبەخشێ کە موسڵمان ناتوانی خۆی قوتار بکا لەوەی رەنگی ئەو شارستانییەتە دەگرێ کە لاسایی دەکاتەوە، لەم رووەوە ئەستەمە جیاوازی تەواو لە نێوان ئەوەی کە گرنگەو ئەوەی کە گرنگ نییە لە رووی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە بکرێ هەڵەیەکی گەورەشە ئەگەر وای دابنێین بۆ نموونە جلوبەرگ شتێکی دەرەکییەو لەسەر ژیانی مرۆڤ لە رووی عەقڵیو رۆحییەوە مەترسی نییە لەبەرکردنی ئەو جلوبەرگە لەگەڵ هەستی داهێنانو ئارەزووەکانی ئەو گەلەدا یەك دەگرنەوە، جلوبەرگی ئەورووپی ئەمڕۆ لەگەڵ تایبەتمەندی عەقڵی ئەورووپادا یەك دەگرن، بە لەبەرکردنی جلوبەرگی ئەورووپی، موسڵمانەکان بێئەوەی هەستی خۆیان ئاشکرا دەرکەوێ، لە نێوان زەوقی خۆیانو زەوقی ئەورووپایی، تێکەڵ بەیەك دەبن، بەمەش لایەنی عەقڵی خۆی دەگۆڕێ بە شێوەیەك کە لەگەڵ جلوبەرگە نوێکەدا بگونجێ بەم کردارەشی ئەو موسڵمانە واز لە رۆشنبیری نەتەوەیی خۆیو ئەو زەوقەی لەسەری راهاتبوو دەهێنێو بە بەرگی بەندایەتی عەقڵی شارستنابییەتی بیانی کە پێی لەبەر کراوە قایل دەبێ، (ئەمە لەم سەردەمەدا پتر لە جلوبەگی ئافرەتاندا دیارە)[2]، موسڵمان ئەگەر شێوازی ژیانیو هەڵسوکەوتو جلوبەرگی وەکو ئەورووپایی بێ، ئەوە دەرئەخات، کە شارستانییەتی ئەورووپای بەلاوە باشترە لەوەی خۆی، هەر چەند پاساویش بێنێتەوە بۆی ئەستەمە سەرسام بیت بە کرۆکی شارستانییەکو لاسایی بکەیتەوە کە ڕێنمایی ئایینی واز لێهێناوە، تۆش وەك موسڵمانێکی تەواو بمێنێتەوە، ئەو لاسایی کردنەوەیە تەنها لە ئەنجامی هەستکردن بە خۆ کەمدانانەوەیە، ئەو کەسانە بەرارود لە نێوان هێزو توانای مادیو هونەریو دیمەنە بریسکدارەکەی رۆژئاواو ئەو داماوییەی تووشی جیهانی ئیسلامیی بووە دەکەنو لەوەوە دەگەنە ئەو بڕوایەی کە لەم سەردەمەدا هیچ بوارێك نییە بۆ پێشکەوتن، تەنها ڕێگای رۆژئاوا نەبێت. دەبینین لۆمەکردنی ئیسلام بووە بە باو لەناوماندا ئەوانەی کە ناویان بەژێردەبەین پاساو دەهێننەوەو خۆیان قایل دەکەنو خەڵکی تریش قایل دەکەن بەوەی کە ئیسلام دەتوانێ بە ئاسانی لە کرۆکی شارستانییەتی رۆژئاوا سوودوەربگرێ بەبێ ئەوەی کاریگەری خراپی بۆمان هەبێ.

ئەگەر موسڵمانان بیانەێ ئایینی ئیسلام زیندوو بکەنەوە، دەبێ بەسەربەرزی بژینو باوەڕیان بە خۆیان هەبێ، کە کەسانێکی دیارو جیاوازن لە هەموو خەڵکی ترو شانازیی بە ئیسلامەوە بکەن، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە گوێیان لە ئاستی هەموو دەنگێکەوە کە لەدەرەوە دێت کەڕ بکەن، دەتوانرێ هەمووکاتێ هزرو کاری چاكو نوێ لە شارستانییەکی بیانییەوە وەربگیرێ بەبێ ئەوەی شارستانییەتی خۆت بڕوخێنی، پێشکەوتنی ئەورووپا چاکترین نموونەیە لەم رووەوە، ئێمە بینیمان چۆن ئەورووپا شتە کاریگەرەکانی عەرەبی کە پەیوەندییان بە زانستو شێوازەکانییەوە هەیە بە ڕەزامەندی تەواوەوە وەرگرت، بەڵام بە دیمەنی دەرەوەیو بە کرۆکی رۆشنبیریی عەرەبی هەرگیز قایل نەبوون، سەربەخۆیی عەقڵی خۆیشیان لە پێناوی ئەوەدا نەکرد بە قوربانی، ئەورووپا ئەو شتە چاکانەیان هەروەکو پەینی کیمیایی بۆ زەوییەکەیان بەرکارهێنا، هەروەکو چۆن عەرەب کاتی خۆی سوودیان لە رۆشنبیری یۆنانی وەرگرت، لەو دوویارەدا دەرئەنجام شارستانییەتە

---

[1] مسند ابن جنبل وسنن ابی داود.

[2] وەرگێڕ.

ڕەسەنەکە گەشەیەکی مەزنی نوێی بەخۆیەوە دی، کە پڕبوو بە باوەڕبوون بەخۆ هیچ شارستانییەتییەك ناتوانێ گەشە بکات یا بمێنێتەوە ئەگەر شانازیی بەخۆیەوەو پەیوەندی بە رابردوویەوە لەدەست بدات.

جیهانی ئیسلام ئارەزوویەکی زیادڕەوی هەیە بۆ لاسایی ئەوروپاو وەرگرتنی بیروبۆچوونو نموونە پایەبەرزەکانی رۆژئاوا، ئەمەش بەرە بەرە ئەو پەیوەندییەی کە بە ڕابووردوویەوە بەستوویەتەوە دەیپچڕێنێ، لەو پێناوەدا نەك هەر پلەو پایە رۆشنبیرییەکەی لەدەست ئەدات، بەڵکو لایەنە رۆحیەکەشی، ئەمەش لە درەختێك دەچێت کاتێ ڕەگی چووبوو بە قوڵایی زەویدا، زۆر پتەو بوو، بەڵام ئارەزووی لادان بە لای شارستانییەتی رۆژئاوادا، خۆڵی لەسەر ڕەگەکانی لاداو لەسەرخۆ بەرەو وشکبوون دەچوو، لەبەر نەچوونی خۆراك بۆی، گەڵاکانی دەست ئەکات بە هەڵوەرینو لقەکانی وشك دەبێت، دواتر لە خوارووی قەدەکەیدا مەترسی سەر هەڵئەدا کە هەڕەشەی کەوتنی بۆسەر زەوی لێدەکات.

کەواتە شارستانییەتی رۆژئاوا، ناشێ ببێ بەهۆی کارێکی ڕاستو دروست بۆ بەئاگاهێنانەوەی جیهانی ئیسلام لەو سڕبوونە عەقڵیو کۆمەڵایەتییەی تیایدایە، ئەو سڕبوونەی کە بۆتە لێکهەڵوەشاندنی دیمەنی ئاینو خەریکە وەك نەریتێکی بێگیانی لێبێت.

ئیسلام پرۆگرامێکە سنوورەکەی ئاشکرایە بۆ تاکەکەسو کۆمەڵگاش، دەشێ ئیسلام لاوازببێ ئەگەر موسڵمانەکان رۆشنبیری بیانییان کرد بە بەرنامەی خۆیان، هەروەها دەتوانرێ ئیسلام بیوژێتەوە هەرکاتێ گەڕایەوە بۆ تایبەتمەندییە ڕەسەنەکەی خۆی.

لەم جیهانە پڕ بیروبۆچوونو هزرو دیدی نوێی جیاوازو تەوژمی رۆشنبیریی نەیار بە یەکتری، ئیسلام ناکرێ وەك قەبارەیەکی بەتاڵ بمێنێتەوە، ئەو نووستنەی چەند نەوەیەکی خایاند بەسەرچوو، ئەبێ ئیتر هۆشیار بێتەوە یان بمرێت، موسڵمان یا ئەوەتا ڕوو دەکاتە شارستانییەتی رۆژئاوا، بەڵام ئەگەر ئەمەی هەڵبژارد دەبی واز لە رابووردووی بۆ هەتا هەتایە بهێنێ، بەڵام ئەگەر ڕێگای گەڕانەوەی بۆ لای حەقیقەتی ئیسلام هەڵبژارد ئەوا دەتوانێ گۆڕانکاری بەرەو دوارۆژێکی زیندوو بکات.

## فەرموودەو سوننەتی پێغەمبەر ﷺ

رۆر پێشنیار لەم چەند ساڵەی دوایدا بۆ چاکسازیی خرایە بەرچاوو زۆر پزیشکی رۆحیش هەوڵیان بۆ دروستکردنی دەرمانێکی کاریگەر بۆ لاشە نەخۆشەکەی ئیسلامدا، بەڵام هەوڵدانەکانیان هەتا ئێستا بێسوود بوو، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو پزیشکە زیرەکانە وەیا ئەوانەیان کە گوێ بۆ وتەکانیان رادەگیرا، لەبیریان چوو لەگەڵ ئەو دەرمانانەی بۆ چارەسەرکردن دایان نا جۆرەها خۆراکی سروشتی کە تەندروستی دەگێڕێتەوە بۆ نەخۆش دابنێن، ئەو خۆراکەش کە لاشەی ئیسلام لە هەردوو باری تەندروستی باشو نەخۆشیشدا، هەموو ئەندامەکانی لەشیش بە ئاسانی بە دڵنیاییەوە هەڵیدەمژێ، سوننەتی پێغەمبەر موحەممەد ﷺ ئەو سوننەتە کلیلێك بوو بۆ تێگەیشتن لە هوشیاریو پێشکەوتنی ئیسلام لە ماوەی پتر لە چواردە سەدە، دەشکرێ کلیلێك بێ بۆ تێگەیشتن لەم بارە داماوییەی ئێستاماندا.

کارکردن بە سوننەتی پێغەمبەری (خودا) ﷺ، دەبێتە هۆی پاراستنی قەوارەی ئیسلامو پێشکەوتنی، واز هێنانیش لە سوننەتی پێغەمبەر دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنی ئیسلام.

سوننەت ئەو هەیکە لە ئاسنینەیە کە بینای ئیسلامی لەسەر دانرا، ئەگەر هەیکەلی هەر بینایەك لابەری، دائەڕوخێ، هەروەکو خانوویەك بێت لە کاغەز دروست کرابێ.

ئەو ڕاستییە سادەیەی کە هەموو زاناکانی ئیسلام کۆك بوون لەسەر وتنی لە هەموو سەدەکانی مێژووی ئیسلامدا گوێڕایەڵی بوو بۆ سوننەت، کە ئەمڕۆ پشتگوێی دەخەن بە هۆی کارتێکردنی شارستانییەتی رۆژئاواوە.

ئەو كارتێكردنانەی كە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە ناوماندا گەشە دەكات، سوننەتی پێغەمبەر ﷺ تەنها حەقیقەتێكە كە دەتوانێ لەم پاشاگەردانیو دواكەوتووییەی ئێستاماندا ڕزگارمان بكا.

ئێمە وشەی سوننەت بە فراوانترین مانایەوە بەكاری دەهێنین، مەبەستمان لە كردارو فەرموودەكانی پێغەمبەرە ﷺ كە بۆمان بەجێماوە، ژیانە سەرسوڕهێنەرەكەی پێغەمبەر ﷺ بە گوێرەی فەرمانكانی قورئانی پیرۆز بووە، ناتوانین ڕێزی شیاو بۆ قورئانی پیرۆز دابنێین ئەگەر پەیرەوی ئەو كەسە نەكەین كە قورئانی بە وەحی بۆ هاتووە، گرنگترین شتێك كە ئیسلام هێناویەتیو جیای دەكاتەوە لە هەموو سیستەمە ڕەهاكان، گونجاندنی تەواوی نێوان لایەنی ڕەوشتو لایەنی ماددییە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا، ئەمەش یەكێك لەو هۆكارانە بووە بۆ سەركەوتنی ئیسلام لە كاتی بەهێزییەكەیدا، بۆ هەر شوێنێك كە گەیشتوێتێ، ئیسلام ئەو پەیامە نوێیەی هێنا كە بە سووك سەیركردنی دنیای نەكردووە بەمەرجێك بۆ ڕزگاربوون لە ڕۆژی دوایدا، ئەو تایبەتمەندییە ئاشكرایەی ئیسلام ئەو ڕاستیەمان بۆ ڕوون دەكاتەوە كە پێغەمبەرەكەمان ﷺ پەیامەكەی ڕێپیشاندەرە بۆ مرۆڤایەتیو زۆر گرنگی داوە بە ژیانی مرۆڤ لە هەردوو لایەنەكەوە، ڕۆحیو ماددی، ئێمە ئەگەر بڵێین ناچارین پەیڕەوی لایەنی ڕۆحی فەرمانەكانی پێغەمبەر ﷺ بكەین، بەڵام ناچار نین لە ڕووی دۆزەكانی كۆمەڵو ژیانی ڕۆژانەوە پەیڕەوی بكەین، ئەمە تێڕوانینێكی سادەیەو لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەڵستكاریكردنی ئیسلامە، وەكو ئەو هزرەی ئەڵێ هەندێ فەرمانی قورئانی پیرۆز مەبەستی ئەو عەرەبانەی سەردەمی هاتنەخوارەوەی قورئانە، نەك ئەو مرۆڤە هەڵكەوتوانەیە كە لە سەدەی بیستەمو دواتریش دەژین، ئەمە كەمكردنەوەیەكی زۆرە بۆ ڕێزی سەردەمی پێغەمبەر ﷺو ئەو هەڵسوكەوتوانەی پێی هەڵساوە.

دەبێ ڕێنماییەكانی پێغەمبەر ﷺ هەموو ژیان بگرێتەوە، كە یەكەیەكی یەكگرتووە، واتە هەموو لایەنەكانی ڕەوشتو كردارو كەسێتییو كۆمەڵایەتی، ئەمەش قوڵترین مانای سوننەتی پێغەمبەر ﷺ دەگرێتەوە.

قورئانی پیرۆزیش فەرموویەتی: (وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا) (الحشر: 7)، واتە: ئەوەی پێغەمبەر ﷺ پێی بەخشیون وەری بگرن، هەر فەرمانێكی پێدان بە گوێی بكەن، هەر ستێكی لێ قەدەغەكردن، مەیكەن[1].

پێغەمبەریش ﷺ فەرمویەتی: (تفرقت اليهود على احدى وسبعين فرقة وتفرقت النصارى على اثنين وسبعين فرقة وستتفرق امتي على ثلاث وسبعين فرقة)[2].

واتە: "جوولەكە دابەش بوون بە حەفتاو یەك دەستەی جیاوازو گاوریش دابەشبوو بە حەفتاو دوو دەستەی جیاوازەوەو میللەتی منیش دابەش دەبن بە حەفتاو سێ دەستەوە".

مەبەستی پێغەمبەر ﷺ لەم فەرموودەیەدا ئەوەیە دەستەو كۆمەڵی زۆر لەناو موسڵماناندا دروست دەبێ، بە شێوەیەك كە ژمارەیان لەوانەی گاورو جوولەكە زۆرتر دەبێ، هەر لەدوای ئەم فەرموودەیەوە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: (كلهم في النار الا واحدة)، واتە: هەموویان دەچنە دۆزەخەوە تەنها كۆمەڵێكیان نەبێت. كاتێ هاوەڵەكانی پێغەمبەر (خوا لێیان ڕازی بێت) لێیان پرسی ئەو كۆمەڵە كامەیە، كە لەسەر باوەڕی ڕاستو ڕزگاریان دەبێ لە سزا؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (ما أنا عليه واصحابي)، واتە: (ئەوەی منو هاوەڵەكانم لەسەرین)، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ ئەو كەسانەی پەیڕەوی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ دەكەن هەروەها هاوەڵەكانیشی بەوەش ڕێگای ڕاست دەدۆزنەوە لە ژیانیاندا، ئەوانە لە دوارۆژدا سەركەوتوون.

چەندەها ئایەتی قورئانی پیرۆزهەیە ئەم لایەنە ڕوون دەكاتەوە بۆ ئەوەی ڕێ لە هەر جیاوازییەك لە لێكدانەوەدا بگرێ، وەكو:

---

[1] تەفسیری ئاسان ـ چاپی سێیەم.

[2] سنن ابي داود و جامع الترمذي ومسند ابن حنيل.

(فَلاَ وَرَبِّكَ لاَ يُؤْمِنُونَ حَتَّىَ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لاَيَجِدُواْ فِي أَنفُسِهِمْ حَرَجاً مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُواْ تَسْلِيماً) (النساء: 65).

واتە: نەخێر سوێند بە پەروەردگارت ئەوانەی (لاف بڕوا لێدەدەن) بڕوا ناهێنن هەتا لە هەموو کێشەیەکدا کە روودەدا لە نێوانیاندا تۆ نەکەن بە دادوەرو گوێڕایەڵی تۆ نەکەن، دوای ئەوەش نابێت لە دڵو دەروونیاندا هیچ ناڕەزاییەك دروست ببێت بەرامبەر ئەوەی کە داوەریت لەسەر کردووەو دەبێت بە تەواوی تەسلیم بنو رازی بن[1].

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: (قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ) (آل عمران: 31).

(قُلْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَالرَّسُولَ فإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ الْكَافِرِينَ) (آل عمران: 32).

واتە: (ئەی پێغەمبەر، بە ئیمانداران بڵێ: ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت، دەشوێنی من بکەونو لە فەرمانی من دەرمەچن، ئەوکاتە خوایش ئێوەی خۆشدەوێتو لە گوناهو هەڵەکانیشتان خۆش دەبێت، ئەو خوایە لێخۆشبوو میهرەبانە)[2].

دوبارە پێیان بڵێ: فەرمانبەری خواو پێغەمبەر بن، خۆ ئەگەر سەرپێچی بکەنو پشتی تێ بکەنو ئەوە دڵنیابن خوا بێباوەڕانی خۆش ناوێت[3].

کەواتە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ لە دوای قورئانەوە دێتو سەرچاوەی دووەمی شەرعی ئیسلامو هەڵسوکەوتی تاکە کەس و کۆمەڵیشە، لە راستیدا پێویستە لەسەرمان کە سوننەت وەك تەنها لێکدانەوە بۆ رێنماییەکانی قورئانی پیرۆزو بە تاکە رێباز بۆ دوورە پارێزیی لە لێکدانەوەی جیاواز بۆ ئەو رێنماییانەو جێبەجێکردنی لە ژیانی رۆژانەدا دابنێین، چونکە لە قورئاندا چەندەها ئایەتی تێدایە کە ماناکەی بە هێمایەو دەکرێ بە چەند روویەکی جیاواز لێی تێبگەی، ئەگەر رێگایەکی راست بۆ لێکدانەوەی نەبێت، چونکە هەڵهێنجانی ماناو لێکدانەوەی قورئانی پیرۆز کە پێویستە پەیڕەوی بکەین هەروا ئاسان نییە، بێگومان چاکترین لێکدانەوە بۆ فەرمانەکانی قورئان لێکدانەوەی ئەو کەسەیە کە قورئانی بەوەحی بۆ هاتووەو لە سوننەتی پێغەمبەردا ﷺ هەیەو بوو بە رێنیشاندەر بۆ هەموو مرۆڤایەتی.

زۆر دەبیستین هەندێ کەس ئەڵێن با هەر بگەڕێینەوە بۆ قورئانی پیرۆزو خۆمان نەکەین بە کۆیلەی سوننەت، ئەمە تێنەگەیشتنی ئەو کەسانە لە ئیسلام دەگەیێنێ، ئەوانە لە کەسێك دەچن کە بیەوێ بچێتە ناو کۆشکێکەوە بەڵام نەیەوێ ئەو کلیلە بەکار بهێنی کە تایبەتە بە کردنەوەی دەرگای کۆشکەکە.

لێرەدا ئەو گرفتە دەردەکەوێ کە پەیوەندی بە متمانەکردنی ئەو سەرچاوانەوەیە کە باسی ژیانی پێغەمبەر ﷺو فەرموودەکانیەوەیە کە هاوەڵەکانی باسیان لێوە کردووەو گێڕاویانەتەوە، ئینجا دواتر لە سەدەکانی سەرەتای ئیسلامەوە کۆکراوەتەوەو پاکژ کراوە لە هەڵەو لاوازیی، زۆر لە موسڵمانانی ئەم سەردەمە ئامادەیی خۆیان دەردەبڕن کە پەیڕەویی سوننەت بکەنو کاری پێ بکەن، بەڵام بەلایانەوە وایە کە ناتوانن متمانەی بخەنە سەر ئەو کۆمەڵە فەرموودانە کە نووسراوەو سووننەتی لەسەر دامەزراوە.

ئێستا لەم رۆژەدا بووە بە باو کە هەندێ کەس نکوڵی لە راستیی فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ بکات، هەر لەوەشەوە سیستمی سوننەت هەمووی رەت دەکاتەوە، بەڵام ئایا بنەمایەکی زانستی بۆ ئەم بۆچوونە هەیە؟ وە یا پاساوێکی زانستی بۆ رەتکردنەوەی فەرموودەکان کە سەرچاوەن بۆ شەرعی ئیسلام هەیە؟

---

[1] تەفسیری ئاسان - چاپی سێیەم.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەی درا بۆ رکەبەرایەتی فەرموودەکان لەڕووی کۆکردنەوەو نووسینەوەیدا، ئەو رەخنەگرانەی سەردەم لە کەسانی رۆژهەڵاتو رۆژئاواش نەیانتوانی ئەو رەخنانەی هەیانە لە ئەنجامی توێژینەوەی زانستییەوە بیسەلمێنن، زۆر گرانە کەس بتوانی ئەوە بکات، چونکە ئەو کەسایەتیانەی لە سەرەتادا فەرموودەکانیان کۆکردۆتەوە، بە تایبەتی ئیمامی بوخاریو موسلیم، بۆ سەلماندنی راستیی فەرموودەکان، هەموو تواناییەکیان بەکار هێنا لەو بوارەدا، ئەوەندەی لە توانای مرۆڤدا هەبێ، زۆر زیاتر لەو مێژوونووسە ئەوروپاییانەی کە لە سەرچاوە مێژووییە کۆنەکانیان دەکۆڵییەوەو پیا دەچوونەوە، تەنانەت لە ئەنجامی ئەو وردەکارییەی کە کۆکەرەوانی فەرموودەکان لە سەرەتادا ئەیان کرد، بۆ سەلماندنی راستیی هەموو فەرموودەیەك، زانستێکی تەواو بە هەموو لقەکانیەوە دروست بوو، کە تەنها مەبەستی توێژینەوە لە مانای فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺو شێوازو رێبازی گێرانەوەیان بوو، ئەم زانستە لەلایەنە مێژووییەکەیەوە توانی زنجیرەیەکی پتەو بۆ ژیانی هەموو ئەو کەسانەی کە ناویان بە گێڕەوی (رواة)و بیژەر (محدث) نراوە، بە شێوەیەکی ورد لە هەموو لایەنێکەوە کە بەو جۆرە بوو لەگەڵ ئەو مەرجانەدا دەگونجا کە شارەزایانی فەرموودە دایان نابوو، بۆ جۆری ژیانیانو رێگای گێڕانەوەی فەرموودەکان، ئەگەر کەسێك گومانی لە فەرموودەیەك یا کۆمەڵە فەرموودەیەك هەبێو نەتوانێ بە بەلگەی زانستیو شیاو بیسەلمێنێ، کە سەرچاوەی ئەو فەرموودانە ناتەواوە، یا لایەنێکی تر نەبێ ئەو فەرموودانە پووچ بکاتەوە بە بەلگە، دەبێ ئەوکاتە قایل بین بە راستی ئەو فەرموودانە، چونکە ئەگەر تۆمەتی لاوازیی یا درۆ بدرێتە پاڵ فەرموودەیەك یا چەند فەرموودەیەك، ئەوا دەبێت ئەو تۆمەتە بخرێتە پاڵ یەکێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ یا ئەو کەسانەی لە دوایدا گێراویانەتەوە ئەوەی پەیوەندیی بە هاوەڵانەوە (صحابی)یەوە هەیە دەتوانین هەر لە سەرەتاوە ئەو گومانە واز لێبێنینو خۆمانی پێوە خەریك نەکەینو بە وەهمێکی رووتی دابنێین، چونکە ئەو کاریگەرە مەزنەی کەسایەتی پێغەمبەر ﷺ لەسەر هاوەڵەکانی بەجێی هێشتووە، حەقیقەتێکە لە دیارترین حەقیقەتەکانی مێژووی مرۆڤایەتیو بە بەلگەنامە مێژووییەکان سەلمێنراوە، ئایا هەر بە خەیاڵیشماندا تێدەپەڕێ، هاوەڵەکانی پێغەمبەر ﷺ کە ئامادەبوون گیانو سامانیان بکەن بە قوربانی پێغەمبەری خودا ﷺ، فەرموودەیەك کە پێغەمبەر ﷺ ئەیفەرموو بێ ئەوان بەدەمیەوە بەدرۆ دروستی بکەن؟

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (من كذب علي متعمدا فليتبوأ مقعده من النار)[1]. واتە: ئەو کەسەی بە ئەنقەست درۆ بە دەممەوە بکات، با خۆی ئامادەبکات بۆ ئەو شوێنەی بۆی ئامادەکراوە لە ئاگری دۆزەخدا.

هاوەڵەکانی پێغەمبەر ﷺ ئاگاداری ئەم فەرموودەیە بوونو بڕوایانوابوو کە لە لایەن (خودا)ی مەزنەوە ئیلهام بۆ پێغەمبەر ﷺ دێت، ئیتر ناشێ ئەوان ئەم فەرموودە ترسێنەرە پشتگوێ بخەنو قسەی درۆ هەڵبەستن، بۆ نموونە یەکەم پرسیار کە رووبەڕووی دادوەری دادگای تاوان ئەبێتەوە کاتی گوێ لە داواکارییەك دەبێت ئەوەیە "دەبێ ئەو سوودە چیبێ لە ئەنجامی تاوانکردنەکەدا دەستی کەوتبێ".

ئەم بنەما یاساییە دەکرێ پراکتیك بکرێ بەسەر فەرموودەی پێغەمبەردا ﷺ ئینجا ئێمە ئەگەر هەندێ فەرموودە واز لێبێنین کە پەیوەندیی راستەوخۆی بە باری کەسایەتییەوە هەیە لای هەندێ کەس یان کۆمەڵێك، وەکو ئەو فەرمودانەی کە بێگومان هەڵبەستراونو زۆر شارەزایانی فەرموودە رەتیان کردۆتەوە بۆ نموونە ئەو فەرمودانەی چەند کۆمەڵێکی جیاواز هەڵیان بەست بۆ داواکردنی جێنشینی دوای کۆچی دوایی پێغەمبەر ﷺ لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا، بەڵام ئەو فەرموودانەی کە پەیوەندیی بە سیاسەتی دەستەو کۆمەڵێکەوە هەیە، یا بە مەبەستێکی تایبەتی بە کەسایەتییەکەوە هەیە هەمووی لە لایەن بەناوبانگترین ئەو کەسانەی کە فەرموودەیان گێراوەتەوە، وەکو ئیمامی (بوخاری)و (موسلیم)، لایان

---

[1] صحيح البخاري ـ سنن ابي داود ـ جامع الترمذي، سنن ابن ماجة، سنن الدارمي ـ مسند احمد بن حنبل.

بردووەو نەیان نووسیوەتەوە، ئەوەی کە تۆمارکراوەو ماوەتەوە گومانی تیا نییەو دوورە لە هەموو سوودێکی تایبەتی بۆ کەسێك،

ناڕەزاییەکی تر هەیە دەربارەی راستیی فەرموودەکان، کە دەوترێ ئەو هاوەڵەی کە لە دەمی پێغەمبەرەوە ﷺ فەرموودەکەی گوێ لێبووە، یان ئەوانەی کە دواتر گێڕاویەتەوە لەگەڵ ئەوەشدا کە خۆی بە راستگۆ دەزانێ لەوانەیە هەڵەی کردبێ کە بە تەواوی لە فەرموودەکە نەگەیشتبێ یا لە بیری چووبێتەوە یا هەر هۆکارێکی دەروونی تر، بەڵام ئەوانەی لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ ژیاون، زۆر گرنگیان بە کردارو قسەی پێغەمبەر ﷺ داوە، نەك هەر لەبەر ئەوەی کەسایەتی پێغەمبەر کاری تێکردوونو بە پەرۆشبوون بۆ فەرموودەکانی، بەڵکو بڕوایەکی پتەویان هەبووە کە ئەو فەرموودانە بە فەرمانی (خودا)ی مەزن، بە پێغەمبەر ﷺ راگەیەنراوەو ئەویش بۆ رێکخستنی ژیانیان بە شێوەیەکی زوور ورد فەرموویەتی، هاوەڵەکانیشی شوێن رێنمونیو کردارەکانی کەوتوون، لەبەر ئەوە گرنگییان داوە بە سوونەتەکانی پێغەمبەر ﷺو هەوڵیانداوە بە چاکیی لەبەری بکەنو بیزانن‌و جێبەجێی بکەن لە ژیانی رۆژانەیاندا هەتا ئەگەر بەگرانیش فێربیوونایە، دەگێڕنەوە ئەو هاوەڵانەی کە زۆربەی کات لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ بوون، دوو کەس دووکەس دابەش دەبوون بۆ ئەوەی یەکێکیان لە پێغەمبەر ﷺ دوو نەکەوێتەوەو ئاگاداری هەموو سوننەتەکانی بێت، کەسەکەی تریان دەچوو خەریکی پەیداکردنی بژێوی ژیان بوو، بۆ رۆژی دوایی شوێنەکانیان دەگۆڕییەوەو هەر فەرموودەیەکیان دەبیست لە پێغەمبەرﷺ یا کردارێکیان لێ دەبینی بۆ یەکترییان دەگێڕایەوە، ئەمەش بۆ ئەوەبوو کە هیچ سوننەتێکی پیغەمبەریان ﷺ لە کیس نەچێو هەمووشیان زۆر پەرۆش بوون، کە بێئاگا نەبێ لە هیچ فەرموودەو کردارێکی پێغەمبەر ﷺ، لەوانەشە لەم بارەدا هەمان وشەی کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی (لفظ) لەبیرچووبێ یا وەکو ئەو نەیانگێڕابێتەوە، بەڵام ماناو مەبەستەکەیان نەگۆڕیوەو لە یەکتریان پرسیوە بۆ راستکردنەوەی هەر هەڵەیەك بچووکیش بێ لەبەر پیرۆزیی فەرموودە لە لایان، ئینجا ئەگەر بەسەدان هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ هەموو قورئانی پیرۆزیان بەو شێوازەی کە رەوانە کراوە، لەبەریان کردبێ، بێگومان دەکرێ هاوەڵەکانو ئەوانەی دوای ئەوانیش هاتن، فەرموودەکانی پێغەمبەر لەبەر بکەن هەروەکو چۆن قورئانیان لەبەر کردبوو، بەبێ ئەوەی کەمو زۆرکردن لە فەرموودەکاندا بکەن، شارەزایانی فەرموودە وای دەبینن کە فەرموودەی راست ئەو جۆرەیە کە یەك مانای هەبێ، بەڵام بە پاڵپشتی جیاوازی سەربەخۆ بێ، لەگەڵ ئەمانەشدا هیچ کات تەنانەت بەخەیاڵی موسڵمانێکدا نەهاتووە کە فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ لە راستگۆییدا لە ریزی قورئاندا دابنێ، هیچ سەردەمێکیش نەبووە کە لێکۆڵینەوە لەسەر فەرموودەکان نەکرێتو رەخنەش نەگیرێ، ئینجا فەرموودە هەڵبەستراو درۆکان هیچ کاتێك لای شارەزایانی فەرموودە شاراوە نەبوونو وەکو چۆن هەندێ رەخنەگری ئەوروپایی نەفام وا ئەڵێن، بەڵکو بە پیچەوانەی ئەو رەخنانەوە، دەبینین زانستی فەرموودە کاتێ پەیدابوو کە پێویست بوو فەرموودەی راست لە فەرموودەی هەڵبەستراو جیا بکرێتەوە، هەردوو کۆمەڵە فەرموودە راستەکانی ئیمامی (بوخاری)و (موسلیم) لە ئەنجامی جیاکردنەوەی فەرموودەی راست لە درۆوە پەیدا بوو، کەواتە بوونی فەرموودەی هەڵبەستراو بەڵگە نییە لەسەر لاوازیی سیستمی هەموو فەرموودەکان هیچ رەخنەگرێك هەتا ئەمڕۆش ناتوانی لەسەر بنەمایەکی باوەڕپێکراوو شێوازێکی رێکوپێك، بیسەلمێنێ کە ئەو کۆمەڵە فەرموودە راستانەی بە گوێرەی ئەو بنەمایانەی ئیمامەکانی شارەزایانی فەرموودە دایانناوە، راست نەبن، رەتکردنەوەی هەموو فەرموودە راستەکان یان بەشێکی هەتا ئێستا ناتوانرێ بە توێژینەوەیەکی زانستی رەسەنو دوور لە ئارەزووی تاکەکەس بسەلمێنرێ، هۆکاری هەڵوێستی بەرەنگارکارانی فەرموودە لەناو موسڵمانانی ئەم سەردەمە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەستەمبوونی گرێدانی شێوازی ژیانو هزری ئەمڕۆ لەگەڵ کرۆکی ئیسلامی پاكو بێگەردا، هەروەکو چۆن لە سوننەتی پێغەمبەردا هەیە، خاوەن رەخنە پووچەڵەکانیش بۆ ئەوەی بێدەسەڵاتی خۆیانو کەموکورتی ژینگەکەیان بشارنەوە، هەوڵ ئەدەن پێوست بوونی گوێڕایەڵیی بۆ سوننەتی پێغەمبەر ﷺ نەهێڵن، چونکە ئەگەر ئەمەیان بۆ چووە سەر، ئەوسا هەوڵئەدەن بە ئارەزووی خۆیان لێکدانەوە بۆ قورئانیش بکەن، هەر یەکەی بە گوێرەی بیرکردنەوەی

خۆی کە شێوەیەکی سادەو زارەکی لێ دەردەچێ، بەڵام ئەو پایەبڵندەی کە ئایینی ئیسلام هەیەتی کە سیستمێکی رەوشدارو واقیعییە بۆ تاکە کەسرو کۆمەڵیش‌و سیستمێکی پتەوی کۆمەڵایەتی هەیە، ئەنجامی هەوڵی ئەوانەی رەخنەی بێبەڵگە لە راستیی فەرموودەکان دەگرن، نەزۆك دەبێت.

لەم سەردەمەشدا کە دەسەڵاتی شارستانییەتی رۆژئاوا لە وڵاتی موسڵماندا زۆر بووە، ئەوانەی ناومان ناون رووناکبیری موسڵمان هەڵوێستی تری نامۆیان وەرگرتووە بەرامبەر فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ کە دەڵێن ئەستەمە لە یەك کاتدا لەسەر سوننەتی پێغەمبەر ﷺ بژین‌و پەیڕەوی رێبازی ژیانی رۆژئاواش بکەین، نەوەی نوێی موسڵمانی ئەم سەردەمە ئامادەیی تێدایە کە هەموو شتێکی رۆژئاوا بە چاك‌و بەنرخ دابنێ‌و ملکەچ بێ بۆ هەر شارستانییەتێکی بیانی‌و چاوی لێبکات لە هەڵسوکەوتی ژیانیدا، هەر لەبەر ئەوەی کە بیانییەو بەهێزو بریقەدارە لە رووی مادییەوە ئەم خۆ بە ئەورووپایی کردنە بەهێزترین هۆکار بوو کە فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺو هەموو سیستمی سوننەتیش لەگەڵیا ئەو جۆرە کەسانە پێی قایل نەبن سوننەت بە ئاشکرا رقەبەرایەتی بیرو بۆچوونە بنچینەییەکانی شارستانییەتی رۆژئاوا دەکات، لەبەر ئەوە ئەو کەسانەی سەرسامن بە ژیانی ئەورووپایی هیچ بوارێکیان بۆ نەماوەتەوە هەتا لە تەڵەزگەی بۆچوونەکەیان دەربازیان بێت، هەر رەتکردنەوەی سوننەت بە گشتی نەبێت بە بیانووی ئەوەی پێویست نییە لەسەر موسڵمانان پەیڕەوی بکات لەبەر ئەوەی فەرموودەکان لەسەر بنەمایەك داڕێژاوە کەمایەی متمانە نییە، دەیانەوێ هەر لەمەوە بە ئاسانیی پاساوێکیش بۆ لادان لە فەرمانەکانی قورئانی پیرۆز دابنێن هەتا لەگەڵ کرۆکی شارستانییەتی رۆژئاوادا بگونجێ.

## کرۆکی سوننەت

پاساو هێنانەوە بۆ لایەنە شاراوە رۆحییەکەی سوننەت، هاوشانە لەگەڵ پاساوهێنانەوە بۆی لە رووی شێوە سەرعیەکەیەوە، بە پشت بەستن بە مێژووی فەرموودە.

رەخنەگران لە پەیڕەوی کردنی سوننەت کە وەکو پێویست دابنرێ دەڵێن: بۆچی ئێمە واسەیری پەیرەویکردنی سوننەت بکەین کە فەرزێکە دەبێ هەر بکرێ، ئەگەر شێوازی ژیانمان لە ماناداا لەگەڵ ئیسلامدا رێك بکەوێ؟ ئایا هیچ رێگایەکی تر بۆ گەیشتن بە حەقیقەتی ئیسلام نییە هەر ئەم سیستمە فراوانە نەبێ کە پڕە لە کردارو نەریتو فەرماندانو قەدەغەکردن کە هەندێکیان دەبینین بێبایەخە، با هەمووشیان لە ژیانی پێغەمبەرەوە ﷺ هەڵهێنجرابێ؟ ئەوەی کە گومانی تیا نییە، پێغەمبەر ﷺ مەزنترین کەسە، ئەوەشی کە زۆر گرنگە بۆ دوارۆژی ئیسلام هەڵوێستمانە بەرامبەر سوننەت، کە بڕیاری هەڵوێستمان بەرامبەر بە ئایینی ئیسلام بە گشتی ئەدات.

ئێمە شانازی بە ئیسلامەوە دەکەین کە ئایینێکە لەسەر عەقیدەیەکی سۆفیگەری رووت نییە، بەڵکو هەمیشە توێژینەوەی ژیرانە بە هەند وەردەگرێ، ئیسلام هانی مرۆڤ ئەدات کە گشت لایەنەکانی ژیان یەك بخات، لێرەدا ئیسلام دەبێتە هۆکار بۆ گەیشتن بەو ئامانجە کە ناکرێ شتی لێ زیاد بکرێ یا لیی کەم بکرێتەوە، ئەگەر ئێمە رێنماییەکانی وەکو قورئان فەرمانمان پێئەدا وەیا پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی، پێی قایل بین دەبێ بە هەموویو بە تەواوەتی پێی قایل بین، دەنا نرخەکەی خۆی لەدەست ئەدات.

ئیسلام کە ئایینێکی عەقڵانییە، لێی تێنەگەیشتووین ئەگەر وابزانین رێنماییەکانی رامبووە بۆ هەڵبژاردنی بەئارەزووی تاکەکەس، ئەوە داواکارییکە لە هەڵەیەکی بەربڵاو لە چۆنێتیی تێگەیشتن لە فەلسەفەی عەقلیەوە سەری هەڵداوە، دەلاقەیەکی گەورە لە نێوان عەقڵو فەلسەفەی عەقلیدا هەیە، کە فەلسەفە لە هەموو سەردەمێکدا دانی پیاناوە، ئەوەی کە پەیوەندیی بە ئاینی ئیسلامەوە هەیە لەم رووەوە، ئەو عەقڵەی دوورە لە ئارەزوویازییەوە، متمانەیەکی رەهای بە ئیسلام هەیە، بەبێ هیچ پابەندێك. بڕوا بوون بە ئاینیش مەسەلەیەکی رۆشنبوونی رۆحە، یا وەکو قورئانی پیرۆز ناوی

بەڕێنیشاندەر(هدایە) دەبات، ئەو کەسەش کە دووربێ لە ئارەزوو بازی، مشتومڕ ناکات لەسەر ئیسلامو وا پاگەندە بکات کە ئیسلام لەگەڵ عەقڵدا ناگونجێ، بەڵام هەندێ شتیش هەیە لەو دیو سنووری عەقڵەوەیە، بەڵام نارێك نییە لەگەڵیدا، هەتا ئێرە ئیشی عەقڵ لەگەڵ کاروباری ئایینیدا، چاودێرییە، وەکو ئامێرێکی تۆمارکەر وایە، یا دەڵێ بەڵێ یا نەخێر، بە گوێرەی پێویستی ئەویارە، بەڵام ئەوەی ناویان لێناوە فەلسەفەی عەقڵی، قایل نییە هەر بە تۆمارکردنو چاودێری کردن، بەڵکو باز ئەدات بۆ گۆڕەپانی هزری ناجۆر، چونکە لەیەك گەیشتنو سەربەخۆبوونی نییە، وەکو عەقڵی ڕەها، بەڵکو تا ئەوپەڕ سنوور هەوەسی تایبەتمەندیی هەیە، عەقڵ سنووری تایبەتی خۆی دەزانێ بەڵام فەلسەفەی عەقڵی لەشتی شیاو تێدەپەڕێو پاگەندەی گەمارۆی هەموو نهێنییەکانی جیهان دەکات، قایلیش نییە بە کاروباری ئایینیەوە، کە دەشێ شتی وا هەبێ رادەی تێگەیشتنی مرۆڤ نەتوانی دەرکی پێ بکات لە هیچ زەمەنێکدا، فەلسەفەی عەقڵیی کە داهێنەر نییە، پتر لە سنووری توانای خۆی نرخی پێدراوە، لەبەر ئەوە یەکێکە لەو هۆکارانەی وا لە زۆر موسڵمانی ئەم سەردەمە دەکات کە نکوڵی لە ئیسلامبوونی خۆیان ببەستنەوە بە کارتێکردنو ڕێنیشاندانی سوننەتەکانی پێغەمبەرەوە ﷺ، لەم ڕۆژگارەدا پێویستمان بە فەیلەسوفێکی وەکو "عەمانۆئیل کەنت" نییە تا بۆمان بسەلمێنی کە تێگەیشتنی مرۆڤ بە تەواوی سنووردارە، عەقڵی ئێمە ناتوانێ لە بیرۆکەی گشتگیری (الکلیة) بگات، ئێمە تەنها دەتوانین لە راڤەکردنی هەموو شتێك تێبگەین، بەڵام نازانین بێپەڕی (لانهایة)و هەمیشە بوو (أزلي)، چییە تەنانەت نازانین ژیان چییە، بەڵام ئەو دۆزە ئایینیانەی لەسەر بنەمایەکی ڕەها دامەزراوە، ئێمە بە ناچاریی پێویستمان بە ڕێنیشاندەرێك هەیە، کە عەقڵی لەسەرو ئەوەی پێی دەوترێ بیرکردنەوەی مادی، بێتو لەسەرو ئەو سیفەتانەی فەلسەفەی عەقڵیش بێت پێویستمان بە کەسێکە کە نووری خودای بەسەرا هەڵهاتبێ، بەواتەیەکی تر پێویستمان بە پێغەمبەرە ﷺ، ئەگەر ئێمە بڕوامان بە قورئانی پیرۆز بێت کە فەرموودەی خودایەو موحەممەدیش ﷺ پێغەمبەری خودایە، ئەوسا لە ڕووی ئەدەبیو عەقڵیشەوە، پێویست دەبێ لەسەرمان شوێن ڕێنماییەکانی پێغەمبەر ﷺ بکەوین بێ چەندو چوون، ئەمەش مانای ئەوە نییە ئێمە هەرچی توانای عەقڵمان هەیە بە لاوەی بنێن، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێ بە چاکترین شێوە ئەو توانایە بەکار بهێنین دەبێ هەوڵبدەین مانای تەواوی فەرمانەکانی پێغەمبەر ﷺ ئاشکرا بکەینو بە کاریشی بهێنین لە هەموو بارێکیشدا پێویستە لەسەرمان گوێڕایەڵی ئەو فەرمانانە بین، سا ئەگەر توانای لێتێگەیشتنمان بۆی هەبێ یا توانامان نەبێ، ئێمەی موسڵمان بڕوامان بە پێغەمبەرەکەمانە ﷺ، کە چاکترین سەرکردەیە مرۆڤایەتی بە خۆیەوە دیویێتی، بڕواشمان وایە، کە پێغەمبەر ﷺ شارەزای ئاینەکەیە لە هەردوو لایەنی ڕۆحیو کۆمەڵایەتییەوە، بە شێوەیەك کە ئێمە توانای دەرك کردنی ئەوەمان نییە، کە فەرمانی داشتێك بکرێت یا قەدەغەی کرد لێمان، ئەوە فەرمانێکە پێی ڕاسپێراوە، دەزانێ کە پێویستە بۆ چاکسازی لایەنی ڕۆحیو کۆمەڵایەتی خەڵکی جێبەجێ بکرێ، لەوانەیە ئەو فەرمانە ڕوونو ئاشکرا بێ وەیا کەمو زۆر شتی شاراوەی تێدابێ، کە مرۆڤی ئاسایی یا کەم شارەزا، دەرکی پێ نەکات، ئینجا ئێمە هەندێجار دەتوانین لە ئەوپەڕی ئامانجەکانی فەرمانی پێغەمبەرە ﷺ تێبگەین، هەندێ جاریش هەر لە ڕووکەشی ئەو فەرمانانە دەگەین، هەرچی چۆنێك بێت پێویستە لەسەرمان کار بە فەرمانەکانی پێغەمبەر ﷺ بکەین بە مەرجێ ڕاستییەکەی لە ڕێگەیەکی شیاوەوە سەلمێنراوبێ، بێگومان هەندێ لە فەرمانەکانی زۆر گرنگەو هەندێکیشیان کەمتر، لەبەر ئەوە دەبێ زۆر گرنگە کە پێش بخەین لە جێبەجێکردندا، بەڵام مافی ئەوەمان نییە کە واز لە هیچ فەرمانێکی بهێنین بە بەهانەی ئەوەی وایبۆدەچین کە سەرەکیی نییە، لە قورئانی پیرۆزدا، دەربارەی پێغەمبەرمان موحەممەد ﷺ هاتووە کە دەفەرموێ: (وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى* إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى) (النجم: 3 ـ 4). واتە: (قسەو گوفتاریشی (ئەوەی کە قورئانە) لە ئارەزووبازییو هەواو هەوەسەوە نییە، ئەمەی کە رای دەگەیەنێت تەنها نیگاو وەحی خودایییە)[1].

[1] تەفسیری ئاسان.

لەبەر ئەوە پێویستە لەسەرمان کە بەدڵو گیان کار بە سوننەتەکانی پێغەمبەرەکەمان ﷺ بکەین ئەگەر دڵسۆز بین بۆ ئاایینی ئیسلام.

هەرکاتێ موسڵمان دڵنیابوو لە پێویستبوونو سوودی کارکردن بە سوونەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ، پێویستە لەسەری کە ئەو رۆڵەی سوننەت لە بینای کۆمەڵایەتی ئیسلامدا ئەیبینێ، بێزانێو لە مانای رۆحیی ئەو سیستەمەی کە بەدوورو درێژی یاساو رێوشوێنی هەڵسوکەوتی موسڵمان لە ژیانیدا، هەر لەدایکبوونیەوە تا مردنی باسی کردووەو پێویستە لێی تێبگاتو جێبەجێی بکات، چونکە هۆکاری دەستنیشانکردنی رەوشتو کرداری موسڵمانە لە گرنگترین لایەنەکانی ژیانیداو لەوەی کە زۆر گرنگیش نییە.

ئێمە بڕوامان وایە کە بڵندی ئیسلام وەیا داخزانی، بەستراوەتەوە بە پەیڕەوی کردنی سوننەتی پێغەمبەرەوە ﷺ لەو هۆکارانەی کە پێویستی دەکات لەسەرمان سوننەتەکان جێبەجێ بکەین، راهێنانی مرۆڤە بە رێگایەکی رێکخراو کە هەموو کات لە ناخدا وریا بێتو تواناو دەسەڵاتی بەسەر دەروونڌا لە ژیانیدا هەبێ، چونکە ئەو کردارو نەریتانە کوتوپڕ دێتە بەردەم پێشکەوتنی مرۆڤ لە لایەنی رۆحییەوە هەروەکو ئەو بەردانە وایە کە دەبنە کۆسپ لە رێی ئەو ئەسپانەی کێبڕکێ دەکەن بۆ پێشکەوتن، بۆیە دەبێ لەو جۆرە کردارو نەریتانە تا ئەوپەڕی کە دەکرێ کەم بکرێتەوە، چونکە ئاراستەکردنی رۆحی بۆ هزر لەناو دەبا، دەبێ چاودێری کردنی دەروونمان فێر ببین، خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب (خوا لێی رازی بێت) بە جوانترین دەربڕین ئەمەی باسکردووە کە فەرموویەتی: "حاسبوا أنفسكم قبل أن تحاسبوا" واتە: لێپرسینەوەی خودی خۆتان بکەن پێش ئەوەی لە رۆژی دواییدا لێپرسینەوەتان لەگەڵدا بکرێ.

پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی: (اعبد ربك كأنك تراه)[1]. واتە: (خوای خۆت وەها بپەرستە هەروەکو ئەوەی کە ببیینی).

پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە بیرۆکەی ئیسلام بۆ خواپەرستی هەر تەنها نوێژ ناگرێتەوە، بەڵکو هەموو ژیانمان دەگرێتەوە، ئامانجیش لەوەدا کۆکردنەوەی لایەنی رۆحیو لایەنی ماددییمانە، لەیەك گشتگیردا، چاکترین مەشقکردنیش لەسەر لێپرسینەوەی دەروونمان ئەوەیە کە ئیشوکاری رۆژانەمان ملکەچ بێ بۆ چاودێری خودی خۆمان، ئەو کردارە بچووکانەو ئەو نەریتە کەمبایەخە لە لامان، پتر گرنگترە لە چالاکیی گەورە لە ژیانماندا، چونکە چالاکییە گەورەکان هەمووکات لامان ئاشکرایەو لەناو چوارچێوەی بە ئاگایماندایە، بەڵام کارە بچووکەکان بە ئاسانی لەبیرمان دەچێتەوەو بایەخ بە چاودێری کردنی نادەین، لەبەر ئەوە کارە بچووکەکان زۆرتر سوودبەخشە بۆ تیژکردنەوەی هێزو دەسەڵاتمان بەسەر دەروونماندا، ئاسایش نییە کە مرۆڤ بەردەوام وریابێ تا لێپرسینەوە لە دەروونی خۆی بکاو نەیەڵێ هەڵە بکا، ئەگەر مەشقت لەسەر نەکردبێ بۆ ئەوەی رابێت لەسەر خواستی چاکەکردنو دوورکەوتنەوە لە خراپە، لەبەرئەوەی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە، دەبێتە فریادڕەس بۆ چاودێری کردنی دەروونو لێپرسینەوەی کردارەکان لەو سەردەمەی کە کارکردن بە سوننەت پشتگوێ دەخرێ، نرخەکەی خۆی ون دەکاتو سوودەکانی نایەتە بەرچاوی خەڵکی، ئەمەش بەسەر موسڵمانانی ئەم سەردەمانەی دواییدا هات، بەڵام هاوەڵانی پێغەمبەرو ئەوانەی دوای ئەوانیش هاتن، ئەوپەڕی هەوڵیان داوە کە بچوکترین هەڵسوکەوتی ژیانیان رێك وەکو ئەوانەی پێغەمبەر ﷺ بێت، دڵنیاشبوون لەوەی خۆیان داوەتە دەست ئیرادەیەکی رێنیشاندەرکەژیان وا لێئەکات جووت بێت لەگەڵ ناوەڕۆکی قورئانی پیرۆزدا جگە لەم تێگەیشتنەشیان، توانیان سوودی گەورە لە ئیشکردنیان بە سوننەت وەربگرن، کەواتە هەڵە لە سیستمی سوننەتدا نییە، بەڵکو موسڵمانانی ئەم سەردەمەی دوایی نەیانزانی بە باشیی لێیتێبگەنو لە سەری بڕۆنو کەمتەرخەمیشیان کرد لە سوودوەرگرتن لە رێنماییەکانی قورئانی پیرۆزو لە تەفسیری قورئان بە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ،

---

[1] صحيح البخاري ومسلم، وسنن ابى داود سنن النسائى.

ئەو جۆرە تەفسیرەش هەتا ئێستا وەکو خۆی ماوەتەوەو کەموکورتی تێدا نییە، هیچ ڕێگرییەکیش نییە کە بگەڕێنەوە بۆ لای‌و دووبارە بەکار بهێنرێتەوە، چونکە سوننەت بەرهەمی ئەو پیاوە هۆشیارو کۆڵنەدەرانەی هاوڕێیانی پێغەمبەری خودا ﷺ بووە، بۆ ئێمە ماوەتەوە، ئەو سیفەتانەشیان نهێنی لێهاتوویی‌و سەرکەوتنە سەرسوڕهێنەرەکانیان بوو، کەمێژوو باسی دەکات.

لە لایەنی کۆمەڵایەتیشەوە سوننەت گرنگی خۆی هەیە، گومانی تێدا نییە زۆربەی ناکۆکی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ تێنەگەیشتنی خەڵکی لە مەبەستی بەرامبەرەکەی بە هۆی جیاوازیی ئارەزوو خووی تاکە کەسەکانی ژینگەی کۆمەڵایەتی، ئارەزووی جیاواز، خووی جیاواز لە خەڵکەکەدا پەیدا دەکات، ئەم نەریتو خووە جیاوازانە بە تێپەڕبوونی ساڵانێکی زۆر بەربەست لە نێوان تاکە کەسەکاندا دروست دەکات، بە پێچەوانەوە ئەگەر کۆمەڵگایەك نەریتو خووەکانیان یەك جۆر بێ‌و پەیوەندییەکی سۆزدار لە نێوانیاندا هەبێت، لە یەك تێگەیشتنێکی عەقڵی دروست دەبێت، لە پێناو ئەوەدا ئیسلام سوورە لەسەر پێشکەشکردنی خێرو چاکە بۆ تاکەکەسو کۆمەڵیش، بەوەش تاکەکانی ژینگەی کۆمەڵایەتیی وا لێدەکات کە خوو رەفتاریان لەیەك بچێ هەتا ئەگەر باری کۆمەڵایەتی‌و ئابووریشیان لەیەك جیاواز بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا کە بە ناڕەوا دەڵێن سوننەت توندیی لە پەیڕەوی کردنیدا هەیە، بەڵام خزمەتێکی گەورەی کۆمەڵگا دەکات بەوەی کۆمەڵگایەکی تۆندوتۆڵ دروست دەکاتو بەربەستی پەرەسەندنی دوژمنایەتی‌و ناکۆکی ناو کۆمەڵگا دەکات، لەو جۆرانەی لە کۆمەڵگای رۆژئاوادا روو ئەداتو ئاژاوەیەکی گەورە لە ژێر پەردەی ئەوەی ناویان ناوە دۆزی کۆمەڵایەتی پەیدا دەبێت، کاتێ کە خەڵکی رەخنە لە هەندێ دامەزراوو نەریت کە کەموکورتی تێدایە دەگرن‌و داوای گۆڕینی بەردەوام دەکەن، بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە موسڵمانانەوە هەیە، مەبەست لەوانەیە کە پابەندن بە یاساکانی (شەریعەت)ی قورئانی پیرۆزو فەرمانەکانی پێغەمبەرەوە ﷺ باری کۆمەڵگەیان جێگیرە لەبەر ئەوەی بۆ ئیشوکارەکانیان دەگەڕێنەوە سەر بنەمایەکی رەها کە شوێنی گومان نییەو ئیتر پێویستیان بە گۆڕانکاری لە رژێمو سیستمی کۆمەڵایەتیدا نییە، قورئانی پیرۆزیش فەرمانی داوە کە موسڵمانەکان پشتی یەك بگرن‌و لە ناو خۆیاندا ناکۆك نەبن‌و پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی: ئەبێ موسڵمانان وەکو بینایەك بینایەك کە چین لەسەر چین دانراوە وابن، (کالبنیان المرصوص)، ئەگەر ئەم مەبدەئە بە تەواوی جێبەجێ بکرێ، کۆمەڵگا پێویستی بە گۆڕانکاریی لاوەکی یەك لەدوای یەك نییە وەکو لە رۆژئاوادا هەیە.

ئەگەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بتوانێ خۆی لە ئاژاوەو مشتومڕی بێسوود لە نێوانیاندا رزگار بکاتو لەسەر بنەمای شەرعی خودا ژیانی رێك بخاتو گوێڕایەڵی فەرموودەکانی پێغەمبەریش ﷺ بن، دەتوانن هەموو هێزو توانایان بۆ چارەسەری گرفتەکان بەکار بهێنن‌و خۆشگوزەرانیی راستەقینە لە رووی ماددی‌و عەقڵییەوە بهێننە دی، کە رێگە خۆش دەکات بۆ چالاکیی تاکەکەس لە لایەنی رۆحییەوە، هەر ئەمەش ئامانجی ئیسلامە بۆ رێکخستنی کۆمەڵ، خاڵێکی تر ئەوەیە کار بەسوننەت بکەین لە هەموو لایەنەکانی ژیانمانداو پەیڕەوی کردارەکانی پێغەمبەر ﷺو فەرموودەکانی بە شێوەیەك بێت کە لە هەڵسوکەوتماندا رەنگ بداتەوەو دیار بێتو کەسایەتی مەزنترین مرۆڤ لە پرۆگرامی ژیانی رۆژانەماندا خۆی بنوێنێ‌و بەردەوام لە ناخماندا بێ تا کۆتایی ژیانمان، دەبێ دڵنیاش بین لەوەی کە سەیری پێغەمبەر ﷺ، وەکو دانایەك نەکەین بەڵکو وەکو پێغەمبەری خودا ﷺ کە هەموو کاتێ کاری بە (وەحی) (خوایی) کردووە، ئەو مرۆڤەی کە قورئان وەسفی دەکات کە نێراوە تا ببێتە مایەی میهرەبانیی خودای مەزن بۆ هەموو جیهان (رحمة للعالمین) کەسێك وابێ بێگومان بەردەولم وەحی بۆ هاتووە، جا ئەگەر ئێمە پەیڕەوی سوننەتەکانی کە رێنیشاندەرە بۆ چارەسەرکردنی ئەو گیروگرفتانەی لە ژیانی رۆژانەدا دێتە رێمان و بۆ خواپەرستییەکی حەقیقی، نەکەین کەواتە مافی تەواو بەو میهرەبانییەی کە (خودا) بە هۆی پێغەمبەرەوە ﷺ لەگەڵماندا دەیکات، نادەین.

خودای مەزن لە قورئانیی پیرۆزدا دەفەرموێ: (الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِيناً) (المائدة: 3). واتە: (ئەمڕۆ ئاینو بەرنامەکەتانم بە کۆتایی گەیاندو نازو نیعمەتی خۆمم بۆ تەواوکردنو رازیم بەوەی کە ئیسلام ببێتە ئاینو بەرنامەتان)[1].

ئیسلام لای ئێمە پیرۆزترە لە هەموو بەرنامەیەکی شارستانیی، چونکە هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوەو وەکو یەک گرنگی بە دنیاو بە رۆژی دوایی دەدات، هەروەها گرنگیی بە دەروونو لاشەو بەتاکو بە کۆمەڵگاش، شتێك کە ئەستەم بێت نایسەپێنێ بەسەرماندا، بەڵکو رێنماییمان دەکات بۆ ئەوەی ئەوپەڕی سوود لە تواناکانمان وەرگرینو بگەینە شکۆمەندی حەقیقی، ئیسلام تەنها رێگایە لەناو هەموو رێگاکاندا کە مرۆڤ بە هۆیەوە بگاتە خۆشگوزەرانی لە دنیاداو رەزامەندی (خودا)ی باڵادەستیش بەدەست بهێنێ، ئەوکەسەش کە بەرنامەکەی (خودا)ی بە ئێمە راگەیاند، رێنمایکارو فریادڕەسە بۆ مرۆڤو پەیڕەوکردنی فەرموودەکانیو کردارەکانی، پەیڕەوکردنی کرۆکی ئایینی ئیسلامە، بە پێچەوانەوە پشتگوێ خستنی سوننەتەکانی، بەلاوە نانی کرۆکی ئیسلامە.

## دوا وتە

لە بەشەکانی پێشوودا، هەوڵمدا روونی بکەمەوە، کە ئیسلام بە مانا رەسەنو تەواوەکەی ناتوانی سوود لە شارستانییەتی رۆژئاوا وەربگرێ، مەگەر تەنها لە لایەنی زانستی نوێوە نەبێ، ئەوەی کە لەگەڵ بنەمای ئیسلامدا ناکۆك نییە، لە لایەکی ترەوە ئیسلام ئەوەندە هێزی نەماوە کە بتوانێ بەرەنگاریی رۆژئاوا بکاو پاشماوەی لایەنی رۆشنبیرییەکەشی بە هۆی کارتێکردنی بیرو بۆچوونو نەریتەکانی رۆژئاواوە لە هەموو شوێنێك بەرەو تێکشکاندن دەچێ، ئەوەتا ئێمە لە ئێستادا نرکەو ناڵەی خۆ بەدەستەوەدانی دەبیستینو دەبێ بە هانایەوە بچین.

ئیسلام بۆ وای بەسەر هاتووە؟ ئایا وەکو دوژمنەکانیو بێورەکانی ناوخۆمان دەیانەوێ وامان لێبکەن کە بڕوا بهێنین، ئیسلام هەموو سوودێکی چاوەڕوان لێکراوی لەدەست داوە؟ ئەوەی چاوەڕوانی لێ دەکرا پێشکەشی جیهانی بکا، کردیو وەستا؟

مێژوو بۆمان باس دەکات، هەموو رۆشنبیرییە مرۆڤایەتییەکانو هەموو شارستانییەتەکان لە لاشەیەکی زیندوو دەچێ وەکو بوونەوەرێکی زیندوو وایە، بە هەموو پلەکانی ژیاندا کە پێویستە بڕوات، تێدەپەڕێ، لە دایك دەبێو گەشە دەکاو گەورە دەبێ، لە کۆتاییدا لەناو دەچێت، رۆشنبیرییەکان هەروەکو رووەك وان، لە کۆتایی ژیانیاندا دەمرنو تێکەڵی خۆڵ دەبنو رێگە واڵا دەکەن بۆ رۆشنبیریی تر کە تازە لەدایك دەبێ، ئایا ئەمە حاڵی ئیسلامیشە؟

ئەوەی گومانی تیا نییە رۆشنبیریی ئیسلامیی پێشکەوتنێکی گەورەو سەردەمێکی شکۆداری بەخۆیەوە دیوە، ئەوەندە بەتوانابوو ئیلهامی مرۆڤی بۆ کاری مەزنو جۆرەها قوربانی دەکرد، بە شێوەیەك کە باری گەلانی گۆڕیو چەندەها دەوڵەتی نوێی دروست کرد، دواتر دامرکایەوەو وەستا ئەوەتا لە ئێستادا بەرەو داڕمانو لێکهەڵوەشاندن دەڕوا، بەڵام ئایا دەبێ ئەمە بەوشێوەیە بڕوا؟ ئەگەر ئێمە بڕوامان وابێ کە ئیسلام هەر تەنها شارستانییەك نییە لە نێوان شارستانییەکانی ترداو بەرهەمێکی سادەی بیرویۆچوونی مرۆڤو چالاکییەکانی نییەوە، بەڵکو شەرعێکە (خودا)ی مەزن دایناوە تا هەموو گەلان لە هەر شوێنێکو زەمانێکدا بن پەیڕەوی بکەن، ئەوکاتە هەڵوێستمان بە تەواوی دەگۆڕێ، ئەگەر بڕوامان وابێ رۆشنبیریی ئیسلامیی لە ئەنجامی پەیڕەوی کردنی شەریعەتێك بێ کە لە ئاسمانەوە هاتبێتە خوارێ، هەرگیز ناکرێ بڵێین ئەویش وەکو هەموو رۆشنبیرییەکانی تر ملکەچەبۆ تێپەڕبوونی زەمان بەسەریداو بەستراوەتەوە بە یاساکانی ژیانی زیندووەوە (عضوي).

---

[1] تەفسیری ئاسان ـ چاپی سێیەم.

هەر دڵ مردووەکانیشە کە گۆشە نیگایان وایە ئیسلام بەرەو لێکهەڵوەشاندن دەچێو گوێی خۆیان کەڕ کردووە لە ئاستی بانگەوازە ئەزەلییەکەدا، ئینجا هیچ نیشانەیەکی ئاشکراش نییە کە مرۆڤایەتی لەگەڵ ئەو گەشەیەی ئێستادا، توانیبێتی لە ئیسلام چاکتر بێت، بەڵکو نەیتوانیوە سیستمێکی رەوشتدار دابهێنێ چاکتر بێت لەوەی ئیسلام هێناویتی، نەشیتوانیوە بیرۆکەی برایەتی لەناو مرۆڤدا دابڕێژێو بەرجەستەی بکات، هەروەکو چۆن ئیسلام توانی بیکا کاتێ بیرۆکەی نەتەوەییەکی شکۆداری بۆ هەموو گەلانی موسڵمان دامەزراند لە ژێر ئاڵای ئیسلامدا، هەروەکو چۆن مرۆڤایەتی سەردەم نەیتوانی قەڵایەکی کۆمەڵایەتی وابنیات بنێ، کە پێکدادانو بەکێشداچوون لە نێوان دانیشتوانەکەیدا کەم بکاتەوە، لە شێوەی ئەو سیستمە کۆمەڵایەتییەی کە ئیسلام توانی دایمەزرێنێ، هەروەها مرۆڤایەتی سەردەم نەیتوانی نرخی مرۆڤ بەرز بکاتەوە یا هەست کردن بە ئاسایشو بەختەوەریو لایەنی رۆحی بۆ مرۆڤ زیاد بکات، لە هەموو ئەو شتانەدا دەبینین رەگەزی مرۆڤ ئەوەی کە پێی گەیشتووە زۆر کەمترە لە ناوەڕۆکی بەرنامەی ئیسلام، ئیتر بە چ پاساوێك دەوترێ رۆژگاری ئیسلام بەسەر چوو؟

ئایا هەر لەبەر ئەوەی بنچینەکەی ئایینەکی پوختەو لەم رۆژنا لایەنی ئایینی گرنگی پێنادرێ؟ بەڵام ئەگەر سیستمێك ببینین لەسەر ئایین دامەزراوبێو توانیبێتی بەرنامەیەکی واقعی بۆ ژیان پێشکەش بکات، تەواوترو شیاوتر بێ بۆ ئارەزووی دەروونی مرۆڤ لە هەر شتێکی تر کە عەقڵی مرۆڤ بتوانی لە رێی چاکسازیو پێشنیارەوە دایبنێ، ئایا ئەمە بەڵگەیەکی بەهێز نییە بۆ شەرەفمەندی ئایین؟ ئەوشتانەی کە لە بەرژەوەندیی مرۆڤایەتی بوون، ئیسلام ئامازەی بۆ کردوون و ئاشکرای کردوون پێش زەمەنێکی دوورو درێژ لەوەی خەڵکی تر زانیبێتیو بۆشمان دەرکەوتووە، کە لە ماوەی گۆڕانکاریو بەرەوپێشەوەچوونی مرۆڤایەتیدا، بەرامبەر ئەو کەموکورتیو هەڵەو هەڵنوتانەدا کە ڕوویدا، ئیسلام دەنگی بەرامبەریان بەرز کردۆتەوە ئاگاداری کردونەتەوە لێیان پێش ئەوەی مرۆڤایەتی ئەو کەموکورتیو هەڵانەیان بۆ دەربکەوێ، ئەگەر ئێمە چاوپۆشیش لە لایەنی ئایینی بکەین هەر لە گۆشەنیگای عەقڵی پوختەوە، دەبینین دڵنیامان دەکاتو هانمان دەدات کە پەیڕەوی رێنماییەکانی ئیسلام بە کردەوە جێبەجێ بکەین، ئەگەر ئێمە رێز لە رۆشنبیریو شارستانییەتەکەمان بگرین، ناچار دەبین کە هەوڵ بدەین ئەو رۆشنبیرییەو شارستانییەتەمان جارێکی تر زیندوو بکەینەوە، ئێمە پێویستمان بە سەپاندنی چاکسازیی بەسەر ئیسلامدا نییە، وەکو هەندێ موسڵمان وا تێگەیشتووە، چونکە هەر لە سەرەتاوە ئیسلام بە تەواویو بێ کەموکورتی هاتووە، ئەوەی کە بێگومان ئێستا پێویستمان پێیەتی، هەڵوێستمانە بەرامبەر بە ئیسلام ئەویش بە چارەسەرکردنی تەمەڵیو لوتبەرزیو کورت بینینمان دەبێت، یا بە واتایەکی تر چارەسەرکردنی خراپەکارییەکانی خۆمان نەك ئەو رەخنەو تانەو تەشەرەی بەناڕەوا لە ئیسلام دەگیرێ.

بۆ ئەوەی جارێکی تر ئیسلام گەشە بکاتەوە، پێویستمان بە گەڕان نییە بەدوای بیروڕای بیانی نوێو بیهێنین بۆ لای خۆمانو لە کردارو هەڵسوکەوتو رەوشتماندا جێبەجێی بکەین، بەڵکو ئێمە تەنها پێویستمان بە گەڕانەوەیە بۆ لای شەریعەتی ئیسلام کە وازمان لێهێناوەو سەرلەنوێ پەیڕەوی بکەینەوە، لەوانەیە ئێمە قایل ببین بە هەندێ لایەنی نوێیو رۆشنبیریی بیانی، بەڵام نابێ هەرگیز هیچ شتێك لە بەرنامەی ئیسلام بگۆڕین بۆ شتی بیانی، جا ئەو شتە لە رۆژئاواوە بێت یان لە رۆژهەڵاتەوە، ئیسلام وەکو دامەزراوەیەکی رۆحیو کۆمەڵایەتی، پێویستی بە هیچ چاکسازییەك نییەو هەر گۆڕانکارییەك لەو جۆرە بە زیانێکی گەورە دەشکێتەوە بەسەرماندا، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دەبێ خۆمان نەخەڵەتێنین، ئێمە دەزانین جیهانی ئیسلام رەسەنایەتیو رۆشنبیری خۆی لە کیس داوە، لێرەدا من قسە لە لایەنی رامیاری وڵاتانی ئیسلام ناکەم، کە بەرەو داخزان دەڕوا، بەڵکو سەروەریان لە دەست داوە، بە هۆی لاوازبوونی بڕوامان بە ئایینەکەمانەوە کە دەتوانێ لەم سەردەمەشدا ژیانی کۆمەڵایەتی رێك بخات، بە شێوەیەك لەگەڵ پێشکەوتنی ئەمڕۆی مرۆڤایەتیدا بگونجێ بە بێ ئەوەی رەسەنی بنەماکانی لە دەست بدەین، ئەوەی کە لەم سەردەمەدا دەیبینین لە ئاژاوەو

بێسەرویەری لایەنی رۆشنبیریی‌و کۆمەڵایەتی لە جیهانی ئیسلامیدا، نیشانەیەکی مەترسیدارە بۆ لەناوچوونی مەزنی ئیسلام‌و نەمانی گیانی رووبەڕووبوونەوەی ئەو بیروبۆچوون‌و هزرە خراپانەی لە رۆژئاواوە رووی تێکردوین.

ئێمە بێئەمەکین بەرامبەر ئایینەکەمان‌و پشتگوێمان خستووە، بەڵام باوو باپیرمان شانازییان پێوە دەکرد، بۆیە بوو بە پاڵنەرێك بۆ موسڵمانان تا بگەنە ئەو پلەمەزنەی کە مێژووی ئیسلام باسی دەکات، من بڕوام وایە تەنها رێگا بۆ رزگاربوون لەم بارە نالەبارەی ئێستامان، هەستکردنە بەو بارەو پێویستە شەوو رۆژ لەبەرچاومان بێ‌و تاڵییەکەی بچێژین تا پاڵنەرێ بێ بۆ لابردنی هۆکارەکانی دواکەوتوویی جیهانی ئیسلام.

ئەگەر بە پەرۆش بین بۆ نوێکردنەوەو زۆربەمان ئارەزووی ئەوەمان هەبێت، کە هەوڵ بدەین باری خۆمان لە ئێستا چاکتر بێت، دەکرێ هیوامان بەوە هەبێت، کە هەموو شتێکمان لە کیس نەچووە، بێگومان رێگا هەیە بۆ نوێکردنەوە ئەویش بە بڕوانەکردن بە شکستی لە لایەنی عەقڵی‌و داهێنانمان‌و سووربوون لەسەر کارکردن بە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ، کە بە هۆیەوە نیازی ئەو تەوژمە هزرانەی لە رۆژئاواوە دێت، تێدەگەین‌و دەتوانین لایەنی چاك‌و خراپی جیاکەینەوەو بژاری لەوەی پێی قایل دەبین یان رەتی دەکەینەوە بکەین‌و لە بری ئەوەی ئیسلام بخەینە ژێر پێوەری عەقڵی بیانی، دەبێ سەیری ئیسلام وابکەین کە ئەو پێوەرەیە دەتوانێ بڕیارو بۆچوونی خۆمانی بەرامبەر جیهان پێبدەین.

بەڕاستی زۆر لە رێنماییە رەسەنەکانی سەرەتای ئیسلام لێکدانەوەو تەفسیری کەموکورت‌و هەندێ بۆچوونی لاوازی تێدایە، بەڵام خەڵکە سادەکە لە کۆنەوە پێی قایل بوون‌و لەو ئاستەدا نەبوون، کە بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوە رەسەنەکەو کەموکورتییەکان راست بکەنەوە، هەندێ کەسیش کە ناویان بە شارەزاو لێزان دەبران، چەند لێکدانەوەیەکیان بۆ رێنماییەکانی سەرەتای ئیسلام لەسەر بنچینەی فەلسەفەی (ئەفلاتون)ی نوێ نووسیوە، ئەگەر ئەوە لە سەدەی دووەم‌و سێهەمی کۆچیدا خەڵکی پێی رازی بووبن، ئێستا بە کەلتوورێکی کۆن دائەنرێ، کە زەمەنێکی دوورو درێژی بەسەردا تێپەڕیوەو موسڵمانی ئەم سەردەمە بە تایبەتی ئەوانەی لەسەر رۆشنبیریی رۆژئاوا پەروەردە کراون، کە زۆربەیان شارەزاییان بە تەواوی لە زمانی عەرەبی‌و ئاڵۆزیی فیقهدا نییە.

ئەو لێکدانانەوەی کۆن رەت دەکەنەوە یا بە هەند وەری ناگرن‌و گرفتیش لەوەدایە، کە ئەو کەسانە وا دەزانن ئەوە شەریعەتی حەقیقی ئیسلامە، بۆیە دەبێ بەسەر ئەو کلتوورە ئیسلامییە کۆنەدا بچینەوەو بژاری بکەین لەو کەموکورتیانەی تیایا هەیە بە گوێرەی قورئانی پیرۆزو فەرموودە راستەکانی پێغەمبەر ﷺ، واتە دانانی فقهێکی نوێ بە گوێرەی ئەو دوو سەرچاوە پیرۆزە، قورئان‌و سوننەت‌و رەچاوکردنی ژیانی ئەم سەردەمە، هەروەکو چۆن فیقهی کۆن وەڵامی فەلسەفەی "ئەرستۆ تالیس"و ئەفلاتون"ی نوێی بە گوێرەی ژیانی ئەو سەردەمەی پێش شۆڕشی پیشەسازیی داوەتەوە، ئەگەر متمانە بە خۆمان بکەین، دەتوانین قەرەبووی ئەو ماوەیە بکەین کە لەکیسمان چووە، بە مەرجێ دامەزراوە تایبەتییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆمان بپارێزین‌و لاسایی هیچ شارستانییەتێکی بیانی نەکەینەوە، نەك بە مانا مێژوویی‌و جوگرافییەکەی، بەڵکو بە مانا رۆحییەکەشی.

ئەگەر سەیری چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کاروباری ئەمڕۆمان بکەین، ئەوا ئیسلام لە پاپۆڕێك دەچێ کە خەریکە لە دەریادا نقوم ببێ، هەرچەندە دەست هەبێ بتوانێ یارمەتی بدا تا نوقوم نەبێ، هەر پێویستی بەو کەسانەی سەر پاپۆڕەکە دەبێ بۆ رزگارکردنی، بەڵام ناتوانین ئەم پاپۆڕە لە نوقوم بوون رزگار بکەین، ئەگەر گوێڕایەڵی قورئانی پیرۆز نەبین‌و لەو ئایەتە پیرۆزە تێنەگەین کە دەفەرموێت: (لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيراً) (الأحزاب: 21).

واتە: سوێند بەخوا، بە ڕاستی لە پێغەمبەری خوادا چاکترین نموونەی تەواوو ڕێکو پێك هەیە تا چاوی لیٚ بکەنو شوێنی بکەون، بە تایبەت بۆ ئەو کەسانەی ڕەزامەندیی خوایان مەبەستە، سەرفرازی قیامەت ئاواتیانە، هەمیشەو بەردەوام یادی خوا بە زۆریی ئەنجام دەدەنو زمانیان پاراوە بە یادی ئەو[1].

## ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| ـ پێشەکیی ........................................ | 3 |
| ـ ڕێبازی ئیسلام .................................. | 8 |
| ـ کرۆکی ڕۆژئاوا ................................. | 18 |
| ـ سێبەری جەنگەکانی خاچداران ................. | 29 |
| ـ پەروەردەکردن .................................. | 40 |
| ـ لاساییکردنەوە .................................. | 49 |
| ـ فەرموودەو سوننەتی پێغەمبەر ﷺ ............ | 54 |
| ـ کرۆکی سوننەت ................................. | 64 |
| ـ دوا وتە .......................................... | 72 |
| ـ ناوەڕۆك .......................................... | 78 |


[1] تەفسیری ئاسان ـ چاپی سێیەم.

## بڵاوکراوەکانی پرۆژەی (تیشك)

| زنجیرە | ناوی کتێب | نووسەر |
|---|---|---|
| 1 | بەئیسلامکردنی کورد، ماستەرنامە یان هەڵەنامە؟ | ن: فازل قەرەداغی |
| 2 | نەزانیی و بێشەرمیی، بەشێك لە چەواشەکارییەکانی مەریوان هەڵەبجەیی لە کتێبی (سێکس و شەرع و ژن)دا | ن: عومەر کەمال دەروێش |
| 3 | ئاشتینامە، وەڵامێك بۆ (خوێننامە)ی زەردەشتی | ن: ئامینە صدیق |
| 4 | فەتواکەی مەلای خەتێ، ئەفسانەی مێژوونووسێك | ن: حەسەن مەحمود حەمەکەریم |
| 5 | صەلاحەددینی ئەییوبی، گەورەتر لە رەخنەگرانی، گفتوگۆ لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر موحسین موحەممەد حسێن | ئا: ئارام عەلی سەعید |
| 6 | بەرەو بەختیاری ئافرەت "بەرگی یەکەم" | جەمال حەبیبوڵلا "بێدار" |
| 7 | ئازادیی رادەربڕین لە رۆژئاوا، لە سەلمان روشدییەوە بۆ رۆجیە گارودی | ن: د. شەریف عەبدولعەزیم و: وەرزێر حەمەسەلیم |
| 8 | بەجیهانیکردن، دیدێکی ئیسلامیی | ن: د. موحسین عەبدولحەمید و: حەمەکەریم عەبدوڵلا |
| 9 | کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا | ن: حەسەن مەحمود حەمەکەریم |
| 10 | بەرەو بەختیاریی ئافرەت "بەرگی دووەم" | ن: جەمال حەبیبوڵلا "بێدار" |
| 11 | مێژووی دێرینی کوردستان "بەرگی دووەم" | ن: فازل قەرەداغی |
| 12 | سەدەیەك تەمەنی نوورین، مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس بە پێنووسی خۆی بناسە | ئا: عەبدولدائیم مەعروف هەورامانی |
| 13 | دەوڵەتی خیلافەت، بوژاندنەوەی کۆمەڵگەو گەشەسەندنی شارستانییەت | ن: ئیکرام کەریم |
| 14 | لە سەرگوزشتەکانی ژیان، ئەدەبی گاڵتەوگەپ، رووداوی مێژوویی، بیرەوەریی | ن: شێخ موحەممەد خاڵ |
| 15 | پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان رامان و سەرنجو پێشنیار | ئا: پرۆژەی تیشك |

| | | |
|---|---|---|
| 16 | بیستو سێ ساڵ سەروەریی | ن: ئەحمەد حاجی ڕەشید<br>دکتۆر صەباح بەرزنجی پێشەکی بۆ نووسیوە |
| 17 | قورئان وەحی ئاسمانە، نەك ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆی | ن: بەکر حەمەصدیق |
| 18 | ئیسلامو سیاسەت، لێکۆڵینەوەیەك لەمەڕ پەیوەندی نێوان ئیسلامو سیاسەت | ن: ئارام قادر |
| 19 | سوپای ئەییوبیان لە سەرودەمی سەلاحەددیندا<br>پێکهاتنی، ڕێکخستنی، چەکەکانی، هێزی دەریاییو شەڕو جەنگە گرنگەکانی | ن: پرۆفیسۆر دکتۆر موحسین موحەممەد حسێن<br>و: عوسمان عەلی قادر |
| 20 | پوختەیەك دەربارەی ڕۆژوو | ن: عەبدوڕڕەحمان نەجمەدین |
| 21 | ڕۆڵی پرشنگداری زانا موسوڵمانەکان لە پێشکەوتنە زانستییەکاندا | ن: د. کاوە فەرەج سەعدون |
| 22 | یەکەمین دەستووری نووسراو لە جیهاندا، بەڵگەنامەیەکی گرنگی سەردەمی پێغەمبەر ﷺ | ن: موحەممەد حەمیدوڵڵا<br>و: شوان هەورامی |
| 23 | ئیسلامناسیی یان ئیسلامنەناسیی، وەڵامێك بۆ کتێبی (ئیسلامناسی) عەلی میرفطروس | ن: ئیکرام کەریم |
| 24 | بەرەو بەختیاریی ئافرەت<br>"بەرگی سێیەم" | ن: جەمال حەبیبوڵڵا<br>"بێدار" |
| 25 | ئیشکردن نەك تەمەڵی | عەبدولعەزیز پارەزانی |
| 26 | دوورگەی بیناسازان، چیرۆکێکی پەروەردەییە بۆ گەورەو بچووکی ئەم نەوە نوێیە | نووسینی: د. عەبدولحەمید ئەحمەد ئەبو سلێمان<br>وەرگێڕانی: ئامینە صدیق عەبدولعەزیز |
| 27 | زمانی گەردەلوول، خەونی شنەبا<br>کۆمەڵە دیدارێکە لەسەر شیعر، فەرهەنگ، زمان، تەسەووف، ڕۆژهەڵاتناسی، ژن، ڕەخنەی ئەدەبی، رووناکبیر و دەسەڵات | فەرهاد شاکەلی |

| | | |
|---|---|---|
| 28 | هەڵەبجە 1889 ـ 1930، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە | ن: عادل صدیق |
| 29 | بەرگری لە قورئان دژی ڕەخنەگرانی | ن: عەبدوڕڕەحمان بەدەوی<br>و: وەرزێر حەمەسەلیم |
| 30 | فەرموودە هاوبەشەکانی بوخاری و موسلیم | ئامادەکردن و وەرگێڕانی: حەمەکەریم عەبدوڵڵا |
| 31 | مەلا ئیدریسی بەدلیسی، ڕۆڵی لە یەکخستنی میرنشینە کوردییەکاندا | ن: حەسەن مەحمود حەمەکەریم |
| 32 | شێخ مەحمودی حەفید (1922 – 1925) | ن: ئومێد حەمەئەمین |